

# ژنۆفۆبیای ئۆجەلان

ڕەخنە لە «تێزەکانی ژنۆلۆژی»
سەبارەت بە مەسەلەی ژن و سێکس و ئازادی

ئاسۆ کمال

شوباتی 2018

# ژنۆفۆبیای ئۆجەلان

ئاسۆ کمال

# ژنۆفۆبیای ئۆجەلان

ڕەخنە لە "تێزەکانی ژنۆلۆژی"
سەبارەت بە مەسەلەی ژن و سێکس و ئازادی

**ئاسۆ کمال**

کانونی دووەمی ٢٠١٨

# ژنۆفۆبیای ئۆجەلان

ڕەخنە لە "تێزەکانی ژنۆلۆژی"
سەبارەت بە مەسەلەی ژن و سێکس و ئازادی

نووسینی:ئاسۆ کمال
بابەت: رەخنە
تایپ: نووسەر
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٤٠٠٠ دینار
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
شوێنی چاپ: سلێمانی – هەرێمی کوردستان
ساڵی چاپ: ٢٠١٨

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١١١٩) ی ساڵی ٢٠١٨ ی پێدراوە

## ناوەرۆک

پێشەکی............................................................................................٧

بەشی یەکەم

بۆچی "ژنۆلۆژی"؟..........................................................................١٥

بەشی دووەم

چ زانستێک لە "ژنۆلۆژی"دا هەیە؟..........................................................٢٣

بەشی سێیەم

تێزی ژنی فریشتە و پیاوی دڕندە و تیۆری توندوتیژی................ ٣٩

بەشی چوارەم

تێزی دوو ئابوری، ئابوری ژنی بەرهەم هێن و پیاوی تاڵانکەر ...............٤٨

بەشی پێنجەم

مێژووی خێزان و مافی دایک و باوکسالاری......................................٦٤

بەشی شەشەم

ژیانی سێکسی و عەشق ........................................................................ ٨٩

بەشی حەوتەم

ئازادی ژن.........................................................................................١٢٧

کۆتایی ........................................................................................... ١٥٦

## پێشەکی

ئـۆجەلان لە کتێبـی "ژنۆلـۆژی"دا ،کە لە سـاڵی ٢٠١٢ بڵاوکـــراوەتەوە لەلایەن "ئەکادیمیـــای ژن"ی پەکەکەوە، بیروبۆچـونی خـۆی سـەبارەت بە "زانـستی ژن" ، مـۆدیلی بەرزی ژن ، سێکس و عەشـق ، تایبەتمەندی ژنـی کوردو کێشەی ژنانی پەکەکە باسکردوە.

ئـێمەش لەڕێـگەی ئەم نوسـینەوە ڕەخـنە لەو تێـزو بیروڕایانەی ئۆجەلان دەگرین و لێکۆڵینەوە و سـەلمێنراوە زانستیەکان سـەبارەت بە مێژووی خێزان و موڵکایەتی و پەیوەنـدی نێـوان ژن و پیـاو لە بـواری ئـابوری و کۆمەڵایەتیـدا دەخەیـنەڕوو تـاکو خـوێنەر بتـوانێ جیاوازیەکانی ژنۆلۆژی لەگەڵ ئەو زانستانەدا ببینێ.

ئامانج لەم "**ژنۆلۆژی**"یە بریتیە لە جیاکردنەوەی ژنـان لە پیـاوان. لەم پێنـاوەدا ژن دەکـرێتە "ژنەخوداوەنـد، فریـشتە وپەری "[1]، بەڵام ژنـان بـۆ گەیـشتن بەم پـلەی خواوەنـدێتی و پـاکیزەییە پێویـستیان بە "**جڵەوکردنـی فشاری سێکسی سەر زهنیەت**" **ی خۆیان و پێڕەوکردنی**

[1] (ئۆجەلان – ژنۆلۆژی) ل١٤٩

"**ژیـــانی راهیـــب و راهیبێتـــی**"**یە** . *[٢]چـــونکە ژن وەک ڕەگەزێکـی ئیلاهـی کە جیـایە لە ڕەگەزی پیـاو ، "**پیـاو کە سەرچاوەی شەڕ و دژی خۆشەویستیە**"*[٣] .

هوکاری دوزینه وه ی ئه م "زانستی " ژنناسیه ش بو ئوجه لا ن ئه وه یه كه "بابه تی ژن ده ستی پیكرد، تا موخی ئیسقان هه ستم به و به لایه كردبوو كه له ریگای ژنه وه به سه ر من و بزوتنه و ه كه ماندا كه له كه ببوو. "[٤]و" زیـــادبونی ژمـــارەی کـــچە لاوەکـــان لە ڕیزەکـــانی بزوتنەوەکەمان دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی ڕیشەیی بۆ **کێشەی ئازادی ژن** دەبوو بە ناچاریەک"*[٥].

هەربۆیە ئۆجەلان بۆ سـەلماندنی ڕاستی و دروسـتی تێزەکـانی ژنۆلـۆژی بەرامـبەر بە سـێکس و ئـازادی ژن ڕوودەکـــاتە ستایـــشکردنی ئـــایین و ڕەهبـــانییەت (دوورکەوتـنەوە لە ژیـانی دوونیـا و مـرۆڤ )و دەڵـێ " **هەڵـوێـستی بەگومـانی زۆربەی ئاینەکـان بەرامـبەر بەو پەیوەندیە (سێکسیە) مانادارە، پەیوەندی بەڕێخۆشکردن بۆ کەوتن، چەپەڵی و دەرکەوتن لە حەقیقەتەوە هەیە.** "[٦]

---

[2] ل١٩٤-(ئۆجەلان – ژنۆلۆژی)

[3] ل١١١ -هەمان سەرچاوە

[4] ل١٦٨-١٦٩ -هەمان سەرچاوە

[5] ل١٦٨-١٦٩ -هەمان سەرچاوە

[6] ل١٩٧- هەمان سەرچاوە

ئەم نوسینەمان دەچێتە سەر شیکردنەوەی کرۆکی ئەم تێگەیشتنەی ئۆجەلان لەسەر پەیوەندی نێوان ژن و پیاو وسێکس و ئازادی ژن،وە خاڵە هاوبەشەکانی ئەم فکر و کەلتورەی ژنۆلۆژی لەگەڵ باکگراوندی ژنۆفۆبیای خێڵەکی و کلتوری ئیسلامی زاڵی نێو کۆمەڵگەی کوردی دەدۆزێتەوە.

ئێمە بۆ ئارگومێنتی تێزەکانی "**ژنۆلۆژی**"، دەچینە سەر ئەو بەڵگە وبنەما فکری و بیروباوەڕانەی ئۆجەلان لەم نووسینەدا خستوویێتییە ڕوو،وە ئەمانە شی دەکەینەوە؛ لەوانە:"**کروموسومی ژن لەهی پیاو زیاترە**"*[7]. :" **ئابوری پیشە و چالاکی کۆمەڵایەتی خودی ژنە**" ،*[8] ،"**ژن بەرهەم هێنەرە**"و"**پیاو داگیرکەرە**"*[9]، "**ژن وەک ناسنامە ژینگە پارێزە**"*[10]. **یەکەمین ڕێکخستنی توندوتیژی "پیاوی بەهێز" ،بوە** *[11]. "**پیاو سەرچاوەی شەڕە و دژی خۆشەویستیە**"*[12]، **پیاو هۆی نەمانی "ئابوری" ڕاستەقینەیە.** *[13] ، "**لە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ژن لە**

---

[7] ل٦٤ (ئۆجەلان - ژنۆلۆژی)

[8] ل١٣٤ هەمان سەرچاوە

9 ل١٢٠ هەمان سەرچاوە

[10] ل ١٣٥ هەمان سەرچاوە

[11] ل ٢٧ هەمان سەرچاوە

[12] ل١١١ هەمان سەرچاوە

[13] ل٢٧ هەمان سەرچاوە

**ئابوری بەدەرنرا" *[١٤]. پیاو هۆکاری تێکچونی "سروشت" و زیادبونی دانیشتوان و سرینەوەی بەهای خێڵ و گوند و دروست بونی سێکسی ٢٤ سەعاتەیە. ژیانی "ژنی ڕاهیب "ی شێوە کریستیانی تا کاتی گەیشتن بە شارستانی دیموکراتی مۆدێلی ئازادی ژنە، "شۆڕشی ژن لە ئیسلام لە میانەی پەیوەندی محمد بە خەدیجەوە" ڕویداوە. *[١٥] ،و ژنی کورد ڕەسەنایەتی مێژووی کوردایەتی و کلتوری گوند – خێڵی پاراستوە*[١٦].**
بەگشتی ئەم تێزانە تێڕوانینی ئۆجەلان سەبارەت بە ژن و سیستەمی ئابوری و دەسەڵاتدارێتی و ئازادیە شەخسیەکان دەخاتەڕوو.

لەم نوسینەدا شیکارێکی ڕەخنەگرانەی ئەم "تێزانەی ژنۆلۆژی" دەکەین تاکو دەزگای فکری ئۆجەلان و "زانستی ژنناسی" یەکەی سەبارەت بە کێشە وئازادی ژن بناسێنین، و بزانین بۆچی مەسەلەی سەرەکی ئۆجەلان بریتییە لە بە فریشتە کردنی ژن و لەبەرامبەریشدا بە درندە ناساندنی پیاوە؟ وێرای ئەوەی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا ژێردەستەیە، بەڵام بۆچی ئازادی ژن لە لێسەندنەوەی مافی سێکس و خۆشەویستی و پێکهێنانی

---

[14] ل ١٨ (ئۆجەلان - ژنۆلۆژی)
[15] ل ٤٥هەمان سەرچاوە
[16] ل١١٢هەمان سەرچاوە

خێزاندابێ. ئایا جیابونەوە لە پیاو و دابڕانی لە کۆمەڵگە و ژیان لە ئەکادیمیا وپەرستگای "ڕاهیبەکانی ژنان" ی پەکەکەدا دەتوانێ لە کۆمەڵگەی کوردستاندا پیادەبکرێ و ئایا چۆن دەتوانرێ ئەمە بە نمونەی کۆمەڵگەی ژنانی ئازاد دابنرێ؟ شێوازی ژیان لە مۆدێلی"دیموکراسی شارستانی" کە پشتی بە گوند و خێڵ بەستوە، چ بەدیلێکی ئابوری و کۆمەڵایەتی دادەمەزرێنێ؟ ئایا زانستی بەڵێندان بەژنان بۆ گەیشتن بە پلەی خواوەندی چۆن دەتوانێ خودی ئەمە "زانستێک" بێت ؟ لەم نوسینەدا ئامانجەکانی پشتی تێزەکانی ژنۆلۆژی و خودی تێزەکان لەسەر ڕەگەز و ئابوری و دین و سەرمایەداری لە چەند بەشدا باس دەکەین.

سەرەتا لە بەشی یەکەمدا لە سەر ئاستی پێویستی ئەم "ژنۆلۆژی"یە و هۆی هێنانەکایەی ئەم "زانستی ژنناسی"یە قسەدەکەین، پاشان لەبەشی دوەمدا باسی ئاستی زانستی بەشێک لەم تێزانە دەکەین. لەبەشی سێ یەمدا دێینە سەر تیۆری توندوتیژی لە پەیوەندی ژن و پیاودا. لە بەشی چوارەمدا تێزی دوو ئابوری، ئابوری ژنی بەرهەم هێن و پیاوی تالانکەر شیدەکەینەوە . لەبەشی پێنجەمدا لەسەر مێژووی خێزان و مافی دایک و باوکسالاری قسەدەکەین. لە بەشی شەشەمدا ئارگومێنتی گرێی سێکس و عەشق لە دید و تەجروبەی ئۆجەلاندا دەکەین . لە بەشی حەوتەمدا لەسەر ئازادی ژنان دەدوێین و لە کۆتاییشدا ئەنجامگیریەکی گشتی لە نوسینەکە و بەشەکانی دەخەینەڕوو.

هۆکاری سەرەکی من لە نووسینی ئەم کتێبە، بریتییە لە خەمخۆری و هاوسۆزیم بۆ ئەو ژنانەی کەلە ڕیزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و پەیەژە دا لەژێر ناوی ئازادی ژندا کراونەتە پاکیزە و ڕاهیبەی ئەم ژنۆلۆژییەی "عەبدوڵا ئۆجەلان"هەروەها مەبەستمانە ڕێگەیەک نیشان بدەین بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخەی ژنۆلۆژی دروستی کردووە، کە وەک ئۆجەلان خۆی دەڵێ " ژنانم خستۆتە ڕەوشێکی سەختەوە" و " بەتەنیام هێشتونەتەوە"،وە لێرەدا ڕوونە کە ئۆجەلان وەک ئایینی مەسیحی ماف و ئازادی سێکسی ژیانی ئەم ژنانە دەکاتە قوربانی گەیشتن بە بەهەشتی "ڕزگاری دیموکراسی شارستانی" پەکەکە .

هەروەها هەوڵی ڕۆشنکردنەوەی سەرابی ئەم"**ژنۆلۆژی**"یە دەدەین بۆ ئەو ژنانەی کە لە ژێر فشاری کلتوری پیاوسالاری دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد لە هەرێمی کوردستاندا بونەتە قوربانی و نمونەی "فریشە وپەری"گەریلا و شەرڤانی پەکەکە بە ڕۆڵ مۆدێلی ڕزگاری خۆیان دەزانن.

سەرەڕای ئەمانەش، ئێستا ئەم "ژنۆلۆژی"یە کراوەتە پرۆگرامی خویندن لە کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستانی سوریادا ،کە خەریکن نەوەیەک بەم فکر و بۆچونە نازانستی و دواکەوتوانەیە باردەهێنن.[١٧]

---

[17] http://www. kurdistansecular. com/ku/?p=1948 ئاسۆکمال-پەکەکە و مەنهەجی خوێندن -

ئەم نوســـــینە دەیەوێ کێـــشەی فکـــر و کلتـــوری ناسـیونالیزمی کـورد لەگەڵ ژن و ئـازادی ژن بخـاتەڕوو. وە نیشانی بدا کە چۆن لەسایەی زاڵبونی ئەم بزوتنەوەیە لەکـــۆمەڵگەی کوردســـتاندا ، ســـەرەڕای خەبـــات و قوربانیدانی ژنان، سەرەڕای ڕۆڵی گرنگیان لە تێکشکاندنی هێـزە بەربەریەکەی داعـشدا، لەوەش گرنگتـر شـکاندنی ئەتمۆسفێر و کلتوری ئیسلامی دژبەژن، چۆن هێشتا ژنان لە قـاڵبی فکـر و کەلتـوری ژنۆفۆبیـا و لەسـایەی نـۆرمی کـــۆمەڵایەتی دواکەوتـــوی پیاوســـالاری و خێڵایەتـــی و سیـستەمی ژێدەســتەیی و بــێ مــافی ســەرمایەداریدا لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا دەمێنـنەوە؟ ئەم وتـارە ژنۆلـۆژی وەک نمــونەیەکی ئەم فکــر و کەلتــورە ناسیونالیـستیەیە دەهێنێتەوە کە ئامـانجی سـڕینەوەی مـافە سـەرەتاییەکانی ژنــان لە ســێکس و ئــازادی شەخــسی و بەشــداربون و چالاکبون لە کۆمەڵگە و بەرهەمهێناندایە.

هاوکـــات ئەم باســـە ئامـــاژە بە بەرهەمـــی زانـــستی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژن و پیـاو دەکا سـەبارەت بە ئــازادی و دەوری ژنــان لە کــۆمەڵگەدا و لە دوونیـــایەکی باشـتردا کە ئەڵتەرنـاتیڤی ئەم "**ژنۆلـۆژی**"یەیە. ئامـانجی ئـێمە لە دووبـارە خـستنەڕووی ئەم زانـستەی کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی ئاشـناکردنی خـوێنەرە بەو دەسـتکەوتانەی تـا ئێـــستا لەم بـــوارەدا بەدەســـت هـــاتوە، و لەڕێگەیـــانەوە دەتـوانین ئەو تیرِوانینە نازانستیانەی ئۆجەلان سـەبارەت

بە ژن و سـێکس و خۆشەوسـیتی و خێـزان بە ئاسـانی نیشان بدەین.

لەمەش گرنگتـر ئەم نوسـینە هەوڵـدەدات خـوێنەر بە بنەماکـانی سـتەم لەسـەر ژنـان و شـێواز و پێکهـاتەی سیـستەمی کـۆمەڵایەتی خێـزان و پەیوەنـدی نێـوان ژن و پیـاو لە سیـستەمی موڵکـایەتی تـایبەت و سـەرمایەداریدا ئاشـنابکات. وە هەروەهـا تیڕوانینـی زانـستی و شۆڕشـگێڕانە سـەبارەت بە مافەکـانی ژنـان لە سـێکس و عەشق و هاوسەرگیری و ئازادیدا بخاتەڕوو.

## بەشی یەکەم

## بۆچی "ژنۆلۆژی"؟

نوســەر هۆکــاری ڕاســتەقینەی داهێنــانی "ژنۆلــۆژی" دەگەڕێنێتەوە بۆ کێشەی ژنـان لەنـاو ڕیزەکانی پەکەکەدا، لەم بـارەوە دەڵـێ"بـابەتی ژن دەسـتی پێکـرد. تـامۆخی ئێـسقان هەسـتم بەو **بەڵایە** کردبـوو کە لە ڕێگـای ژنەوە بەسـەر مـن و بزوتنەوەکەمانـدا کەڵەکە ببـوو. . زیـادبونی ژمــارەی کــچە لاوەکــان لە ڕیزەکــانی بزوتنەوەکەمــان دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی ڕیشەیی بۆ **کێشەی ئازادی ژن** دەبوو بە ناچاریەک"*[١٨].

دیــارە کێــشەی بەشــداری ژنــان و ئــازادی ژنــان "**بەڵایەکە**" کە بەرۆکی بە سـەرجەم بزوتنەوەی چەکداری ناسیونالیستی لە کۆمەڵگەی مۆدێرنی کوردستاندا گرتوە. پــــارتی کریکــــارانی کوردســــتانیش وەک بەشــــێک لەو بــــزوتنەوە ناسیۆنالیــــستییە ،کە لە ژێرکــــاریگەری و لە هەنـاوی چەپـی کـۆمەڵگەی مـۆدێرنی تورکیـاوە هـاتۆتە دەرێ، لەگەڵ مەسەلەی ژندا توشـی نـاکۆکییەکی گەورەتـر

[18] ل١٦٨-١٦٩(ئۆجەلان - ژنۆلۆژی)

بووە لە مەسەلەی ژناندا . ناکۆکی ئەوەی، لەلایەک ژنان بەشداریەکی فراوانیان لەم بزوتنەوەیەدا هەیە، ولەلایەکی تـرەوە ئەم ناسـیۆنالیزمە کـوردییەی پـارتی کریکـارانی کوردسـتان **کێشەی** ڕیـشەیی لەگەڵ **ئـازادی ژنـدا** هەیە. "**تێزەکـــــانی ئـــــۆجەلان**" خـــــستنەڕووی بـــــاوەڕە ناسیونالیـستیەکانی پەکەکەیە سـەبارەت بە مـۆدێلی ژنـی گەریلا و شەڕڤان وچۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەی کێشەی ژن لە کوردســتان و لەنــاو ڕیزەکــانی پەکەکەدا. ئـۆجەلان داهێنانی لەم باوەڕە ناسیونالیستیانەدا کردوە بەوەی ئەم "**بەڵای ژن و کێــشەی ئــازادی ژن**" ی لە ژێــر نــاوی دۆزینەوەی زانستی تازەی" **ژنناسی**" خستۆتەڕوو.

"**ژنۆلۆژی**" لەسەر دایکسالاری و خێزان و سێکس و دیـن و خێـڵ و مێـژووی کـورد وسـەرمایەداری "تێـز و تێۆری" تازە دادەهێنێ تا بیسەلمێنێ کە جیاکردنەوەی ژن و پیاو بۆ "**ئازادی ژنان**" پێویستە! ،و بەم کارەش خۆی و بـزوتنەوە ناسیۆنالیـستیە چەکـدارییەکەی لەکـۆڵ **بەڵای ئازادی ژن** کردۆتەوە!

بەڵام ئاشـکرایە ئەم تێگەیـشتنەی ئـۆجەلان کە ژن و ئازادی ژن وەکو "**بەڵا**" سەیر دەکا تەنیا بە قەدەغەکردنی سـێکس لە ئۆردوگاکـانی پەکەکەدا کێـشەکەی تەواو نـابێ. ئەم تێگەیشتنە بەهەمـان پێوەر سبەینێ سێکس و ئـازادی ژنـیش لە کـۆمەڵگەی کوردسـتاندا بە "تـرس" بـۆ سـەر دەســەڵاتی " دیمــوکراتی شارســتانی" پەکەکە دەزانــێ و بەهەمـان پێـوەر و یاسـای ژنۆلـۆژی مـاف و ئازادیەکـانی

ژن قەدەغەدەکا و هەمان یاسای ڕاهیبێتی و ئیسلام بۆ ئازادی سێکسی ژنان دادەنێ. ئەم تێگەیشتنە لەژن و سێکس و ئازادی ژن وەک "بەڵا" و "ترس" هەمان کلتوری ژنۆفۆبیای ئیسلامیە کە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ماف و ئازادی و یاسا و پەروەردەی بەم ئیدیۆلۆژیە دژی ژن لە قاڵب داوە. " لەشارستانی ئیسلامیدا، ژن بونەوەرێکی چالاکی سێکسیە کە "ترس" لەسەر کۆمەڵگەی شارستانی دادەنێ. "*[١٩]

ئەگەر نا ئۆجەلانیش دەیتوانی ،وەک خۆی دەڵێ ڕێگای گیڤارای بگرتایەتەبەر لەکاتی " زیادبونی ژمارەی کچە لاوەکان لە ڕیزەکانی بزوتنەوەکەیاندا "، وەک " **گیڤارا کاتێک ژنان بەشداری ڕیزەکانیان دەکەن تێرکردنی سێکسی ڕەت نەکردۆتەوە،وەک پێویستیەکی ناچاری پەسەندی کردوە.** "*[٢٠]. بەڵام ئاشکرایە کە ئەم "**تێرکردنی سێکسی**" یە لای ئۆجەلان و بزوتنەوەی ناسیونالسیتی کوردی چەکدار بەقەولی خۆی "**بەڵایەکە**" و " **کێشەی ئازادی ژن**" ی لە ڕیزەکانی پەکەکەدا دروستکردوە. هەربۆیە ڕێگەچارەکەشی لە کوردستان جیاوازە لە بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەکەی گیڤارا لە کوبا.

ڕێگا چارەی ئۆجەلان بریتیە لە جیاکردنەوەی ژن و پیاو و قەدەغەکردنی "**تێرکردنی سێکسی**" لە ڕیزەکانی

---

[19] فاطمة المرنیسی – ماوراء الحجاب

[20] ل١٧٠(ئۆجەلان - ژنۆلۆژی)

بزوتنەوەکەیدا. ئەم بڕیارە سیاسیە کە شێوەی ژیانی هەزاران ژن و پیاو لە پەکەکەدا دیاری دەکا، ئۆجەلان ناچاردەکا بە دۆزینەوەی "**تێز و زانست**" بۆی.

لێرەوە لە فکر و تێروانینی نوسەردا ژنانی کوردستان پێویستیان بە "**ژنۆلۆژی**" یەکە، تاوەکو بیکاتە پاساوێک بۆ جیاکردنەوەی ژن و پیاو لەیەکتری. تیۆری و یاسایەک و "زانستێک"کە بیسەلمێنێ ژنی کورد پێویستە وەک "**ژنەخوداوەند، فریشتە وپەری**"[٢١] لە ڕیزەکانی ئەم بزوتنەوە چەکداریەدا بپارێزرێ لە پیاوی کوردی" **لە خۆشەویستی دور، دڵڕەق و بێڕەوشت، لەهێزی عەشق بێبەش.** " *[٢٢].

ئۆجەلان پێویستی بەوەیە کە بەرگێکی زانستی بکاتە بەری ئەم تێزی **جیاوازیە ئەزەلیە ڕەگەزیەی ژن و پیاو** . لەم پێناوەشدا تێزەکانی جیاوازی ژن و پیاو لە "**کرۆمۆسۆم و ئابوری و خێزان و عەشق**"دا دادەهێنێ.

هەروەک چۆن پێغەمبەرەکان بۆ ڕازیکردنی نەتەوەکانی خۆیان بەڵگەی پەیامەکانی خواکانیان بۆ تایبەتمەندی و بالابونی قەومەکەی خۆیان گەڕاندۆتەوە، ئۆجەلانیش لە ژنۆلۆژیەکەیدا ژنی کوردی هەڵبژاردوە کە خاوەنی ئەم پەیامە مەزنەی "ژنۆلۆژی" بێت، چونکە

---

[21] ل١٤٩ (ئۆجەلان – ژنۆلۆژی)

[22] ل١١١هەمان سەرچاوە

"**تایبەتمەندی ژنی کورد**" **ئەوەیە کە، ئەو بەبەردەوامی ژنە خوداوەندی شاخی زاگرۆسە***[٢٣] "هەربۆیە زیندوترین و چالاکترین هێزی کۆمەڵگەی دیموکراسییانەن" *[٢٤] لەدنیای ئەمرۆدا. بەم هۆیەوە کە ژنی کورد ئەمرۆ "**پێشەنگیایەتی ژنان بۆ سەرتاسەری جیهان**" *[٢٥] دەکا .

تەنانەت ئەو ڕایدەگەیەنێ کە ئەم "ژنۆلۆژی"یە دەبێ سیستەمی فیمینیزمی ڕۆژئاوایی تێبپەڕێنێ و ئەم تێزی **قەدەغەکردنی تێرکردنی سێکسی یە** جێبەجێ بکات تا دەگات بە "**دیموکراتیزەبونی ژنان**"!!!*[٢٦] ، کە جگە لە ئۆجەلان کەس نازانێ ئەم وشەی"**دیموکراتیزەبونی ژنان**"مانای چیە؟

نووسەر "**دیموکراتیزەبوونی ژنان**" دەکا بە ئەڵتەرناتیڤی سیستەمی ڕۆژئاوایی (فیمینیزم) کە ئەمەش بریتییە لەوەی ژنی کورد سەرکەوتوبێت لە "**جڵەوکردنی فشاری سێکسی سەر زهنیەت**" **و پێڕەوکردنی** "**ژیانی راهیب و راهیبێتی**" *[٢٧] و "**بەرگەی ژیانێکی تەنیایی مەزن بگرێت**" *[٢٨]، تا گەیشتن بە بونیاتنانی "**نەتەوەی**

---

[23] (ئۆجەلان – ژنۆلۆژی)- ل١١٧

[24] ل١١٢-هەمان سەرچاوە

[25] ل١١٢-هەمان سەرچاوە

[26] ل٩٨ -هەمان سەرچاوە

[27] ل١٩٤ - هەمان سەرچاوە

[28] ل١٩٨- (ئۆجەلان – ژنۆلۆژی)

**دیمـوکرات**"!!واتە ڕزگـاری نیـشتمانی کوردسـتان دەبـێ ئۆجەلان و بزوتنەوەکەی لە "**بەڵای ژن و کێشەی ئازادی ژن**" بپـارێزرێ و دوربخـرێتەوە. ئەمە کـورتەی ئامـانجی "**ژنۆلۆژی**"**یە**.

**ئـۆجەلان ژن بەرزدەکـاتەوە بـۆ ئاسـمان وبـۆ پـلەی خواوەنـد تـاکو مافەکـانی وەک مـرۆڤ لەسـەر زەوی لـێ بسەنێتەوە، وە خۆی و بزوتنەوە چەکدارەکەی لەدەست بەڵای کێشەی ژن و سێکس و ئازادی ژن ڕزگاری بێت!**

ئەم تێزانە تەنیا لە نێو ئەم کتێبە و تیۆردا نامێنێتەوە و لە ڕاسـتیدا ئەم تیۆریـانە ڕوداوی ژیـانی واقیعـی ئەو ئینـسانانەن کە لەنێـو پەکەکەدا ئەم تێزەیـان بەسـەردا پڕاکتیز کراوە. هەربۆیە ئەم نووسینە دەرگایەک لەسەر پڕاکتیـزی ئـۆجەلان و بـزوتنەوەکەی دەکـاتەوە . لەوانە باسـی کـە یـسی هاوسـە ریتـی ، کـە دە لـی لـە وانـە یـە " **هاوسـەرێتی ئـارەزویەکی هەرزانـیش بێـت.** بەڵام کاتێک **وەک پێداویـستیەکی ژیـانی هـاوچەرخ ئەمە لەنـاو بـنکە بڵاوبکاتەوە مەیلێکی زۆر مەترسیدارە.** "*[٢٩] .

دوای ئەم کەیسانە ئۆجەلان ڕایدەگەیەنێ کە؛"**ئەوانەی ئارەزویـان لە ئەشـقە ئەگەر تـاکو ئێـستا لە بەهـای ئەم هەوڵ و کۆششەم تێنەگەیشتون یان کوێرن، یان فەساد و یاخود ساختەکار و خیانەتکارن**"*[٣٠] .

---

[29] ل١٥٨- (ئۆجەلان – ژنۆلۆژی)

[30] ل١٥٣- هەمان سەرچاوە

لێرەدا ئاشکرایە کە ئۆجەلان ژنۆلۆژی کردۆتە بڕیاری سیاسی هێزێکی چەکدار کە مەجالی وتوێژ و لێکۆڵینەوە و ڕەخنە لێگرتنی نیە . هەرکەسێک "لە بەهای ئەم هەوڵ و کۆششەی "ژنۆلۆژی" تێنەگەیشتون یان کوێرن، یان فەساد و یاخود ساختەکار و خیانەتکارن!. بێگومانیش سزاکانی کوێر ، فەساد ، ساختەکار و خیانەتکار بەهێزی چەک دەسەپێنێ . ئەمانە نمونەی جێبەجێکردنی **ژنۆلۆژی** و پێوەری ڕاستەقینەی ئازادی لەم "**زانستی ژنناسی**"یەدان!

بێگومان کاریگەری ئەم "ژنۆلۆژی"یە لە سنوری ئۆردوگاکانی پەکەکە تێدەپەڕێ و ئێستا لە ڕۆژئاوا ، لە کوردستانی سوریادا کراوەتە پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکان*[٣١] و لە هەرێمی کوردستانیش لەلایەن تەڤگەری ئازادی پەکەکەوە پێشنیارکراوە کە بکرێتە پرۆگرامی خوێندن*[٣٢]و دەیانەوێ منالان و کۆمەڵگە بەم تێزانەی "ژنۆلۆژی" سەبارەت بە ژن و مافەکانی پەروەردە بکەن. هاوکات لەڕێگای میدیاوە لە کوردستان نمونەی ژنی "ڕاهیب"ی پەکەکە کراوەتە ڕۆڵ مۆدێلی ئازادی ئەو ژنانەی لە ژێر باری ستەمی پیاوسالاری دەسەلاتدارانی ناسیونال- عەشیرەتی کورددا چارەکە

[31] http://jamekurdi. com//news/ ژنۆلۆژی-لە-خوێندنگاکانی-عەفرین-دەخوێندرێت. html -

[32] http://www. kurdistansecular. com/ku/?p=1948

سەدەیەکە کراونەتە قوربانی ناموس پەرستی . لەکاتێکدا ژنان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی فشارێکی بەردەوامی لەسەر دەسەڵاتدارانی ناسیونالیزمی کورد داناوە و بەرگری لە ماف و ئازادیەکانی ژنان کردوە دژ بە یاسا وفەرهەنگی خێلایەتی و دواکەوتوانەی ئەم بزوتنەوە چەکدارە ناسیونالیستیە.

ئەم تێزانەی ژنۆلۆژی هەمان ڕەوەندی گەڕانەوەی بەرەو دوای کەلتور و فکر و ئاستی چاوەڕوانیەکانی ژنان وکۆمەڵگەیە بۆ هەمان فکر و کەلتوری ژنۆفۆبیای ئیسلامی کە بزوتنەوە بورژوازیەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کردویانەتە بەرنامەی سیاسیان تا وەلامی ئەو بنبەست و قەیرانە ئابوریەی پێبدەنەوە کە پیویستی بەناردنە ماڵەوەی ژنان و هێرشە سیاسی و یاسایی و فکریەکانە بۆسەر مافەکانی ژنان و ئازادی و یەکسانی لە کۆمەڵگەدا.

ژنۆلۆژی فکر و میتۆد و سیاسەتی بزوتنەوەی چەکداری ناسیونالیستی کوردی بالادەستە سەبارەت بە کێشەی ژن لە کوردستاندا،هەربۆیە گرنگە کە "ژنۆلۆژی" لەسەر بنەمای تێزەکانی خۆی بناسێنیین و ڕەخنەیان لێ بگرین و پەیام و ئاکامەکانی لەسەر فکر و کەلتوری کۆمەڵگە بخەینەڕوو. هاوکات جیاوازی ئەم تێزانە لەگەڵ بیروڕاو و داخوازیەکانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان نیشان بدەین و تیروانینی زانستی و شۆڕشگێڕانەی ئازادی ژن وەک بەدیلی ئەم تێزانەی "ژنۆلۆژی" بخەینە بەردەم خوێنەر.

## بەشی دووەم

## چ زانستێک لە "ژنۆلۆژی"دا هەیە؟

نووسەری کتێبی ژنۆلۆژی دەیەوێ پێشانی بدات کە ئەو باسی ژنی تا ئاستی زانستێک بردوە کە پێشتر کەس بەلایدا نەچوە. ئەو دەڵێت"کارەکتەری پیاوی بالادەستی کۆمەلگا،تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان تەنانەت دەرفەتی ئەوەی نەداوە هەڵسەنگاندنێکی زانستیانە سەبارەت بە دیاردەی ژن بکرێت"*[33]

سەرەتا نازانین مەبەستی نوسەر لە "**دیاردەی ژن**" چیە؟ ئایا کێشەی ستەمە لەسەر ژنان و باسی چۆنیەتی پەیدابونێتی؟ یاخود باسی دەوری ژنە لە کۆمەڵگە و ئابوریدا؟ یان "**بەڵای ژن و کێشەی ئازادی ژن**" ە لە یەکەکەدا، تێکەڵوپێکەڵی زەینی نوسەر لەسەر دەوری ژن لە ڕابردو و ئێستادا لە ئابوری و خێزان و دەوری ئاین و تایبەتمەندی ژنی کورد و خولانەوە لە چەندبارەکردنەوەی "تایبەتمەندی خێرخوازی" ژن و شەڕخوازی پیاو وا لە خوێنەر دەکا، هیچ میتۆد و "هەڵسەنگاندێکی زانستی" لەم نوسینەدا نەدۆزێتەوە ولە ٢٠٠ لاپەرە نوسیندا نازانین ئەم "**زانستە تازەیەی ژنناسی**"چ شتێکی دۆزیوەتەوە؟

---

[33] ل٩٨ - (ئۆجەلان – ژنۆلۆژی)

کێشە لەگەڵ نوسینی لەم بابەتەدا لەسەرەتاوە ئەوەیە کە، نازانین چ میتۆدێکی زانستی لە لێکۆلینەوەی "دیاردەی ژن" بەکارهێنراوە ؟ ئایا نوسەر وەک شوێنەوارناسێک، میتۆدی خوێندنەوەی نوسینە کۆنەکانی سۆمەری و بابلی و ئاشوریەکانی لە تاقیگەیەکدا ساغکردۆتەوە تا "تێزە زانستیە" تازەکەی، کە سەبارەت بە پێویستی جیاکردنەوەی ژن لەپیاو و قەدەغەکردنی سێکس لە ژنانە، بسەلمێنێ؟ یاخود لەسەر بنەمای زانستی لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەگەڵ هۆز و خێڵە بەربەریەکان وەک لویس مۆرگان بنەما زانستیەکانی پەرەسەندنی خێزان و عەشیرەتی دۆزیوەتەوە؟ یان بە میتۆدی زانستی بەراوردکاری مێژووی کۆن و نوێی زاناکانی بواری کۆمەڵناسی و ئابوری ناسی "هەڵسەنگاندنی زانستی" نوێی هێناوەتە ئاراوە ؟

لەم کتێبەدا ئۆجەلان هیچ کام لەم ڕێبازانە یاخود سەرچاوە زانستیانەی مێژووی دروستبونی ئینسان و خێزان و مولکایەتی ئاماژە پێ نەداوە ،کە لە سەدەی نۆزدەوە لەسەر دەستی مۆرگان وباخۆفن وکۆڤالیڤیسکی ومارکس و ئەنگلس تا سەدان لێکۆڵەرەوەی تر لەزانکۆ و دامەزراوە و تاقیگەکاندا خراوەتەڕوو ،تابزانین دۆزینەوەکەی ئۆجالان درێژەی چ کارێکی زانستیە کە ئەو پشتی پێ بەستوە؟

بەڵام بەو قسەیەی پێشەوەی نوسەردا دەردەکەوێ کە ئەو پێویستی بەزانستی مرۆڤایەتی نیە، چونکە هەموی زانستی "کارەکتەری پیاوی بالادەستی کۆمەڵگا"یە و ئەو

یەکەم پیـــاوێکە لەســـەر "دیـــاردەی ژن" هەڵـــسەنگاندنی زانستی کردوە!. هەر بۆیە بەدڵنیـاییەوە دەڵـێ"باوەڕنـاکەم یەکێکـی دیـکە وەکـو مـن هەبـێ پەیوەنـدی سـەربازی، سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی لەتەوەری ژنـدا شـیکردبێتەوە. " * ٣٤. باشـە گریمـان ئەم قسەیە ڕاسـتە بەڵام ئـۆجەلان دەبـێ نیـشانمان بـدا ئەم دۆزیـنەوە زانـستیە پـشتی بەچ لێکۆڵینەوە و بەدواداچون و ڕاستیەک بەستوە کە دەتـوانێ ئەو هەمـوو بەڵـگە زانـستیانەی ئەو تـوێژەرانەی سـەرەوە ڕەت بکـاتەوە کە بەدەیـان ساڵ بە ژیـان لە نێو خێڵەکـانی ئەمریکـــا و ئوســـترالیا و بە لێکـــۆڵینەوە لە نوســـین و پاشـــماوەکانی یۆنـــانی و جەرمەنەکـــان و ســـۆمەری و بابلیەکـان سـەلماندویانە. نـاوی زانـست نـاتوانرێ لەهەر بیـرۆکە و بیروبۆچونێـک بنرێـت ئەگەر لە ڕێـگەی بەڵـگە وتاقیکردنەوە وبەراوردکاری و تـوێژینەوە و سـەلماندنەوە نەخـرابێتەڕوو. تەنیـا بـواری تاقیکردنەوەکـانی نوســەر ئۆردوگاکـــــانی پەکەکە یە ، کە تیایـــــدا کێـــــشەی ژن سەریهەڵداوە و پەنای بردۆتە بەر شیوازی جۆراوجۆر بۆ چارەســەری پەیوەنـدی ژن و پیـاو لەو ڕێکخـراوەدا و لە کۆتاییدا بەم "تێزانەی ژنناسی" گەیشتوە.

هەربـۆیە ژنۆلـۆژی ئـۆجەلان ســەرەڕای بانگەشــەی خـۆی کە بەزانـستی دادەنـێ، لە ڕاسـتیدا لە بۆچـونێکی شەخـسی نەتـرازاوە و هـیچ میتـۆد و هـیچ سـەلماندنێکی زانـستی تێـدانیە و کێـشە و ڕوداوەکانیـشی لە کـۆمەڵگەدا

---

[34] ل١٦٤(ئۆجەلان – ژنۆلۆژی)


نـین بەڵکـو لە سـەربازگەکانی پەکەکەدا یە، کە بێگومـان ناتوانرێ کومەڵگە بخرێتە قاڵبی سـەربازگەیەکی گەورەوە تا ئەم تێزانەی بەسـەردا بسەپێنرێ. لێرەوە دەبێت وەک بۆچـــونی شەخـــسی مـــامەڵەی لەگەڵ بکەیـــن و بە بەراوردکردنـــی لەگەڵ زانـــستێک کە لەم بـــوارەدا هەیە بـزانین چەنـدە یەکـدەگرێتەوە، یـاخود دوور لە زانـستە و درێژەپێدانی بۆچونە نازانستی و خورافیەکانە.

لێــرەدا چەنــد نمــونەیەک لەو داهێنــانە زانــستیانەی ئۆجەلان لەسەر "دیاردەی ژن" دەهێنینەوە، تا بـزانین ئایـا ئەم کتێبە هیچ بەهایەکی زانستی هەیە؟

١- سـەبارەت بە زانـستی ناسـینی مـرۆڤ و بایۆلۆجیـا ئۆجەلان دەڵێ:"**کروموسومی ژن لەهی پیـاو زیـاترە**" *[٣٥]، زانــست دەڵــێ " کروموســـومی ژن و پیـــاو یەکـــسانە و هەرکامەیان ٤٦ کرۆمۆسۆمیان هەیە. ژن و پیاو ٢٣ جوت کرۆمۆسـۆمیان هەیە،کە ٢٢ جوتیـان وەک یەک وایە وپێـی دەوترێ ئاوتۆسـۆم و ٢٣یەمـین جوتیـان جیـاوازە لەیەکتـر کە سـێکس کرۆمۆسـۆمە. ژن دوو ئـێکسX کرۆمۆسـۆمی هەیە و پیـاو کرۆمۆسـۆمێکی ئـێکسX و کرۆمۆسـۆمێکی وای Yهەیە"*[٣٦]. هەروەک لەم نەخشەیەدا دەیبینین:

[35] ل٦٤ (ئۆجەلان – ژنۆلۆژی)

[36] https://ghr. nlm. nih. gov/primer/basics/howmanychromosomes



٢- لە زانـــستی ئابوریـــشدا ئـــۆجەلان ئەم تێـــزانە بەداهێنان ناودەبا :" **ئابوری پیشە و چالاکی کۆمەڵایەتی خـودی ژنە**" *٣٧ "**لە مـۆدێرنیتەی سـەرمایەداری ژن لە ئابوری بەدەرنرا**" *٣٨.

**ئابوری پیشەی ژنە، مانای چیە؟**

ئابوری چالاکیەکی مرۆڤە جا چ ژن بێت یان پیاو نەک تایبەتمەنـدی تەنیـا رەگەزی ژن بێـت. ئەوە سیـستەمی بەرهەمهێنـان و گۆڕینەوە و دابەشـکردنە کە دیاری دەکا ئینسانەکان چ جێگایەکیان لە ئابوریدا هەیە، نەک ڕەگەزی مـرۆڤ دیـاری بکـا کە ئـابوری پیـشە و چـالاکی ژنە یـان پیاوە.

لای ئـۆجەلان "ڕۆڵ بینینـی **ژن لە سـەنتەری ئابوریـدا** خاسـیەتێکە دەرکـی پێـدەکرێت. چـونکە **منـداڵی دەبێـت و بەخێوی دەکات**. "ل ١٨. ئایا سـەنتەری ئـابوری بـریتیە لە

---

[37] ل١٣٤(ئۆجەلان – ژنۆلۆژی)

[38] ل١٨ هەمان سەرچاوە

منداڵ بوون و بەخێوکردنی؟ ئەمە یاساکانی بەرهەمهێنان و گۆڕینەوە و دابەشکردنی ئابوریە؟ ئادەم سمیث و ریکاردۆ و مارکس لە کوێی ئەم زانستە تازەیەدان؟ بەداخەوە ئەوان ئاگاداری ئەوە نەبون کە ئابوری کۆمەڵگە ئەوەندە سادەیە و پیویستی بەو هەوڵە تیۆری و پشکینانەی ئەوان نەبوو، مەسەلەکە تەنیا دروستکردنی منداڵ و بەخێوکردنێتی! بەڵام بەپێچەوانەوە ژن کاتێک وەک مرۆڤ لەکۆمەڵگەدا خۆی دەسەلمێنێ کە لەدەرەوەی ئەم دەورە سروشتیەی خۆی وەک مێینە، دەوری لەبەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا هەبێ.

ڕەتکردنەوەی بۆچونەکانی ژنۆلۆژیش لەسەر جێگای ژن لە سیستەمی سەرمایەداریدا زۆر پیویستی بە سەلماندنی تیۆری نیە، چونکە بە پێچەوانەی تێزەکەی ئۆجەلانەوە کە دەڵێ؛ "**لە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ژن لە ئابوری بەدەرنرا**"، ڕاستیەکەی ئەوەیە کە لە دوای کۆمەڵگای کۆمۆنیستی سەرەتایی کە ژن لە بواری بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا جێگای لێژکراوە و کراوەتە دەرەوە، ئەوە سەرمایەداریە کە جاریکی تر ژن دەهێنێتەوە نێو بواری بەرهەمهێنانەوە. ئەوەتا دەبینین کە ژنان لە لوتکەی بڕیاردان و بەڕیوەبردندان، بۆنمونە "**کریستاین لاگارد Christine Lagarde**" وەک ژنێک سەرۆکی سندوقی نەقدی نێودەوڵەتیە، یاخود مارگریت تاچەری سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لە هەشتاکاندا، کە لە داڕێژەران و پیادەکەرانی نیولیبرالیزم و هەژارترکردنی

کرێکـارن و بێکـارکردنی ژنـانە. ئەمە جـگە لە بەشـداری ملیۆنەهــا ژن لە کــارگە و بوارەکــانی بەرهەمهێنــان و خزمەتگـوزاری و بازرگـانی و دارِشـتن و بەڕێـوەبردنی سیاسەتی ئابوری دەوڵەتدا.

"ژنۆلـۆژی" لەبـواری ئابوریـدا مـایەی جـۆک و پێکەنیـنە کاتێک کە دەڵێ"مارکس پارە بە "شـاژنی کاڵاکـان" دادەنێت. لەڕاسـتیدا. . شـاژنی ڕاسـتەقینەی کاڵاکـان ژنە. "[39] ئەمە ئیتــر تەواوی دەســکەوتەکانی بــواری زانــستی ئــابوری لەبـارەی کـاڵا و بەهـاوە کردویەتـی بە گـاڵتەیەک و ئەوە نـاهێنێ بەباسـکردنی ئاسـتی خوێنـدەواری سـەردەمی پـێ بهێنینە خوارەوە.

٣- لەبواری ئیکۆلۆژیشدا تێزی ژن" **ناسنامەکەی ژینگە پــارێزە**" !! ش دیــسانەوە سەرســوڕهێنەرە. ئــۆجەلان دەڵـێ؛"لەبەرئەوەی ئافراندنەکانی ژن لە پێنـاو پێداویـستیە **ئابورییە سەرەکیەکانە** هەربۆیە نەدووچاری تەنگەژە دێت؛ نەدەوروبەر پــیس دەکــا و نەهەڕەشــە لەکەش و هەوا دەکات"!![40]

بەڕاستی ئەم تێزە زیـاد لە حەد پێکەنینـاویە و ئنیـسان نـازانێ ئەو **ئـابوریە سـەرەکیانە** چـین کە ئێـستا ژنـان بەرهەمـی دەهێـنن ژیـنگە پـیس نـاکەن؟ ئەگەر ئـابوری سەرەکی کۆمەڵگەی ئێستا، کە پیشەسازیە، بەدەست ژنان بێت چۆن ئەم ڕەگەزە ژینگە دەپارێزێ؟

---

[39] ل ٤٨(ئۆجەلان – ژنۆلۆژی)

[40] ل ٥٧هەمان سەرچاوە

بەپێـــی ئەم تێـــزە پاراســـتنی ژیـــنگە پەیوەنـــدی بە سیستەمی سەرمایەداری و چاوچنۆکی و قازانج پەرستی سەرمایەدارانەوە نیە، بەڵکو هۆی پیس بون و وێران بونی ژیـــنگە بەهـــۆی ناســـنامەی دژی ژینگەیـــی ڕەگەزی پیـاوانەوەیە! کەواتە چارەسـەری کەم کـردنەوەی ڕێـژەی CO2 لەهەوادا بـۆئەوەی ژیـنگە پـاک بێتەوە دەبێ بریتـی بێـــت لە دەرکردنـــی پیـــاوان لە ئـــابوری ســـەرەکی و جێگـــرتنەوەی پۆســـتەکانیانە بەژنـــان؟! بەڵام لە دنیـــای ئەمـــــڕۆدا ئەو کەســـــانەی لە پلەوپۆســـــتی دەوڵەت و کۆمپانیاکانـدان بەشـێکیان ژنـن و وەک نـوێنەری کۆمپانیـا پیـــشەسازیەکان و چینـــی ســـەرمایەدار ململانـــێ دەکەن لەســـەر پاراســـتنی هەمـــوو بەرژەوەنـــدیە ئابوریـــانەی لە کەمنەکـردنەوەی ڕێـژەی بەکارهێنـانی ئەو مـادانەی دەبـنە هـۆی پـیس بـونی ژیـنگەدا هەیە و سـورن لەسـەر پابەنـد نەبون بە ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی پاراستنی ژینگە.

ئەگەر ئـابوری سـەرەکی ژنـان پیـشەسازی نەبێـت و کـــشتوکاڵ بێـــت ئەوا بێگومـــان دەبـــێ کـــۆمەڵگە واز لە پیـــــشەسازی بێنێـــت، هەروەک ئـــۆجەلان داوای دەکـــا "کـــۆمەڵگەی خـــۆرهەڵاتی نـــاوین پێویـــستی بە دوەمـــین شۆڕشـــــی گونـــــد- کـــــشتوکاڵ هەیە"*[٤١] . بەڵام ئەمە داوایەکـــــی یۆتۆپیـــــایی و وێرانکردنـــــی پێـــــشکەوتنی

[41] ل ١٣٣ (ئۆجەلان – ژنۆلۆژی)

شارستانیەتی ئەمڕۆیە و ئیمکانی نیە کە کۆمەڵگە واز لە پیشەسازی بێنێت و بگەڕیتەوە بۆ کشتوکاڵ. بەڵام ئەگەر ئەم یۆتۆپیـایە و شۆڕشــە کـشتوکاڵیەش سـەرکەوێ لە ئایـنـدەیەکی نادیـاردا، ئەمە وەڵامـی ژیـنگە لە ئێـستادا ناداتەوە کە چی بکەین بۆ پاراستنی؟

ئەگەر ڕێــگەی گــۆڕینی پۆســتەکانی پیــاوان و جێگرتنەوەیان بەژنان لە ئابوری ئێستا و دانیشتن بە دیار شۆڕشی گوند- کشتوکاڵ، ڕێگاچارەی عەمەلی و فەوری نەبێ بۆ پاراستنی ژینگە ئەوا ڕێگای سێهەم باشترینە.

ڕێگـای سـێهەم بـریتیە لەوەی کە؛ ئەگەر ژنـان تـوخمی ژینگە پارێز بن و پیاویش توخمی پیسکردنی ژینگە، ئەوا چـارنیە جـگە لەوەی ژنـان لە پیـاوان جیـابکەینەوە تـا ژینگەیەکـی پاکمـان دەسـت کەوێ. بەڵام بێگومـان ئەم ژیـنگە پـاکەی ژنـان کـۆمەڵگە نـیە، چـونکە لە کـۆمەڵگەدا پیاوانی ئالودەی پیسکردنی ژینگەی لێیە، بەڵکو ئەو دێر و پەرسـتگا پاکـانەیە کە دوور لە کـۆمەڵگەی پیـاوان ژنـان دەتوانن ببنە ڕاهیب تیایدا و پێویستیان بە **پیاوی خاوەن ناسـنامەی ژیـنگە پیـسکەر** نابێـت و بەمەش ژیـنگە دەپارێزرێت! ئەمەش لۆژیک و تێزێکی زانستی ژنۆلۆژیە بۆ پاراستنی ژینگە! لەم جۆرە بیرکردنەوە پێکەنیناویەی ناسـنامەی ڕەگەزی ژیـنگە پـارێزی تەنیـا نمایـشێکی کۆمیدیانە شایستەی ئەنجامگیریەکەیەتی.

٤- لەبواری زانستی سێکس و عەشق و پەیوەندی ژن و پیـاو و خێزانـدا ،"تێـزە زانـستیەکان" لای ئـۆجەلان بـوارێکی زۆری لێکـدانەوەکانی داگیردەکـا و لەراستیـشدا

کرۆکـی "ژنولـۆژی"یە. لێـرەدا نوسـەر دەڵـێ:" **ڕەگەزی نێرینەی** جۆری مـرۆڤ ڕۆڵـی سـەرەکی بە سـێکس داوە، تەقیــنەوەی **ئــارەزووی سێکــسی و پەرەســەندنە شیوێندراوەکەی بەخۆیەوە دیوە**. ماوەکانی جوتبون کە لە ئاژەڵاندا زۆر سنورداره (زیاتر ساڵانەیە)، لای مرۆڤی نێر کەمێک ماوە ئەم ماوەیە ببێتە (ڕۆژانە) **بیست و چوار کـاتژمێر**. " *[42]، " جوتبـونی سێکـسی بـریتیە لە سـاتێکی **جۆرێک لە مردن**"*[43]. "من خۆم لە ژێر ئەم ستاتۆیەی لە ئارادایە ژیان لەگەڵ ژن، شانبەشانی ئەوەی زۆر بە کێشە دەبێت، لەهەمانکاتدا **زۆر قێزەون، خراپ و هەڵەی دەبینم**"، " پیـاو زۆر لە خۆشەویـستی **دورە، دڵـڕەقە و بێڕەوشـتە،** لەهێزی عەشق بێبەشە. "*[44]، "لە ئەرکە شۆڕشگێڕییەکاندا هـیچ بەدوای بەدەسـتهێنانی سـەرکەوتن ناڕۆیـت، دواتـر **دەڵێـی ئـارەزوم لە پەیوەنـدی بەسـتنە**!ئاشـکرایە کە ئەمە هەڵوێستێکی **بێ شەرمانەیە**. "*[45] ، "**بەبێ خیـانەتکردن** لە ئەرکە شۆڕشـگێڕییەکان، ئاسـتەمە بتـوانی لەگەڵ ژنێکـی سیـستەمدا بژیـت"*[46] ، ژن و پیـاوی گەریـلا و شـەڕڤان "پێویستە ئەمە وەکو ڕاوەستەیەکی ئەخلاقی پەسند بکات کە بەبێ ڕزگـاری و ئـازادی **نـاتوانن تەماشـای یەکتـریش بکەن**. پێویـستە ئـارەزووی سێکـسی بکـاتە دیلـی بلیمەتـی

---

[42]) ل ٤٧ -(ئۆجەلان – ژنۆلۆژی

[43]ل ٩٣- هەمان سەرچاوە

[44]ل١١١- هەمان سەرچاوە

[45]ل ١٥٣- هەمان سەرچاوە

[46]ل١٥٣- هەمان سەرچاوە

سەردەم". *[47] "شوێنگەی پراکتیکی ڕاهیبە ژنەکان. . گوزارەی **ڕزگاربونە لە عەیبداری و چەمکی سێکسی**"*[48]. **ئەمە جەوهەری زانستی ژنۆلۆژییە، بەپیرۆزکردنی قەدەغەکردنی سێکس.**

لێرەدا دەبینین کە زانستی سێکس و عەشق و پەیوەندی ژن و پیاو لە "**ژنۆلۆژی**" دا لە قالبی سەربازگەیەکدا ڕێکخراوە کە ژنەکانی خەسێنراون کە "**ناتوانن تەماشای یەکتریش بکەن**" و ئەگەر ژنێک وتی" **ئارەزوم لە پەیوەندی بەستنە** " ئەوا لەسەر ئەم "**خیانەتکردنە**"ڕوبەڕوی **سزا** دەبێتەوە. ئەم داماڵینەی ژن لە سێکس و خۆشەویستی و پەیوەندی لەگەڵ پیاو لەهیچ سەردەمێکدا وێنەی نەبوە، مەگەر نمونەی ئەو پیاوە کۆیلانەی لە حەرەمی پاشا و ئیمپراتۆر و سوڵتان و خەلیفەکاندا دەخەسێنران (Mutilation) ، یاخود ژنە ڕاهیبەکان لەناو دێری مەسیحیەتداکە سێکسیان لێ حەرام دەکرا. ئەم "**زانستی ژنناسی**"یە داوای داماڵینی ژنانە لە سەرەتاییترین ماف و دابڕانیانە لە کۆمەڵگە، وە بینینی سێکس و عەشقی سێکسیە وەک "**عەیبداری**"و پاکیزەیی ژن "**ڕزگاربونە لە عەیبداری و چەمکی سێکسی**" و "پیرۆزی مەزن"ژیانکردنە لە دێر و پەرستگای دوور لە کۆمەڵگەدا .

لەکاتێکدا سەرەڕای فشاری ئابوری و کلتوری ، هەمیشەسێکس و جوت بونی ژن و پیاو و عەشق

---

[47] ل٦٩ - هەمان سەرچاوە

[48] ل ١٢٤- هەمان سەرچاوە

سەرەتایی ترین شێوازەکانی ژیانی پێکەوە بوون بوە. ئەم پەیوەندیەی نێوان ژن و پیاو و دروستکردنی خێزان چەندین شۆڕش و شێوازی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیوە، لە زەواجی بە کۆمەڵی ژن و مێردەکان لە هۆزەکاندا لە چەرخی دڕندەیی و خێزانی جوتە ژن و مێردی لە بەربەریەتدا تا گەیشتۆتە ئاستی خێزانی تاکە ژن و مێردایەتی لە چەرخی شارستانیدا و وەلە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا پەیوەندی خۆشەویستی سێکسی کە بنەمای پێکەوە بونی ئازادانەی ژن و پیاوە.

ڕێنیسانس و زانستی کۆمەڵایەتی و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و بیروباوەڕی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی و لیبرالیزم، هەموو ئەمانە چەمکی سێکس و خۆشەوسیتی و پێکەوە بونی ژن و پیاوی لە دەست ئەم تێروانینە دینی یەی"**ڕزگاربون لە عەیبداری و چەمکی سێکسی**" ڕزگارکرد ،بەڵام ئۆجەلان کە خۆی و بزوتنەوە ناسیونالیستیەکەی بەڕەخنەگرێکی پێشکەوتوتر لەم بزوتنەوانە دەزانێ دوبارە خۆی ئاڵاکەی ئەم کۆنەپارێزە دینیەی بەرامبەر ئازادی ژنان هەڵگرتوە و مۆدێلی بەرزی بۆ ژنی کورد ئەوەیە ببێتە "ڕاهیب"تاکو "**لەگەڵ چەمکەکانی ژنەخوداوەند، فریشتە وپەری بگونجێ**"*[٤٩].

ئەگینا لە ئێستادا زانستێک نیە کە لەژێر هیچ بیانویەکدا سێکس و عەشقی ئازادی نێوان ژن و پیاو ڕەت بکاتەوە. مەگەر یاسا دینی و کۆنەپارێزەکان نەبێ

---

[49] ل١٤٩-(ئۆجەلان – ژنۆلۆژی)

کە پـــارێزەری بەرژەوەنـــدی ئـــابوری و سیاســـی چینـــی ســـەرمایەدار و دەوڵەتە دیکتاتۆریەکانیـان لە هێـشتنەوەی ئەم یاسایانەدا دەبیننەوە.

ئەوە ڕاستە کە، سێکس و عەشـق و پیکەوەبونی ژن و پیـاو، وەک بەشـێک لە پەیوەنـدیە کۆمەڵایەتیەکـانی نێـو کـۆمەڵگەی سـەرمایەداری لەژێـر کـاریگەری پەیوەنـدی و شـــێوازی بەرهەمهێنـــان و گـــۆڕینەوە و دابەشـــکردندا و دابەشـبونی چینایەتیدایە، بەڵام هەر هەنگاوێک لەگەشـەی ئـابوری و بەرەو پێـشەوە چـونی شارسـتانی کـاریگەری ئەرێنـی بەسـەر پەیوەنـدی ژن و پیـاودا بـوە و بەگـوێرەی لاچونی کاریگەری ئەو سونەت و نەریت و یاسـاو فشارە ئابوریـــانەی لەســـەر ئەم پەیوەنـــدیانەیە و بەم پێـــیە ئەم پەیوەندیانە ئازادانەتر بون.

لە نێو چینی کرێکاردا کە موڵکـایەتی تـایبەتی دەورێکـی سـەرەکی نـیە لە بنەمـای خێزانـدا، چـونکە خۆیـان خـاوەنی هـــیچ موڵکـــایەتیەکی تـــایبەت نـــین، بەم پێـــیە لاچـــونی کاریگەری ئەو سونەت و نەریـت و یاسـایانەی کە سـێکس و خۆشەویستی دەبەستێتەوە بە موڵکایەتیەوە ئاسـانترە و گەشەی وشیاری چینـایەتی و شۆڕشـگێرانەش لە نێو ئەم چیـــــنەدا پەیوەنـــــدی ژن و پیـــــاو ئـــــازادانەتر دەکـــــا و خۆشەوسیتی سێکسی جێگای عەقد و گرێبەستە مادیەکان دەگـــرێتەوە، کە لە نێـــو ســـەرمایەداراندا خێـــزان لەســـەر بنەمـای ئەم بەرژەوەندیە مادیـانە و گواسـتنەوەی میراتـی سەرمایە بەڕێوەدەچێ.

هەربـۆیە هەر بـزوتنەوەیەک بەو ڕادەیەی ئـازادی ژن لە پەیوەنـدی لەگەڵ پیـاودا لە مەرجە مـادی و دینیەکـان ڕزگاردەکا و بنەمای خۆشەویستی سێکسی بەمافێکی بێ مەرجـی پـێکەوە بـونی مرۆڤەکـان و نێـوان ژن و پیـاو دەزانـــێ ئەوە پێـــوەری شۆڕشـــگێڕبونێتی بەرامـــبەر بەو سیستەمەی ژن بەپێی گرێبەستی مادی و دینی کۆیلە و ژێردەستەی پیاو دەکا. پێشێلکردنی مافی خۆشەویستی سێکـــــــسی لەلایەن ئـــــــۆجەلان و بــــــــزوتنەوە ناسیونالیـــستیەکەیەوە نیـــشانی کۆنەپـــارێزی ئەوان و پاراستنی هەمان سیستەمی کۆنترۆڵی سێکس و عەشق و ئـازادی ژنـانە، جـا بـا لەژێـر پەردەی "**لەگەڵ چەمکەکـانی ژنەخوداوەنـد، فریـشتە وپەری بگـونجێ**" شـاردرابێتەوە. هەربۆیە ئۆجەلان وەک **گیڤارا** ئاسان پێی قبوڵ نـاکرێ کە " **کاتێـک ژنـان بەشـداری ڕیزەکانیـان دەکەن تێرکردنـی سێکـسی ڕەت نەکـردۆتەوە،وەک پێویـستیەکی ناچـاری پەســـەندی کـــردوە.** " لای ئـــاپۆ وەک خـــۆی دەڵـــێ ئەم **ئـــازادیەی ژنـــان** دەبێـــتە **بەڵا و هۆکـــاری شکـــستی بزوتنەوەکەی.**

هەربۆیە ئەم هەموو زانستە کۆمەڵایەتیەی کۆمەڵگەی مرۆڤـــایەتی لە ئەنجـــامی گەشـــە و گـــۆڕانی بەردەوامـــی ڕۆشــنبیری و مـــادیەوە بەدەســـتهاتوە، لە "**ژنۆلـۆژی**" ی ئۆجەلاندا کراوە بەزانستی جیاکردنەوەی ژنـان لە پیـاوان و بەســتنەوەی ژنــان لە پەرســتگاکانی پــارتی کرێکــارانی

کوردستاندا وەک نمونەی بەرزی ڕاهیبە کریستیانەکان تا لە "عەیبداری و چەمکی سێکسی"ڕزگاریان بکا!. ئەمە بەڕاستی سەیرترین "زانست"ی سەردەمە !

ڕاستەکە جگە لە ئۆجەلان کەسیتر بوێری ئەوەی نییە ناوی "زانستی ژنناسی" لەم خەساندنەی ژنان بنێ. نوسەر لێرەدا لەو زانایانەی فلیمی هۆلیود دەچێ کە، لە تاقیگەکانیاندا هۆرمۆنی ئینسان یان ئاژەڵەکان دەستکاری دەکەن و دەیانگۆڕن تا سوپەر و نمونەی باڵا دروست بکەن ،بەڵام لە ئەنجامدا قوربانیەکانیان شێت و هار دەبن. بزانن ئۆجەلان لەسەر تاقیکردنەوەی ئەم "ژنۆلۆژی"یە و گۆڕینی یاسای سروشتی سێکس و عەشقی سێکسی ژن و پیاو لە تاقیگە سەربازیەکانی پەکەکەدا چی دەڵێ؛" **هەندێکیان هەروەکو بڵێی شێت و هاربونە. هەندێکیان کاتێک وەک ژن و پیاو دێنە لای یەکتر تێر دەبن. هەندێکیان لە خەودا. . . ، هەندێکیشیان هاوسەرێتی وەک بابەتێکی سیاسی دەسەپێنن. هەندێکیشیان لەبەرئەوەی ڕێگری لە ئارەزوەکانیان دا کرا، ناڕەزاییبونێکی بابەتیان بەرامبەر تەواوی ئەرکە شۆڕشگێڕیەکانیان نیشاندا. بەکورتی چاوەڕوانیەکانی سیستەمی زاڵیان سەپاند.** "*[٥٠].

ئەمە دۆخی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی ئەو گەریلا و شەڕڤانانەیە لە تاقیگەی قەدەغەکردنی سێکس و

[50] ل ١٥٠-(ئۆجەلان – ژنۆلۆژی)

خۆشەویستیدا، کەئۆجەلان خۆی دان بەم کارەدا دەنێ ودەڵێ " ژنانم خستۆتە ڕەوشێکی سەختەوە" و " بەتەنیام هێشتونەتەوە". "**ژنۆلۆژی**" دەیەوێ ئەم دۆخە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیە نائاساییە بە زانستێک ڕاست بکاتەوە کە ژن بکاتە خواوەند ، تا پێویستی بەهیچ سێکس و عەشق و پێکەوەبونێک و هیچ شتێکی مادی و جەستەیی نەبێ. ئەمەش لوتکەی خورافە ومیثۆلۆژیایە و تەواو پێچەوانەی زانستە بەڵام ئۆجەلان بە "**زانستی ژنناسی**" ناوی دەبا.

ئەمانە تەنیا چەند نمونەیەک بون بۆ خستنەڕووی ئەو ڕاستیە سادەیەی کە تێزەکانی ئۆجەلان هیچ پەیوەندیەکیان بەزانستی سەردەمەوە نیە، و بە پێچەوانەی ئەو دەستکەوت و سەلمێنراوە زانستیانەوەن کە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی بەدەستی هێناوە و بونەتە سەرچاوەیەکی بەرزبونەوەی ئاستی وشیاری ژنان بە مافەکانیان و جێگەیان ،وەک مرۆڤ، لە کۆمەڵگەدا. بۆ بەرپەرچدانەوەی تێزەکانی ئۆجەلان پیویستە بچینە سەر ناوەرۆکی بەشەکانی "**ژنۆلۆژی**" و ئارگومێنتی زانستی سەبارەت بە سەرچاوەکانی کێشەی ژن و خێزان و سەرمایەداری و دین بخەینە ڕوو، بەپیی ئەو ڕیزبەندیەی لە پێشەکیەکەدا ئاماژەی پێدراوە.

## بەشی سێیەم

## تێزی ژنی فریشتە و پیاوی دڕندە و تیۆری توندوتیژی

بنەمای تێزەکانی "ژنۆلۆژی" دابەشکردنی ژن و پیاوە بەدوو جـــــۆر لە ڕەگەزی جیـــــاواز لە "ژیــــری" و " کرۆمۆســـۆم" و هەڵـــسوکەوت و ڕۆڵ لە "ئـــابوری" و "خێزان" و "سروشت" و " کۆمەڵ" و "عەشق"دا. ئۆجەلان لە نێو ئەم خەسڵەتانەشدا کلتوری"توندوتیژی و دڕندەیی پیاو" بەهۆکاری دروستبون و ڕیشە داکوتانی سیستەمی باوکسالاری دادەنێ.

ســەرەتا بـابزانین ئەم کەلتـورە جیـاوازانە، کلتـوری دڕنــدەیی پیــاو و فریــشتەیی ژن، چــۆن لەلای مــرۆڤ دروست بوە؟

لەم بارەوە نوسەر دەڵێ ؛ "کلتوری ژن – دایک ، لەم کلتورە سـەرەتا شـێوازی کۆکردنەوەی بەرهەم، دواتـریش بەرهەمهێنانی دانەوێڵە پەیڕەو دەکرێت، ئەمـانەش چـالاکی ئاشـتیانەن و پیویـستیان بەشــەڕ نیـیە. هەرچـی چـالاکی نێچیروانی پیـاوانە پێویستی بە کلتوری شـەڕە و پشت بە دەســەڵاتێکی تونـد دەبەسـتێ. ئەنجـام ڕیـشە داکوتـانی دەســـترۆیی باوکـــسالاریە. "*[51]ئەم ژیـــریەی پیـــاو

[51] ل٢١ - (ئۆجەلان – ژنۆلۆژی)

"پێکهـــــاتەیەکی پـــــێچەوانەی ژیــــری ژنـــــی هەیە کە یەکسانیخوازە و وابەستەی سروشتی زیندوو و بەرهەمـی مرۆڤدۆسـتانەیە"*[52]،"کلتـوری نێچیرەوانـی پێبەپـێ پیـاوی کرد بە هەژمونگەرا"*[53]

کەواتە نوســــەر لەســــەرەتاوە ئینــــسان دەکـــــات بەدوبەشەوە لەسـەر بنەمـای دوو کلتـوری جیـاواز، بەوەی ژنــان بەشــی خێـری ڕەگەزی مــرۆڤن و پیــاوان بەشــی شــــەڕەکەیەتی. بەڵام ئەم بۆچـــونە تەواو پـــێچەوانەی زانـستە. چـونکە بە گـوێرەی لێکـۆڵینەوە زانـستییەکان لەسەر پەیدابوونی مرۆڤ و پەیوەندی کۆمەلایەتی نێوان ژن و پیـــاو، ئەم دوبەشـــە لەســــەرەتاکانی کـــۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا پێکەوە و یەکسان دەژیـان. یەکسانی ژن و پیـــاو دەوری گرنگـــی هەبـــووە "لە گۆڕانکـــاری گرنـــگ لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ،لەوانە پەیوەندی –جوت بوون ، گەورەیـــی ئـــێمە ، مێـــشکی کـــۆمەڵایەتی وزمـــان ،کە مرۆڤەکان دەناسێنێ". *[54]

ئەم یەکسانیە ،وەک هـۆبێرت بانکرۆفت دەڵـێ؛ بەهـۆی ئەوەوە بــوە کە "ئـــابوری مـــاڵ لەســـەر بنەمـــایەکی کۆمۆنیـستی بەڕێـوە دەچـوو. . ئەوەی پـێکەوە دروسـت

---

[52] ل١١٩- (ئۆجەلان – ژنۆلۆژی)

[53] ل١٦- هەمان سەرچاوە

[54] https://www. theguardian. com/science/2015/may/14/early-men-women-equal-scientists

دەکـــــــرا و بەکاردەهـــــــات مـــــــوڵکی هەمـــــــوان بوو:خانوو،بێستان،قایاغی درێژ. "*٥٥

بۆنمـونە؛"لەلای هایـدیەکان مـاڵی ئەوتـۆ هەبـون ، کە نـــزیکەی لە ٧٠٠ کەس پێکهـــاتبون و یەک ســـەربانیان بەسەرەوە بوە. لەلای نوتکاکاندا چەندین هـۆز لە ماڵێکدا دەژیان. "*٥٦

ئەم مێـژووە دەیـسەلمێنێ کە ئەفسانەی ڕەگەزگەرایـی "فریـشتەیی"ژن و "دڕنـدەیی" پیـاو نەک هـیچ بنەمـایەکی زانـــستی نـــیە، بەلکـــو "بە پـــێچەوانەوە "**پیـــاوی "دڕنـدەی"جەنگـاوەر ونێچیـرەوان قایـل بـوو بەوەی ،کە ژنەکەی لە پلەوپـایەی یەکەم دایە و خـۆی لە پلەوپـایەی دووەم دایە**،بەڵام پیـاوی شـوانکارەی "نەرمونیـان"،پـشت ئەسـتور بە سـامانەکەی، خـۆی خـستە پـلەی یەکەمەوە و ژنەکەی وەلانا بۆ پلەی دووەم". *٥٧

کەواتە شـــەڕەنگێزی و ســـتەمکاری پیـــاو خەســـڵەتی ئەزەلی و سەرەتایی پیاو نەبوە و لە ئەنجـامی گۆڕانکـاری ئـابوری و کـۆمەڵایەتی لە کـۆمەڵگەی مرۆڤایەتیـدا هـاتۆتە ئـاراوە. ئەم گـۆڕانەی دەوری پیـاویش بەهـۆی کـاری نێچیرەوانیەوە نەبوە، چونکە پیاو لەو قۆنـاغەی دڕندایەتی

---

[55] The Native Races of the Pacific States of North America . Hubert Howe Bancroft

[56] ل٢٧١ ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت ودەوڵەت

[57] ل٢٧١(ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت ودەوڵەت).

مرۆڤایەتیدا کە کاری ڕاوەشکاری کردوە یەکسان مامەڵەی لەگەڵ ژندا کردوە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی کۆمۆنیستی ژیاوە و پیویستی بە بەکارهێنانی توندوتیژی نەبوە لەگەڵ یەکتردا. پیاو کاتێک کە بووە بە شوانکارێکی نەرم و نیان ئەوکات بووە بە چەوسێنەرێک و کەسێکی نایەکسان لەگەڵ ژندا.

کلتور بەرهەمی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان مرۆڤەکانە، کە خۆی لەسەر بنەما پەیوەندی بەرهەمهێنانی نێوان مرۆڤەکان دێتەئاراوە و ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەیە. لەکاتێکدا پیاو کاری توندوتیژی ڕاوەشکاری لە پێناو بەدەستهێنانی بژێویدا کردوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ئابوریەی چوارچیوەی ژیانی پیکەوەیی لەگەڵ ئینسانەکانی تردا بۆ دروستکردوە لەسەر بنەمای یەکسانی و هەرەوەزی بوە ،نەک کۆیلایەتی، هەربۆیە شێوازی کارەکەی کلتوری توندوتیژی کۆمەڵایەتی بەرهەم نەهێناوە. بەڵام کاتێک پیاو هەرچەند خەسڵەتی کارە جوتیاری و شوانکاریەکەی نەرم ونیان بوە و وەک ڕاوەشکاریش توندوتیژ نەبوە، بەڵام کلتوری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی لەبەرئەوەی لەسەر بنەمای ململانێی موڵکایەتی تایبەت و کۆنترۆڵی زێدە داهاتی کەسانی تر بنیات نراوە، کەلتورێک بوە پێویستی بە شەڕ و کۆیلەکردنی ئینسان هەبوە. ئەم ڕاستیە زانستیە **تێزی "دڕندەیی پیاو بەهۆی پیشەی**

**نێچیرەوانیەوە" ڕەتدەکاتەوە و دەیسەلمێنێ تێزێکە فرِی بەسەر زانستەوە نیە.**

لێکدانەوەی ئۆجەلان بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژی و ڕیشەداکوتانی بە هۆی پیشەی نێچیرەوانی پیاوانەوە ناتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە، بۆچی کاتێک پیشەی پیاوان بوە بە کاری شوانکارەیی و جوتیاری و کرێکاری،کەچی ئەم کلتورە توندوتیژە وەک خۆی ماوەتەوە، لەکاتێکدا ئەم پیشانە هیچیان وەک نێچیرەوانی توندوتیژی تیابەکارنایەت؟

هەربۆیە ئۆجەلان دواتر پەنا دەباتە بەر تێزێکی تر کە دەڵی؛" **پیاوی بەهێز** لەڕووی فیسیۆلۆجییەوە **فێڵ و درۆ و تالانی** کردوە بۆیە توانیویەتی باوکسالاری بسەپێنێ".

هەروەها ئۆجەلان دەڵێ ؛"یەکەمین **ڕێکخستنی توندوتیژی "پیاوی بەهێز"** ،بوە، " کەتەنیا ئاژەڵەکانی نەخستە تەڵەزگەوە. . ئەوەی دەستی بەسەردا گیرا خودی ژن، منالەکانی و خزمەکانی دیکەی خوێنی بوون. کۆی توانای کلتوری مادی و مەعنەوی هەموان بوو. تالانکردنی یەکەمین ئابوری ماڵ بوو. "*[٥٨].

بەم بۆنەیەوە ژن لە ئابوری دەرکرا "ئەم یاریە هیچ ڕایەڵەیەکی سروشتی لەگەڵ ئابوریدا نییە و تەنیا لەڕێگەی **چاوچنۆکی** و داخوازی بەدەستهێنانی ئەوپەڕی

[58] ل٢٧ -(ئۆجەلان ،ژنۆلۆژی)

هێـز و قـازانجەوە خوازیـارە تەواوی هێزەکـانی ئـابوری لەسەروو هەموشیانەوە ژن بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە" *٥٩

کەواتـا لەدوای نەمـانی ڕاوشـکاری پیـاو لە ڕێـگەی ماسـولکە و کلتـوری هەژمـونگەرایی و چـاوچنۆکییەوە توانیویەتی ژن بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، کە خـاوەنی **تەواوی ئەو بەرهەمـانەی** کشتوکاڵی و ئاژەڵـداری بـووە، ئەمەش بەبـێ ئەوەی پیـاوهیچ "ڕایەڵەیەکـی سروشـتی" و دەورێکـی لە ئابوریـدا هەبـێ!. بەڵام لای ئـۆجەلان ژن ڕایەڵەی سروشـــتی لەگەڵ ئابوریـــدا هەیە،" لەبەرئەوەی پێگەیانـدنی دانەوێـڵە و مـاڵیکردنی ئاژەڵەکـان بەگرانـی گرێدراوی هزر و پراکتیکی ژن بـوو، ئەمە ڕێگای لە پێش ئەوەدا کـردەوە ببێـتە خوداوەنـدە دایکـی **تەواوی ئەو بەرهەمانە**. "*٦٠. پرسیاری سەرەکی لیرەدا ئەوەیە بۆچی و چۆن کە ژن خـاوەنی هەمـوو بەرهەمەکان بوە تەسـلیم بە پیـاو بـوە و ژێردەسـتەیی قبـوڵ کـردوە؟ ژنـان ئەگەر خـاوەنی هەمـوو بەرهەمێک بـون بـۆ نەیـانتوانیوە خۆیـان ڕێکخـستنی ئـابوری و کـۆمەڵایەتی بەپێـی دەسـەڵاتە ئابوریەکەیان سازبکەن و لێگەڕاون ببنە ژێردەسستە؟

---

[59] ل ١٨- (ئۆجەلان – ژنۆلۆژی)

[60] ل٩-(ئۆجەلان ،ژنۆلۆژی)

ئـۆجەلان هـیچ شـرۆڤە و شـیکردنەوەیەکی زانـستی بەدەســـتەوە نیـــیە، جـــگە لەوەی دەڵـــێ؛ چـــونکە پیـــاو "چـــاوچنۆک و دڵـــڕەق و فێڵبـــازە و تاڵانکـــارە"، ئەمەش "یەکەمـین **ڕێکخـستنی تونـدوتیژی "پیـاوی بەهێـز"** بـوە. کەواتە کـۆی لێکـدانەوەی ئـۆجەلان پـشت بەم تیـۆری " توندوتیژی" یە دەبەستێ کە سیفاتی جیاکەرەوەی پیاوە لە ژن و لەبەرئەوەی پیاو ماسولکەی بەهێزی هەیە! وە پیـاو لە ئەزەلەوە "چاوچنۆک و دڵڕەق و فێڵبازە و تاڵانکارە"!

ئەم تیـۆرە لە ئەفـسانەی ئـاینی دەچـێ وەک لەوەی شـیکردنەوەی زانـستی بـدات بەدەسـتەوە. لای ئەو پیـاو بەوەی لەناچاری و بۆ پێویستی مانەوە بو بە نێچیرەوان، ئیتــر لەوکــاتەوە کلتــور و ئەخلاقــی تونــدوتیژ بــوە بە پەڵەیەکی نەنگی و لێی نابێتەوە.

بێگومـــان زانـــست دەمـــێکە وەڵامـــی ئەم لیکـــدانەوە خورافیـــانەی داوەتەوە، کە "چـــاوچنۆکی و دڵڕەقـــی و فێڵبازی و تاڵانکاری"! سیفاتی هیچ ڕەگەزێکی ئینسان نیە. بەڵکـو هەر تێروانینێکـی ئەخلاقـی و کلتـوری مرۆڤەکـان "هاوتـایە لەگەڵ ڕادەی گەشـەی ئـابوری" و"ئەو پەیوەنـدیە عەمەلیـانەی کە جێگـای چینایەتیـانی لێـوە پێـک دێـت، واتە پەیوەنــدیە ئابوریەکــانی کە بەرهەمهێنـــان و گـــۆڕینەوە دەبەنە پـێش"*[61]. لەهەر کـام لە قۆناغەکـانی کۆمۆنیـستی

[61] ل١١٠-(انجلس، ضد دوهرینغ)

سـەرەتایی، کـۆیلایەتی، دەرەبەگـایەتی و سـەرمایەداریدا چینـە جیاوازەکـان هەڵگـری ڕەوشـت و کلتـوری جیـان. هەرچەنـد لە هەر دەورانێکـی مێژووییـدا لەبەرئەوەی ئەو چینە جیاوازانە لەنـاو یەک دەورەی مێژوویدان مەسـەلەی هاوبەشیان دەبێ، بەڵام کلتور و ئەخلاقی چینە باڵادەستە ئـابوری و سیاسـیەکانیش نـۆرم و فـۆڕمی ئەخلاقـی و کلتورییان زاڵ دەبن.

هەربۆیە دەبێ لە لێکۆڵینەوە لە دروستبونی ئەخـلاق و کلتوری "چاوچنۆک و دڵڕەق و فێڵباز و تاڵانکار"! بەدوای جیـاوازی کرۆمۆسـۆم و ئەخلاقـی ئەزەلـی ڕەگەزی ژن و پیاوە وە نەبین، بەڵکو هۆکارەکانی ئاڵوگۆڕی دەوری ژن و پیـاوی لە کـۆمەڵگە و لەنـاو خیزانـدا و هۆکـاری هەڵوەشـانەوەی کۆمەڵگـای کۆمۆنیـستی سـەرەتایی و یەکسانی نیوان ئینسانەکان بدۆزینەوە لە ئاکامی گۆڕانی وەزعی مادی و توانایی هێزی بەرهەمهێنانی مرۆڤەکانەوە

بۆیە پێویستە بۆ زانینی ئەم گۆڕانکاریانە لە کلتـور و ئەخـلاقەوە بچینـە نـاو باسـی ئـابوری و بەرهەمهێنـان و موڵکایەتی و خێزان، تـا بزانین گۆڕانکاری جێگەو ڕیگەی ژنـان لە کۆمەڵگەدا لە کوێوە سـەرچاوەی گرتوە؟ دواتر دەزانین بۆچی کلتـور و ئەخلاقی پیاویش بەرامبەر بەژن گـۆڕاوە؟ بێگومـان گرنگـی ئەم زانـست و یاسـایانەی دیـاردەی چەوسـانەوە و پلەدوویـی ژنـی دروسـتکردوە، نەک بەتەنیـا یارمەتیمـان دەدا لەم کێـشە گەورەیەی

کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی تێـبگەین، بەڵکـو ڕێگاشـمان بـۆ دەکـــاتەوە کە بەشـــێوەیەکی زانـــستی، نەک لەڕێـــگەی خـــورافەی کردنـــی ژن بە خواوەنـــد، بەڵکـــو ڕێگـــای ڕاسـتەقینەی ئـازادی ژن و بنەماکـانی گێـڕانەوەی دەوری ژن بـۆ نێـو بەرهەمهێنـانی کۆمەڵایەتی و یەکسانی لەگەڵ پیاودا پەیدابکەین.

## بەشی چوارەم

## تێزی دوو ئابوری، ئابوری ژنی بەرهەم هێن و پیاوی تالآنکەر

**ئــۆجەلان دەڵــێ** "هێــزی دەســتپێکردنی شۆڕشــی کــشتوکاڵی نیۆلیتیــک ژنە"*[٦٢]،و"شۆڕشــی کــشتوکاڵ و ئاژەڵداری لەچواردەوری ژن شێوە دەگرێت"*[٦٣]. هەروەها دەڵێ؛"خاوەنە ڕاستەقینەکەی ئابوری ژنە"*[٦٤]،و "هەرچی چالاکی نێچیروانی پیاوانە پێویستی بە کلتوری شەڕە و پشت بە دەسەڵاتێکی توند دەبەستێ. "*[٦٥]،وە "تایبەتمەندیە جەســتەییەکانی پیــاو زیــاتر ناچــاری ئەوەی دەکــات لە شوێنە دوورەکان بەدوای نێچیردا بگەڕێت. "*[٦٦]

ســــەرەتا نـــازانین ئـــۆجەلان ئەم مێـــژوەی لە چ سەرچاوەیەکەوە هێناوە کە دوو ئابوری هەبوە، یەکێکیان کــشتوکاڵی ژنــان و ئەوی تریــان نێچیرەوانــی پیــاوان،

---

[62] ل٨-(ئۆجەلان ،ژنۆلۆژی)

[63] ل١٣- هەمان سەرچاوە

[64] ل٥٤- هەمان سەرچاوە

[65] ل ٢١- هەمان سەرچاوە

[66] ل١١- هەمان سەرچاوە

وەدەوری ژنـــان بەرهەم هێنـــانی دانەوێـــڵە بــوە و دەوری پیاوان ڕاوەشکاری؟

ئەوەی زانست نیشانمان دەدات، سـەرەتا کۆمەڵگە لە ڕاوەشکاریەوە دەستی پێکردوە و دواتر کاری ئاژەڵداری وکـشتوکاڵی هـاتۆتە ئـاراوە. وە لەکاتێکـدا ئاژەڵـداری و کـــشتوکاڵی بـــوەتە شـــێوازی ســـەرەکی ئـــابوری و بەرهەمهێنـــان ئێتـــر ژنـــان نەک تەنهـــا وەکـــو ڕەگەزی باڵادەسـت نەمـاون بەڵکـو ژێـر دەسـتە و پلەدووبـون. بـا کەمێک ئەم دەورانە ئـابوری و گۆڕانکاریـانەی دەوری ژن و پیــاو بەپێــی زانــستی بەردەســت ڕون بکەیــنەوە تــا بیــسەلمێنین کە **تێـــزی** "**دوو ئـــابوری، کـــشتوکاڵی و ئاژەڵـــداری ژنـــان و نێچیرەوانـــی پیـــاوان**" ی ئـۆجەلان لەسەردەمی دایکسالاریدا هیچ بنەمایەکی زانستی نیە.

لای مۆرگـان، کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی بە سـێ قۆناغـدا تێپەڕیوە کە دڕندایەتی ، بەربەری و شارستانیە.

"دڕنـدایەتی- ئەو قۆنـاغەیە تێدا خاوەنـداریێتی بەرهەمە ئامادەکـانی سروشـت بەسـەریدا زاڵە. ئەو بەرهەمـانەی ئینـسان دروسـتی دەکـا بـریتیە لەو کەرەسـتانەی کە یـــارمەتی دەدا بتـــوانێ بەرهەمە سروشـــتیەکانی دەستکەوێ"و"لە قۆناغی باڵای دڕندایەتیدا؛ ڕاوشکار بو بە لقێکی ئاسایی کارکردن"، "بەربەریزم- دەستپێکی قۆناغی ئاژەڵـداری و جوتیـاری بـوو، قۆنـاغی وەگیرهێنـانی ڕێبازەکـانی زیـادکردنی بەرهەمە سروشـتیەکان بـوو بەهـۆی چـالاکی مـرۆڤەوە"، و "ژیـاریی(شارسـتانی)- ئەو

قۆناغەی کە مرۆڤ تێیدا فێری چارەسەرکردنی بەرهەمە سروشتییەکان بوو، یاخود کتومت قۆناغی هونەری پیشەسازی بوو." *٦٧

کەواتە مرۆڤەکان لەقۆناغی دڕندەییدا، یەک ئابوریان هەبوە کە لەسەری ژیاون ئەویش ڕاوەشکاری و ڕاوەماسی بوە و بەرهەمەکان خۆیان دروستیان نەکردوە بەڵکو خۆیان تەنیا کەرەستەی ڕاوکردنیان دروستکردوە. "دابەشکردنی کار بە شیوەکی پەتی خۆڕسک و سروشتی بوو. . پیاوان لەدارستان و ژنان لەماڵەوە. هەریەکەیان خاوەنی ئەو ئامرازانەبون،کە بەکاریان دەهێنا و دروستیان دەکرد:**پیاو خاوەنی چەک و پێداویستیەکانی ڕاوشکاری و ڕاوەماسی بوو، ژنیش خاوەن کەرەستەکانی نێوماڵ بوو.** "٦٨

بەپێی ئەو یەکەمین کاردابەشکردنە سروشتیەی نێوان ژنان و پیاوان ، ژنان خاوەنی کەرەستەی نێوماڵ بوون. بەڵام بەرهەمی ئەم ڕاوەشکاریە لە نێو هۆز و خێڵەکاندا بە شی خۆراکی خۆیان و مانەوەیانی دەکرد ، بەرهەمێکی زیاد لە پێداویستی خۆیان کەڵەکە نەدەبوو تاکو بۆ گۆڕینەوە بەکاری بهێنن، هەربۆیە هەموو لە سەر بەرهەمی ڕاوەشکاری بەیەکسان دەژیان و یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا هەبوە.

---

[67] ل ٥٦(ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت)

[68] (ئەنگلس لەو کتێبەی بانکرۆفت وەری گرتوە).

"ئـابوری کۆمۆنیستی پێشووی نێومـاڵ کە بەبـێ هـیچ مەرجێـک تـا قـوڵایی پـلە ناوەنجیەکـانی بەربەریـزم زاڵ بوو"*[٦٩]. کەواتە لەکاتێکدا "قۆنـاغی نـاوەنجی بەربەریـزم؛ لەڕۆژهەڵات بە دەسـتەمۆکردنی ئـاژەڵەماڵیەکـان دەسـت پـێ دەکـات"*[٧٠]. "دانیـشتوانی ئاسـیا لە قۆنـاغی نـاوەنجی بەربەریزمــدا ،وەرزێــری بە شــێوەیەکی ســەرەتایی لە نێوانیانـدا سـەریهەڵدا. بەهـۆی کەشـوهەوا ،بـێ دابینکردنـی ئالیــک ، بۆزســتانی ســارد و تــوش ودورودرێژ،ژیــانی شـوانکاری ئەسـتەمە،لەپای ئەمەشـدا بایەخـدان بەلەوەڕ و تـۆو وەشـاندن کـارێکی پێویـست بـوو و دەبـوایە ئەنجـام بدرێت. . لەوێدا دانەوێڵە پێشتر بۆ مەڕوماڵات هاتەبەرهەم و پـاش مـاوەیەکی کـورت بـو بەخـۆراکی خـودی مـرۆڤ. "*[٧١]

لێـــرەوە ڕونـــدەبێتەوە کە ئـــابوری کۆمۆنیـــستی، واتەهەرەوەزی و یەکسان، لەگەڵ دەسـتەمۆکردنی ئـاژەڵە ماڵیەکـان و کشتوکاڵدا بەرەو هەڵوەشـانەوە چـوە. کەواتە ئــابوری ســەرەکی کۆمۆنیــستی ئــابوری ئاژەڵــداری و کشتوکاڵی نەبوە بەڵکو ڕاوەشکاری بوە.

---

[69] ل٧٢- ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت
[70] ل ٥٠- (هەمان سەرچاوە)
[71] ل ٢٧٠ (هەمان سەرچاوە)

ئەگەر ئەم تیـزەی ئـۆجەلان ڕاسـت بێـت دەڵـێ ؛" لەبەرئەوەی پێگەیانـدنی دانەوێـڵە و مـاڵیکردنی ئاژەڵەکـان بەگرانی گرێدراوی هزر و پراکتیکی ژن بـوو، ئەمە ڕێگـای لە پـێش ئەوەدا کـردەوە ببێـتە خوداوەنـدە دایکـی **تەواوی ئەو بەرهەمـانە**. "*[٧٢]. ئەوا دەبێت لە دەورانـی ئاژەڵـداری و کـــشتوکاڵیدا ئـــابوری کۆمۆنیـــستی گۆڕدرابێـــت بە ئابوریەکی فێمێنیستی کە ژنـی کـردبێتە خاوەنـدی **تەواوی ئەو بەرهەمـانە**. واتە ئەگەر بەپێـی ئەم تیـزە بێـت کاتێـک یەکسانی نێـوان مرۆڤەکـان و یەکسانی نێـوان ژن و پیـاو نەمـاوە لە ئـابوری ڕاوەشـکاریدا، ئەوا ژنـان لە ئـابوری ئاژەڵـداری و کـشتوکاڵیدا بـاڵا دەسـت بـوون و پیـاو ژێـر دەسـت بـوە! ئـۆجەلان بـۆ ئەم ئـابوریە فێمێنـستیە هـیچ سەرچاوەیەکی زانستی ئاماژە پێنەداوە.

ئـێمە سـەرچاوەیەک شـک نـابەین کە بڵـێ ژنـان کـاری کـشتوکاڵ و بەرهەمهێنـانی دانەوێڵەیـان کـردوە و پیـاوان تەنیـا نێچیـرەوان بـون. چـونکە ئەگەر کاردابەشـکردنێکی لەم چەشنە هەبوایە ئەوا ژنانی دەکردە خـاوەن دەسـەڵاتی ئـابوری و داهـاتی زیـاتر لە بەرهەمـی کـاری نێچیرەوانـی پیـاوان و بەم پێـیە پیـاوان نەیـان دەتـوانی ژنـان بـکەنە ژێردەسـتە. بەپـێچەوانەوە سـەرچاوەکان پێمـان دەڵـێن سـەرەتا مـرۆڤ دەسـتی بەڕاوەشـکاری کـردوە و پاشـان

---

[72] ل٩-(ئۆجەلان ،ژنۆلۆژی)

مەڕ و مـــالاَتی بەخێـــو کـــردوە و دواتـــر کـــشتوکاڵی دۆزیـوەتەوە. کـاتێکیش مـرۆڤ ئاژەڵـداری و کـشتوکاڵی کردوە ئابوری کۆمۆنیستی ،کە یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا هەبوە، هەڵوەشاوەتەوە و پیـاوان بـونە باڵادەسـت و ژنـان بـونەتە ژێـر دەسـتە. واتە لە قۆنـاغی ئاژەڵـداری و کشتوکاڵیدا پیاوان خاوەنی **تەواوی ئەو بەرهەمانە** بوون. لەدوای ئـابوری کۆمۆنیـستیەوە ئـابوریەکی نایەکـسان و پیاوسالاریمان هەیە نەک ئابوری فێمینیستی و ژنسالاری. لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاژەڵداری و کشتوکاڵی باوکسالاری و موڵکایەتی تایبەتی جێگای دایکسالاری و موڵکایەتی گشتی دەگـرێتەوە و ژنـان نەک نـابن بە خـاوەنی **تەواوی ئەو بەرهەمـانە** بەڵکو پیـاوانن کە دەبـنە خـاوەنی **تەواوی ئەو بەرهەمـــانە** و هاوکـات خـاوەنی ژن و منـاڵ و کـۆیلەی ماڵیش.

هۆکـاری ئەمەش ئەوەیە کە لە قۆنـاغی بەربەریزمـدا **بەهـــۆی ئاژەڵـــداری و کـــشتوکاڵەوە** دەگەیـــن بەوەی مرۆڤەکان تەنیا لەسەر بەرهەمی ئامادەی سروشت نـاژین بەڵکـــو خۆیـــان **بەرهەمە سروشـــتیەکان زیـــاد دەکەن.** پێویـــستە لێـــرەدا لە دەوری گرنـــگ و میحـــوەری ئەم **زیادبونی بەرهەمەی** چالاکی مرۆڤ وردبینەوە،وە بزانین چ ئاڵوگۆڕێـک لە کـۆمەڵگە و پەیوەنـدی کـۆمەڵایەتی و جێگـای ژنانـدا دروسـت دەکـا و بەهـۆی ئەم زیـادبونی بەرهەمەوە موڵکایەتی ژن و پیاو چی بەسەر دێت؟

"هەندێک لەوهۆزانەی زیاتر پێشکەوتوبون-ئاریەکان وسامیەکان،لەوانەیە تۆرانیرەکانیش- لەپێشدا مالْیکردنی مەڕومالاّت وپاشان بەخێوکردن وڕاگرتنیان کردبێتە لقێکی سەرەکی کارەکانیان. ئەوەش بریتیە لە **یەکەمین دابەشبونی گەورەی کاری کۆمەلاّیەتی.** هۆزە شوانکارەکان نەک لە هۆزە بەربەریەکانی تر بەرهەمیان زیاتر بوو، بەڵکو بەرهەمهێنانی هۆیەکانی ژیانیشیان جیاواز بوو. بەم شیوەیە گۆڕینەوەی کالاّوشتومەک بۆ یەکەمین جار ڕەخسا. . "*٧٣

کەواتە **زێدە بەرهەم، دابەشکردنی کار و گۆڕینەوە** دێنێتە ئارا کە پێشتر نەبوە.

"گەشەکردنی ئاستی بەرهەمهێنان لە سەرجەم بوارەکاندا-ئاژەڵداری،وەرزێری،پیشەگەری مالاّن- توانایەکی بەهێزی بەخشیە کاری مرۆڤ بۆ **بەرهەمهێنانی بڕێکی زیاتر** لەو ڕادەیەی کە بۆ بەردەوامی ژیان پێویستی بوون. خواستی هاتنەکایەی **هێزی نوێی کارکردن** سەریهەڵدا. شەڕ ئەو هێزەی بۆ دەستەبەرکردن:دیلەکانی شەڕ کران بە **کۆیلە.** "*٧٤

لێرەوە "یەکەمین دابەشکردنی کاری کۆمەلاّیەتی. . پەرەی بە بەرهەمی کار،واتە سەروەت و سامان،دا. . وە

[73] ل٢٦٧- ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت ودەوڵەت

[74] ل ٢٧٠- ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت ودەوڵەت

یەکەمین دابەشبونی کۆمەڵگای بەسەر دوو چیندا سەری هەڵدا:چینی گەورە پیاوان و چینی کۆیلە،چەوسێنەر و چەوساوە. "*[75]

واتە لە کاتێکدا لە ئاژەڵداری و کشتوکاڵیەوە زێدە بەرهەم و پێویستی بە هێزی نوێی کارکردن سەرهەڵدەدا، ئابوری کۆمۆنیستی دەگۆڕێ بە ئابوری کۆیلایەتی و کۆیلە دەبێ بە هێزی زیادکردنی بەرهەم و پەیوەندی کۆیلایەتی جێگەی یەکسانی نێوان مرۆڤەکان دەگرێتەوە. لە ئەنجامدا پەیوەندی نێوان ژن و پیاویش دەچیتە چوارچێوەی ئەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەی کۆیلایەتی نێو کۆمەڵگەوە و "**خاوەنداریێتی مەڕوماڵات و جەڵەب لەگەڵ سامانە نوێیەکان شۆڕشێکیان بەسەر خێزاندا بەرپاکرد**". *[76]

"بەپێی نەریتی دابەشبونی کار لە نیو خێزانی ئەو رۆژگارەدا، مێرد دەبوایە خۆراک و ئامرازە پێداویستیەکانی ئەو کارە پەیدابکات، کەواتە مافی خاوەنداریێتی ئامرازەکانی ئەو کارەی لە چنگ دابوو، کاتێک گرێی ژن و مێردایەتی هەڵدەوەشایەوە، پیاو ئەو ئامرازانەی لەگەڵ خۆدەبردن، بەڵام ژنەکە دەفر و کەرەستەکانی نێومالی بۆ دەمایەوە. بەپێی دابونەریتی

[75] ل ٢٧٠- ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت

[76] ل ٢٧٠- هەمان سەرچاوە

باوی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە، **مێرد خاوەن** سەرچاوە نوێیەکانی خۆراک بوو، واتە **ئاژەڵەکانیش**، هەروەها لەدواییدا بوو بە **خاوەنی** ئامرازە نوێیەکانی کارکردن، واتە **کۆیلەکانیش** بۆ ئەو بوون. "*[77]

لێرەدا ڕۆشن دەبێتەوە کە بەپێی هەمان دابەشکردنی کار لە نێو خێزان **پیاوان** دەبێتە خاوەنی **تەواوی ئەو بەرهەمانە نەک ژنان.** ئەم گۆڕانە لە موڵکداریێتی هۆزەوە بۆ موڵکداریێتی پیاوانی سەرۆکی خێزان دەبێتەهۆی گۆڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان ژن و پیاو.

بەم پێیەش"هەمان ئەو هۆکارەی پێشتر دەسەڵاتی ژنی لە نێوماڵ دەستەبەرکرد:واتە سنوربەندی لە بەڕێوەبردنی کاروباری نێوماڵ،ئێستاش هەمان هۆکار دەسەڵاتی پیاو لە نێوماڵدا دەسەپێنێت: کارەکانی نێو ماڵان کە ژنان دەیکەن لە چاو کاری بەرهەمهێنەری پیاودا، کەم بایەخ بوون ؛ کاری پیاوان لە هەموو شتێک بایەخدارتر بوو، بەڵام کاری ژنان تەنیا وەکو پاشکۆیەکی پوچەڵ ڕەچاوکرا". *[78]

کەواتە ژنان لە چاخی درندەیی مرۆڤایەتیدا، کە ئابوری بریتی بوە لە ڕاوەشکاری، کاری ناوماڵیان کردوە نەک کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، وە کاتێک شوانکارەیی و کشتوکاڵ هاتۆتە ئارا ژن لەبەرئەوەی هەر کاری ناوماڵی

---

[77] ل٩٨ ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت

[78] ل ٢٧١- ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت

کردوه کراوەتە پاشکۆی پیاو نەک خاوەنی **هەموو داهاتی** کشتوکاڵی و شوانکارەیی بوبێت. ئەمە نیشانی دەدا کە کاری ناوماڵی ژن لەم دوو قۆناغە جیاوازەدا دوو جێگای جیاوازی هەبوە بەهۆی گۆڕانی ئابوری کۆمەڵگەوە.

لە قۆناغی دڕندایەتی تا ناوەڕاستی بەربەریزمدا، لە ژیانی هەرەوەزی هۆزە سەرەتاییەکاندا جێگا و ڕێگای بەرزی ژن و یەکسانی لەگەڵ پیاودا بەرهەمی **گرنگی دەوری کاری ناوماڵ بوە**، کە بونی پەیکەری خواوەندە ژنەکان لەپاڵ خوداوەندە پیاوەکاندا ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێ.

ژن لە کۆمۆنەی سەرەتاییدا کە ئابوری بریتی بوە لە دابینکردنی پیداویستی مانەوە و بەرهەمەکانی لەمە زیاتر نەبوە، کاری نیومالی وەک کارێکی کۆمەڵایەتی و گەورە بۆ حسابکراوە چونکە لەو هۆزە کۆمۆنیانەدا " کە نزیکەی لە ٧٠٠ کەس پێکهاتبون و یەک سەربانیان بەسەرەوە بوە" و کە وەک چێشتخانەی گشتی و جلشۆرگەی گشتی و دایەنگای گشتی ئێستا وابوە. "لەسایەی ئابوری دێرینی کۆمۆنیستی نێوماڵ، کاتێک چەندین ژن و میرد وەچەکانیانی لەخۆگرتبوو، بەڕیوەبردنی ئەم ئابورییە کەلەسەر ئەستۆی ژنان بوو، پیشەیەکی کۆمەڵایەتی گشتی زۆر پیویست بوو بارتەقای وەگیرهێنانی خۆراک و بژێوی بوو لەلایەن پیاوانەوە. "*[٧٩]. "بەلام لەگەڵ پەیدابونی خێزانی پەتریارکی، بارەکە بەجۆرێکی تر گۆڕا،

---

[79] ل ١٢٨- ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت ودەولەت

. چــونکە ئــابوری نێومــاڵ مــۆرکی کــۆمەڵایەتی خــۆی لەدەسـتدا و چیتـر پەیوەنـدی بە کـۆمەڵگەوە نەمـا و بـوبە پیــشەیەکی تــایبەتی؛ ژنــانیش تێیــدا بــون بە کــارەکەری ســــــەرەکی و لە بەشــــــداریکردن لە بەرهەمهێنــــــانی کۆمەڵایەتیدا وەدەرنران. "*[80]

لێــرەوە دەردەکەوێ کە کــاری نێــو مــاڵ لە**کــارێکی کۆمەڵایەتی گەورەوە** (کە بەشێک بووە لە بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیستی) بۆ کارێکی تایبەتی و بچوکی نێو ماڵی خێزانێکی بچوکی شوانکار یا جوتیار دەگۆڕێ، کە لەچــاو کــار و بەرهەم هێنــانی پیــاودا کەم بــایەخ بــوون؛ کــاری پیــاوان لە هەمــوو شــتێک بایەخــدارتر بــوو، بەڵام کاری ژنـان تەنیـا وەکو **پاشـکۆیەکی پوچەڵ ڕەچـاوکرا**". *[81]

ئەمــانە ئەو ئــاڵوگۆڕانە بــون کە لەدەرەوەی مــاڵ و خێزانــدا وبەواتــایەکی تــر لە بەرهەمهێنــانی کۆمەڵایەتیــدا ڕویداوە و بونە هۆوسـەرچاوەی گۆڕانکـاری لە خێـزان و پەیوەنـدی ژن و پیـاو و جێگەوپلەوپـایەی ژن لە کۆمەڵـدا. جێگــای ژن لە ئەنجــامی زێــدە بەرهەمــی ئاژەڵــداری و کشتوکاڵی لە پلەی خواوەندی یەکسانەوە دەبێتە کۆیلەی ژێردەستی پیاوی سەرۆکی خێزان.

---

[80]ل۱۲۹- هەمان سەرچاوە

[81]ل ۲۷۱- هەمان سەرچاوە

کەواتە بە پـێچەوانەی تێزەکـانی **ئـۆجەلان** کە دەڵـێ؛ "هێـزی دەسـتپێکردنی شۆڕشـی کـشتوکاڵی نیۆلیتیـک ژنە"[82]*و"شۆڕشـی کـشتوکاڵ و ئاژەڵـداری لەچـواردەوری ژن شێوە دەگرێت"*[٨٣]،وە"خـاوەنە ڕاستەقینەکەی ئـابوری ژنە"*[٨٤]. ڕاسـتیەکەی ئەوەیە کە لەمێـژوودا شۆڕشـی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری لە دەوری موڵکداریێتی پیاو شکڵی گرتوە و پیاو بوەتە خـاوەنە ڕاستەقینەکەی ئـابوری. ئەم **پێشکەوتنە ئابوریەی ئاژەڵداری و کشتوکاڵی هەرەسی بە دایـک سـالاری و دەسـەڵاتی ژن هێنـا کە شکـستێکی مێژوویی بوو بۆ ڕەگەزی مێیینە**"*[٨٥].

لە ئـابوری کـشتوکاڵی و ئاژەڵداریـدا چ دەورێکـی ئابوری بۆ ژنان دەمێنێتەوە؟

ئۆجەلان دەڵێ؛ "ڕۆڵ بینینی **ژن لە سەنتەری ئابوریدا** خاسیەتێکە دەرکـی پێدەکرێت. چـونکە **منـداڵی دەبێت و بەخێـوی دەکـات**. "*[٨٦]. ئەمەش پـێچەوانەی ڕاسـتیە مێـژوویەکەیە. لەبەرئەوەی کاتێـک **ژن لەسـەنتەری ئابوریدا** دەبنە **ئامرازێکی سادە بۆ دروستکردنی منـاڵان**، ئەمە ڕێک ئەو شکستە مێژوویی جیهانیەیەکە ژنـانی کردە

[82] ل٨-(ئۆجەلان ،ژنۆلۆژی)

[83] ل١٣- هەمان سەرچاوە

[84] ل٥٤- هەمان سەرچاوە

[85] ل ١٠١ - ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت

[86] ل ١٨- (ئۆجەلان ،ژنۆلۆژی)

کۆیلەی دروستکردنی میراتگر بۆ خێزانی پەتریارکی پیاو. لەبەرئەوەی ژن لەم ڕۆڵە دایکانەیدا لە **سەنتەری ئابوریدا نیە بەڵکو لە پەراوێزیدایە.** ئۆجەلان کە ئیدعای ئەوە دەکا کە " **ئابوری پیشە و چالاکی کۆمەڵایەتی خودی ژنە**"*[٨٧] ،بەڵام لای ئەو ئەم ئابوریە کورت دەبێتەوە بە ئابوری دروستکردنی منداڵ و بەخێوکردنی، وە ئەم ڕۆڵە بە سەنتەری ئابوری دادەنێ. ئایا ئەگەر ئەم دەوری دروستکردنی منداڵ لەلایەن ژنەوە بە پەراوێزخستنی ژن دابنێین چی لەو تێزەی " **ئابوری پیشە و چالاکی کۆمەڵایەتی خودی ژنە**" ی ئۆجەلان دەمێنێتەوە؟ بۆچی ئەگەر ئابوری بەپێی دابەشکردنی ڕەگەزی لە ئەزەلەوە بە ژن بەخشراوە ئەم دەورەی ژن لە ئابوری ئاژەڵداری و کشتوکاڵی دەورانی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتیدا لە کوێ دایە؟ ئایا وایە ئەگەر پیاو، بەپێی تێزەکانی ژنۆلۆژی بەهۆی ڕەگەزەکەیەوە "**هیچ ڕایەڵەیەکی سروشتی لەگەڵ ئابوریدا نییە**" ئەی ئابوری و بەرهەمهێنان لە دەورانی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریدا چۆن لەلایەن پیاوەوە بەڕێوەبراوە و کۆنترۆڵ کراوە؟

ئاشکرایە ژنۆلۆژی ناتوانێ تێبگات کە لە ئابوری ئاژەڵداری و کشتوکاڵیدا ژن پەراویز دەخرێت چونکە ئەو پێی وایە کە تەنیا ئەو جۆرە ئابوریانە سروشتین،

---

[87] ل١٣٤- (ئۆجەلان ،ژنۆلۆژی)

هەربۆیە دەبێ ژن تیایدا باڵادەست بێت چونکە ژن **ڕایەڵەیەکی سروشتی لەگەڵ ئابوریدا هەیە و "خاوەنە ڕاستەقینەکەی ئابوری ژنە"*[88]**. بەڵام ئاشکرایە بە پێچەوانەی ئەم تێزە "سروشتیانەوە" ژن لە ئابوری ئاژەڵداری و کشتوکاڵی دەورانی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتیدا **ڕایەڵەیەی سروشتی لەگەڵ ئابوریدا نامێنێ و پیاو دەبێتە خاوەنە ڕاستەقینەکەی ئابوری**. هەر بەو هۆیەشەوە ژن لەم ئابوریە "سروشتیەی" ئاژەڵداری و کشتوکاڵیدا لەمەیدانی کار و بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی دادەبڕێندرێ.

دیسانەوە بە پێچەوانەی تێزی **"لە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ژن لە ئابوری بەدەرنرا"*[89]**،ژنان تەنیا لەم ئابوریە "ناسروشتیەی" سەرمایەداری پیشەسازیدایە کە دێنەوە مەیدانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی سەرەڕای ئەوەی هێشتا سیستەمی پیاوسالاری خێزان باڵادەستە و نایەکسانی لە نێو ژن و پیاودا بەردەوامە.

بەم پێیە **تێزی ژن بەرهەمهێنەرە و پیاو تاڵانکارە، تێزێکی ڕەگەزگەرایی سەراپا نازانستیە**. لەبەرئەوەی بینیمان بەپێی سیستەمی بەرهەمهێنان دەوری ژن و پیاو دیاریکرا. لە سەرەتادا هەردوکیان بەشداربون لە ئابوری

---

[88] ل٥٤ -(ئۆجەلان ،ژنۆلۆژی)

[89] ل١٨ - هەمان سەرچاوە

کـۆمەڵایەتی کۆمۆنیـستی و هەرەوەزیـدا و دواتـر کاتیـک سیـستەمی بەرهەمهێنـان پـشتی بە کـۆیلایەتی بەسـت و جیاوازی چینایەتی دروست بوو، ئەوکات ژن لە سەنتەری ئـابوری و بەرهەمهێنـان دورخـرایەوە و کـاری نێومـاڵ و دروسـتکردنی منـاڵ وەک کـاری کەنیـزەک و کـۆیلەی ئارەزوی پیاو بۆ ژن نرخێندرا.

بەکورتی یاسـای موڵکـایەتی و گۆڕینی لە موڵکـایەتی گشتیەوە بۆ موڵکـایەتی تـایبەتی،کە کۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی لەسـەری ڕۆشـتوە، ڕێـگەی بە پیـاو داوە دەسـەڵاتداریێتی بەرهەم هێنـان و خێـزان بگـرێتە دەسـت، وە ژن لە بەرهەمهێنـان دوربخـرێتەوە و بکـرێتە کـۆیلە لە نێوماڵـدا. ئەم لێکدانەوەیە کە کاری پیاو بۆ **تاڵانکردنی ئـابوری مـاڵ هیچ ڕایەڵەکی سروشتی نەبوە لەگەڵ ئابوریدا** بەتەواوەتی پـێچەوانەی ئەو ڕاسـتیەیە کە پیـاو لە پرۆسـەی بەرهەمهێنانـدا و لەگەڵ گەشـەی بەرهەمهێنانـدا کـۆنترۆڵی ئەو موڵکایەتیەی کردوە کە پێشتر موڵکـایەتیەکی گشتی و هاوبەش بووە. گۆڕینی موڵکایەتیە لە موڵکـایەتی هـۆزەوە بۆ سەرۆکی خێزان بوە نەک لە موڵکایەتی ژنەوە بۆ پیـاو، نەک وەک ئەوەی ئۆجەلان دەڵێ؛" **تەواوی ئەو بەرهەمانە**" هـی ژن بـوە و پیـاو دزیـویەتی. ئەم گواسـتنەوەی موڵکایەتیە لە ئەنجامی زێدە بەرهەم و لە درێژەی چـالاکی و گەشـەی ئابوریـدا بـوە نەک کـاری ڕاوڕوت و بە هـۆی ماسولکە بەهێزەکانی پیاوی نێچیرەوانی دڕندەوە بوبێت.

تەفسیری ڕەگەزگەرایی ئۆجەلان بەوەی ئەم هۆکارانەی باڵادەستی پیاو، بەتایبەتمەندی فسیۆلۆجی و پێکهاتەی ماسولکەکانی پیاو، یاخود بە ئەخلاقی تاڵانکاری و درۆ و تەڵەکەبازی ئەم ڕەگەزە دابنێ، نیشانەی نازانستی بونی "**ژنۆلۆژی**"یەکەیەتی.

ئێستا دوای ئەوەی بەرپەرچی تێزی دوو ئابوری و دوالیزمی بەرهەمهێنەر و تاڵانکەری دوو قوتبەکەی نێو خێزان، ژن و پیاو، درایەوە لەڕێگای خستنەڕووی قۆناغە ئابوریەکانی گەشەی کۆمەڵگەی نێچیرەوانی بەرەو ئاژەڵداری و کشتوکاڵی و بنەما ئابوریەکانی گۆڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان ژن و پیاو، بۆ تێگەیشتنی زانستی لە کاریگەری ئەم گەشەی ئابوری ئاژەڵداری و کشتوکاڵیە بەسەر جێگاو ڕیگای ژن لە کۆمەڵدا و بەسەر پەیوەندی ژن و پیاوەوە، پێویستە بچینە سەر وردەکاری ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر مەسەلەی خێزان و دایکسالاری و خێڵدا دێت. پێویستە بزانین شکڵ و شیوەی خێزان خۆی چی بوە و چ گۆڕانێکی بەسەرداهاتوە؟ دایکسالاری و باوکسالاری چیە و چ پەیوەندیەکی بە ئابوری کۆمۆنیستی و کۆیلایەتیەوە هەیە؟

## بەشی پێنجەم

## مێژووی خێزان و مافی دایک و باوکسالاری

لە پێش دەستپێکردنی ئەم بەشەدا دەمەوێ بڵێم کە من لە جێگای وشەی"دایکسالاری" وشەی "مافی دایکایەتی" بەکاردەهێنم، چونکە دایکسالاری ئەو وێنەیە دەدات بەدەستەوە کە ژن وەکو ئێستای باوک سالاری لە دەورەیەکدا خاوەنی منداڵ و موڵکایەتی و هۆیەکانی بەرهەم هێنان بووە. بەڵام ئەمە وێنەیەکی هەڵەیە. نەماف و نە موڵکایەتی لە دەورانی مافی دایکایەتیدا مانای نەبوە، لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا سیستەمی کۆمۆنیستی و یەکسانی ئینسانەکان زاڵ بوە بەسەریدا و مافی دایکایەتی نوێنەرایەتی سیستەمێکی کۆیلایەتی و ژێردەستەیی پیاوانی نەکردوە.

هەروەها کاتێک باسی خێزان و پەیوەندی نێوان ژن و پیاو دەکەین لە خێزاندا باسی دیاردەی خێزانی تاک ژن و مێردایەتی ناکەین، بەڵکو باسی ئەو پرۆسەیە دەکەین کە خێزان و ژن ومیردایەتی پێداتێپەڕیوەو خێزانی تاکە ژن ومێردایەتی تەنیا یەکێک لەشێوازەکانی خێزان بوە. بەڵام تێگەیشتنی باو لەخێزان تێگەیشتنێکی ناتەواوە بەوەی هەموو مەسەلەکانی وەک مافی دایکایەتی و پەیوەندی ژن

وپیاو دەخاتە قالّبی خێزانی تاک ژن ومێردایەتیەوە و بەمەش لە دەورانی مافی دایکایەتیدا پێی وایە کە ژن لەناو خێزاندا بالآدەست و پیاو ژێردەستە بووە و ژن خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بوە و خاوەنی زێدە بەرهەم بوە. ئەمە هەمان تێڕوانینی هەڵەی ئۆجەلانە کە وەک هەر خەڵکێکی سادە و دور لەزانست هەمان بۆچونی سادە وساکاری ناو کۆمەڵگە بنەمای تێگەیشتنێتی لە دیاردەی خێزان. تێگەیشتنی نادروستی :ژنۆلۆژی"یش لەسەر مێژووی مافی دایکایەتی و گۆڕانی بۆ باوکسالاری هەمان بنەمای نەبونی تێگەیشتنێکی زانستیانەیە لەسەر مێژووی سیستەمی کۆمەڵایەتی خێزان و خێڵ و مێژووی دیالەکتیکی پرۆسەی گۆڕانی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتیەی خێزان.

هەربۆیە لەم بەشەدا پێویستە بەدرێژی باسی مێژووی خێزان و گۆڕانی مافی دایکایەتی و بۆ باوکسالاری بکەین تا ئەفسانەکانی ئۆجەلان ڕاست بکەینەوە و ئەو زانستە بخەینەڕوو کە دەتوانێ نەخشەی ئەم سیستەمە مێژوویەی خێزان و پەیوەندی نێوان ژن و پیاو شیبکاتەوە و تێگەیشتنێکی زانستیمان بداتێ لەسەر ئەوەی یاساکانی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتیەی خێزان چیە و ئایندەکەی بەرەو چی دەچێ؟

سەرەتا لەسەر مێژووی دەستپێکردنی زانستی خێزان ، ئەنگلس ئاماژە بۆ ئەوەدەکا کە؛

"لێکـۆڵینەوە لە مێـژووی خێـزان لە سـاڵی ١٨٦١ ەوە دەست پێ دەکات، کاتێک کتێبی (مـافی دایکـایەتی) لەلایەن "بـاهۆڤن" ەوە بڵاوکـرایەوە. دواتـر مـاک لینـان و پاشـان لەسـاڵی ١٨٧١ مۆرگـان بە کەرەسـتە و بـابەتی نـوێ و هەمەلایەنە و یەکـالاکەرەوە دەرکەوت و "سیـستەمەکانی ڕەچەڵەک و خزمـایەتی"، "ژن و مێردایەتـی سـەرەتایی"، و "کۆمەڵگای دێرین" لە کتێبەکانی مۆرگانن. "*[90]

وە" ئەم دۆزیـنەوە نـوێیەی(مۆرگـان) خـێڵە سـەرەتاییەکان کە لەسـەر بنچـی مـافی دایکـایەتی، وەک قۆناغێک کە دەکەوێتە پێش خێڵی پشت بەستو بە مـافی باوکـایەتی لەلای گەلە شارسـتانیەکان، بـۆ مێـژووی سـەرەتایی بەهەمـان ڕادەی تیـۆری داروین سـەبارەت بە پەیدابون و گەشـە بۆ بـایۆلۆجی گرنگەو بەڕادەی تیـۆری مـارکس بـۆ زێـدەبایی لە ئـابوری سیاسـیدا. ئەم دۆزینەوەی مۆرگـان ڕێگـای دا کە بـۆیەکەم جـار تـابلۆی مێـژووی خێـزان بنەخـشێنێ کە ئەمەش یارمەتیـدا، بەپێـی ئەو بابەتـانەی تـا ئێستا زانـراون، هـێڵە گەورەکـانی پلەی گەشـەکردن بگرێتەخـۆ. . خێڵـی دامەزراو لەسـەر بنەمـای مافی دایکایەتی بـو بە تەوەرێک کە هەمـوو ئەم زانستەی بەدەوردا دەسوڕێتەوە. "*[91]

---

[90] ل٢٤-٣٤- ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت

[91]- ل١١ -<u>فريدريک انجلز - أصل العائلة والملكية الخاصة والدولة</u>

کەواتە بە پێچەوانەی ئیدعای "ژنۆلۆژی"یەوە کە دەڵی ئۆجەلان بۆ یەکەمجار ئەم زانستەی دۆزیوەتەوە، ئەم زانستە لە سەدەونیویێک بەر لە ئۆجەلان دەستی پێکردوە.

وەبە پێچەوانەی هەموو تێزەکانی ئۆجالانەوە لەسەر دەوری توندوتیژی کاری نێچیرەوانی پیاو لەسەر دروستکردنی باوکسالاریدا ،ئەم زانستە سەلماندویەتی کە خێزانی دەورانی ڕاوشکاری پشتی بە مافی دایکایەتی بەستووەو نەک باوکسالاری سیستەمی کۆمەڵایەتی بوبێت لەو دەورانە سەرەتاییەدا. ئەمە دۆزینەوەیەکی مێژووییە کە مافی دایکایەتی پێش مافی باوکایەتی و باوک سالاری بوە و ئەم دۆزینەوەیەش پشتی بەستوە بە دۆزینەوە و شیکردنەوەی شێوەی بەرهەمهێنان و ئاستی دامەزراوەی خێزان. ئەنگلس ئەم یاسایە بەم شێوە دادەڕێژێت؛

"ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ لەسایەیاندا، لەسەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا و لە وڵاتێکی دیاریکراودا، گوزەران دەکات، هەردوو شێوەی بەرهەمهێنان، واتە لەلایەکەوە پێشکەوتنی کار و لەلایەکی ترەوە پلەی پێشکەوتنی خێزان، دەیسەپێنێت. "*٩٢.

ئێمە پێشتر لەبەشی ٤دا باسمان لەسەر شێوەی بەرهەمهێنانی هۆیەکانی ژیان لە نێچیرەوانی و ئاژەڵداری

[92] ل ١٨- ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت

و کـــــشتوکاڵیدا کــــرد. هەروەهاباســــی پەیوەنــــدی و هەڵسوکەوتی ژن و پیاو لەگەڵ یەکتر و لە نیوکۆمەڵدا لەم قۆنـاغە ئابوریـانەدا کـرد. ئێـستا دەچیـنە سـەر پلەکـانی بەرەو پێــشەوەچونی خێــزان و بەرهەمهێنــانی خــودی مـرۆڤ، واتە بەردەوامبـونی جـۆری مـرۆڤ تـاکو لێـرەوە سیـستەمی کـۆمەڵایەتی مـافی دایکـایەتی و باوکـسالاری بناسین و بزانین لەسەر چ بنەمایەک دروست بوە و چۆن گۆڕاوە؟

دەبێت ئەوە بزانین خێزان لەسـەرەتادا ئەم شـێوازەی ئێستای، تاکە ژن ومێردی، نەبوە و شێوەی خێزان بەپێی قۆناغەکـــانی گەشـــەی کـــۆمەڵگە گـــۆڕاوە. ئەنگلـــس ئەنجـامگیری لێکۆڵینەوەکـانی مۆرگـان لەسـەر خێـزان بەم شێوەیە پوخت دەکاتەوە؛" ئێمە سێ شـێوەی سـەرەکی ژن و مێردایەتیمــان هەیە، ئەوانــیش بە گـشتی پـڕ بەپێـستی هەر سێ قۆنـاغە سـەرەکیەکەی پەرەسـەندنی مرۆڤـایەتین، کە لێکۆڵینەوەیــان لێکــراوە. ژن و مێردایەتــی بە کـۆمەڵ پڕبەپێستیقۆناغی دڕندایەتیە، بە جوتە ژن و مێردایەتـی پڕ بەپێــستی بەربەریــزمە، تــاکە ژن و میردایەتــی، کەداوێــن پیـسی و لەشفرۆشـی لەدوتوێیـدایە، پـڕ بەپێستی قۆنـاغی ژیاریە. لە نیوان بە جوتە ژن و میردایەتی و تاکە ژن و مێردایەتیـدا، لە قۆنــاغی بــاڵای بەربەریزمــدا، دەســەڵاتی پیاوان باڵ بەسەر کەنیزەک و فرەژندا دەکێشێت. "*[93]

[93] ل ١٣٠- ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت ودەوڵەت

کەواتە مافی دایکایەتی یە لە دوو شیوازی "گەلە ژن و میردایەتـــی" قۆنـــاغی دڕنـــدایەتی ،لەگەڵ "جـــوتە ژن و مێردایەتی" دا قۆناغی نزم و ناوەندی بەربەریزمدا هەبوە و دواتر لە قۆناغی باڵای بەربەریزم ولەگەڵ دەستپێکردنی مێـژووی نوسـراو و شارسـتانیدا بە شـێوەی "تـاکە ژن و میردایەتی" ئیستای لێهاتوە کە لەسەر بنەمای باوکسالاری دامەزراوە.

مافی دایکایەتی باسی دەوری ژنانە لە نێو کۆمەڵگە و خێــزان و ئابوریــدا. ئەم دەوری دەســـەڵاتدارێتیەی ژن بنەمـایەکی ئـابوری هەبـوە؛"ئـابوری کۆمۆنیـستی نێومـاڵ، کەسـەرجەم مێینەکانیـان یـا زۆربەیـان سـەربەهەمان خێـڵ بـــوون، بەڵام پیاوەکـــانی ســـەربەخێڵی جۆراوجۆربـــون، لەهەموو جێگایەکدا، بەردی بناغەی دەسەڵاتدارێتی ژنانی سەردەمە دێرینەکانی پێک دەهێنا. "*[٩٤]. هەروەها "ژنان ســـەبارەت بەوەی کە لەنێـــوان بـــاوک و دایکـــی نەوە تازەکانـدا تەنهـا ئەوان، وەک دایـک دەناسـرانەوە، ڕێزێکـی بێپایانیـان لێـدەگیرا"*[٩٥]. سـەرەڕای ئەمەش ژنـان لە نیـو گەلانـی دڕنـدە و بەربەرەکانـدا"بە کـارێکی تـاقەت پـروکێن هەڵدەســتان و بەلای گەلەکەیــانەوە خــانمێکی ڕاســتەقینە بـــوون، بەهەمـــان شـــێوەش لە ڕوی خورەوشـــت و هەڵسوکەوتیش هەر وەهابوو"*[٩٦].

---

[94]ل٨٨- ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت ودەوڵەت

[95]ل ٢٤- هەمان سەرچاوە

[96]ل ٨٩- هەمان سەرچاوە

کەواتە ژنـان لەم سـەردەمەی ئـابوری نێچیرەوانـی و ئابوری کۆمۆنیستی خێڵ و هۆزەکاندا خاوەنی دەسـەڵات و ڕێز و دەوری گرنگ بوون لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی دا ،وە چـونکە خێزانـی تـاک ژن و پیـاو لە ئـارادا نـیە، هەربۆیە باوکسالاری لەم قۆناغەدا هێشتا دروست نەبوە. دەورانی نێچیرەوانی دەورانی مافی دایکایەتی و دەورانی خێزانـــی کـــۆمەڵە ژن و مێردایەتـــی و جـــوتە ژن و مێردایەتیە،نەک باوکسالاری.

ئەمەش پـێچەوانەی ئەو تێـزەی ئـۆجەلانە کە دەڵـێ؛ "چالاکی نێچیروانی پیاوانە پێویستی بە کلتوری شـەڕە و پـشت بە دەسـەڵاتێکی تونـد دەبەسـتێ. ئەنجـام ڕیـشە داکوتانی دەستڕۆیی باوکسالاریە. "*[97]

بـــۆ ڕۆشـــنکردنەوەی پەیوەنـــدی ئەم گەلە ژن و مێـردایەتیە بە مـافی دایکـایەتی و باوکـسالاریەوە چەنـد نمـونەیەکی خـێڵە سـەرەتاییەکان دەهێنیـنەوە و دواتـر دەچینە سـەر باسـی ئەو گۆڕانکاریـانەی بەسـەر مێـژووی خێزاندا هات.

لە قۆنـــاغی گەلە ژن و میردایەتیـــدا،" لێکـــۆڵینەوە لە مێــژووی ســـەرەتایی ڕوناکیمـــان بـــۆ دەخـــاتە ســـەر بارودۆخێک تێدا پیاوان لە دۆخی فرەژنیدا دەگوزەران، لەهەمان کاتیشدا ژنەکانیان لە دۆخی فرە مێردیدا بوون،

---

[97] ل٢١ (ئۆجەلان -ژنۆلۆژی)

لەپای ئەمە ئەو منـاڵانە بە هاوبەشـی هـی هەمـوان بـوون. "*٩٨

"ئاگاسیسیس" لە کتێبی "گەشتێک بە بەرازیل"دا دەڵێ؛" مناڵەکـان. . زۆربەی کـات تەنهـا دایکیـان دەناسـن چـونکە تەنها ئەو خەمخۆر و مشەخۆریانن؛ ئەوان هـیچ شـتێک لە بارەی باوکیانەوە نازانن؛ جگە لەوەش هەرگیز بە خەیاڵی ژنەکەدا نایەت، خۆی یا منداڵەکانیشی لە کابرا داواکاری شتێک بن. "*٩٩

هەروەهـــا دەڵـــێ؛" لە هەمـــو شـــێوەکانی خێزانـــی بە کۆمەڵـدا، نـاتوانرێ بە وردی بـاوکی منـاڵەکە بناسـرێتەوە، بەڵام دایکی بەوردی دەناسـرێتەوە. وێڕای ئەوەی هەمـو منـاڵانی خێـزانە هاوبەشـەکە بەمنـاڵی خـۆی دەزانـێ، وە بەرپرســیارێتی دایکــانە هەڵـدەگرێت بەرامبەریــان، لەگەڵ ئەوەشـدا مناڵەکـانی خـۆی دەناسـێ و جیایـان دەکـاتەوە. لێـرەوە ڕۆشـن دەبێـتەوە کە **مــادام زەواجــی بەکـۆمەڵ لەئــارادایە، نــاتوانرێ ڕەچەڵەک بــسەلمێنرێ لە ڕێگــای دایـکەوە نەبـێ**، وە نـاتوانرێ دان بەهـیچ دابنـرێ جگە لە خەتـــی دایـــک. ئەمە بـــاری راســـتەقینەی هەمـــوو گەلە دڕندەکان و هەمو ئەو گەلانە بوون کە گەیشتونەتە پلەی نزمـــی بەربەریەت. ئەمە دوەمـــین دەســـتکەوتی گرنگـــی

---

[98]ل ٦١- ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت

[99]ل٩٢- هەمان سەرچاوە

"بـاهۆڤن"ە، کە یەکەمـین کەس بـوە ئەمەی دۆزیـوەتەوە. ئەو نـاوی دەنـێ مـافی دایک لە دان پێدانان بە ڕەچەڵەکدا لەڕێگـای هێڵـی دایـکەوە بەشـێوەیەکی تاکوتەنیـا ، وە لەو پەیوەندیانەی میراتگیری کە لێرەوە سـەرچاوەی گرتـوە و بەپێـی تێپەڕبـونی کـات گەشـەی کـردوە، مـن ئەم ناولێنـانە وەک خـــــۆی دەهــــێڵمەوە لەبەر کـــــورتیەکەی، بەڵام ســەرکەوتو نەبـوە، لەبەرئەوەی لەم قۆنـاغە لە گەشــەی کۆمەڵگەدا نـاتوانرێ بەمانـای حقـوقی باسـی مـاف بکـرێ. "*١٠٠

هەروەها لە قۆناغی جوتە ژن و مێردایەتیشدا "(ئـارتۆر رایت) کە چەند ساڵێک لە نێو ئۆرۆکواییەکان ژیاوە دەڵێ" لەبـارەی خێزانەکانیـانەوە، کە هێـشتا لە خـانوی کـۆن و درێژدا دەژیان(مەبەست لە کۆمۆنەی ماڵی چەند خێزانێکە) . . "کەهەردەم یەک خێڵ(کلان) دەستی بەسـەردا گرتبـوو، بەجۆرێک دەبوایە ژنەکانیان شویان بە پیاوی خێڵە(کلان) کانی تر بکردایە. . ژنـان بەشـێوەیەکی ئاسـایی، ماڵەکەیـان بەڕیوەدەبرد؛ **ئازوقە و خۆراک هاوبەش بوون**؛ بەڵام ئەو مێردە یا ئەو دۆستە بەدبەخت دەبوو ئەگەر بەشـی خـۆی لەو ئازوقەیەی ماڵەوەی دابین نەکردایە، چەنـد منـاڵی زۆر بـوایە یـا خـاوەنی شـتی تـایبەتی خـۆی بـوایە، ئەوا بـۆی هەبـوو هەر ســاتێک فەرمــانی پــێ بکــرێ شرۆشــیتاڵی

---

[100] ل ٢٧-٢٨ -فریدریک انجلز - أصل العائلة والملكية الخاصة والدولة

وەپێچێت و ماڵەکە جێ بهێڵێت. تەنانەت بۆی نەبوو بەر لەو فەرمانە بگرێت، چونکە ماڵەکەی لێ دەبوو بەدۆزەخ، هیچی بۆ نەدەمایەوە جگە لەوەی کە دەبوایە بۆ کڵانەکەی خۆی بگەڕابایەوە. یان ئەوەتا سەر لەنوێ لە کڵانێکی تر ژنێکی تری بهێنایە- ئەوەش زۆر کات ڕووی دەدا. ژنان بەگشتی و لەهەموو جێگایەکدا گەورەترین هێزی نێو کڵانەکان بوون. "*[101]

لێرەوە دەردەکەوێ کە مافی دایکایەتی بەرهەمی جێگای ژنان بوە لە خێڵەکانی کۆمۆنیزمی سەرەتاییدا، کە شتێک بەناوی خێزانی تاکە ژن و مێردایەتی نەبوە. هەربۆیە مافی دایکایەتی، مافی ژن بەرامبەر بە پیاو دیاری ناکا، بەڵکو مافی ژن لە کۆمەڵگەدا دیاری دەکا، لەبەرئەوەی کۆمەڵگە بەسەر ژن و پیاوی پلە جیاوازدا و ئەندامەکانی خێڵ بەسەر چینی جیاوازدا دابەش نەکراوە تاکو باسی ماف و بەرپرسیارێتی جیاوازی ئەندامەکانی بکرێ. ئەمەش پەیوەستە بە شێوەی بەرهەمهێنانی ژیانی کۆمەڵایەتی کە لە نێچیرەوانیەوە زیاتر دەبرێتە پێشەوە و **ئازوقە و خۆراک هاوبەش بوون نەک ژن بە بۆنەی مافی دایکایەتیەوە ببێتە خاوەنی سەرچاوەکانی ژیان و بەرهەمهێنان.** ئەمە پێچەوانەی **مافی باوکایەتیە کە لەسەر بنەمای موڵکایەتی پیاوی سەرۆک خێزان** دروست دەبێ.

---

[101] ل ٨٨ ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت

**خەتی دایک تەنیا بەهۆی ناسینەوەی ڕەچەڵەکی نەوەکان** بەکاردێت کە پێویستی خێڵ و ستراکتۆری کۆمەڵایەتی دەیهێنێتە ئاراوە، لە بەرئەوەی **مادام زەواجی بەکۆمەڵ لەئارادایە، ناتوانرێ ڕەچەڵەک بسەلمێنرێ لە ڕێگای دایکەوە نەبێ.** لەم زەواجە بە کۆمەڵەدا کە "پیاوان لە دۆخی فرەژنیدا دەگوزەران، لەهەمان کاتیشدا ژنەکانیان لە دۆخی فرە مێردیدا بوون، لەپای ئەمە ئەو منالانە بە هاوبەشی هی هەموان بوون. "*[102]

**کەواتا منداڵەکان بەهاوبەشی هەمووان بووە و موڵکی دایک نەبووەو مافی دایکایەتی** تەنیا ڕەچەڵەک و **میراتگری کلانی** پێ دیاریکراوە. بەپێچەوانەی مافی باوکایەتی کە **منالْ موڵکی باوکە و میراتگری باوکە** هەربۆیە ڕەچەڵەک لێرەدا لە ڕێگەی باوکەوە دیاری دەکرێ.

لە دۆخی زەواجی بە کۆمەڵ تا بەدۆخی تاکە ژن و مێردایەتی گەیشت، زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕ لە شێوازی خێزان و خێڵ و پەیوەندی ژن و پیاودا ڕویداوە.

**خێزانی بە خوین خزم کە یەکەمین قۆناغی دروستبونی خێزانە** و "بریتیە لە تۆرەمەی جوتێک (ژن و پیاو)، کە تیایدا هەمووان لە نەوە لەدوای نەوە لە نێو یەکدا خوشک و بران، وە بەم شێوەیە ژن و مێردیشن. "*[103]. دواتر ؛یەکەمین هەنگاوی بەرەو پیشەوە چونی

---

[102] ل ٦١- ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت

[103] ل ٢٤-فریدریک انجلز - أصل العائلة والملكية الخاصة والدولة

خێزان بریتیە لە "قەدەغەکردنی پەیوەندی جوت بوون لە نێــــوان وەچە و دایـــــک و باوکـــــدا، و دوەم هەنگــــــاو "قەدەغەکردنی جوت بوون بوە لە نێوان خوشک و برادا". دواتر قەدەغەی ژن و میردایەتی لە نێوان هێڵە لابەلاکانی خزمـایەتی،واتە بەپێـی دەسـتەواژەکانی ئێسـتامان، نێـوان منالْ ونەوە و نەوەی مناڵەکانی خوشک و براکان( ئامۆزا وئـامۆزازا و میمکـزا و میمکـزازا و خـاڵۆزا و پـورزا)، ئەم پێشکەوتنەش بە ڕای مۆرگان: ( نمونەیەکی هێڵکاری زۆر بـــێ هاوتـــایە، هاوشـــێوەی ئەو بنەمـــایەی کە پـــاڵاوتنی سروشتی کاری پێدەکات. )*[١٠٤].

**لە خێزانی خزمە خوێنەوە خێزانی پونالوا پەیدابوو**، کە ژمـارە خوشـکێکی دیـاریکراو یـا لە پەیوەنـدیەکی دورتـری خزمایەتیدابون ( ئامۆزا وئامۆزازا و میمکزا و میمکزازا و خاڵۆزا و پورزا) دەبونە هاوبەشە ژنـی مێردەکانیـان، بەڵام ئەمــانە نەدەبـوو براکانیــان بــن، وەئەم پیــاوانەش ئیتــر بەیەکتریــان نەدەوت "بــرا"، جــگە لەوەی پێویــست نەبــوو بــرابن ، ئەوان (پونــالوا) واتە هــاوڕێی نزیکــی یەکتــر یــا ئەگەر بکرێ بوترێ شەریک 'associe بوون .

**دامەزراوەی خێـڵ**، پێـدەچێت بەزۆری، **ڕاسـتەوخۆ لە خێزانـی پۆنـالوایی سـەرچاوەی گرتبێت**. *[١٠٥]. بەم پێیە "خێـڵ دروسـت بـوو کە بنەمـای سیـستەمی کـۆمەڵایەتی لەلای زۆربەی گەلە بەربەریەکـانی سـەر گۆی زەوی پێـک

---

[104] ل ٤٢٥- "مۆرگان،کۆمەڵگای دێرین"

[105] ل ٧٥(ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت)

دەهێنێت، کە لێرەوە دەچینە سەر چاخی شارستانی. "*[١٠٦]پەرە سەندنی خێڵ و فراوانبونی چینە"خوشک" و "براکان" و قەدەغەکردنی زەواجی خزمی خوێن جار لەدوای جار زەواجی بە کۆمەڵی مەحاڵ دەکرد. *[١٠٧]

هەربۆیە "**خیزانی دولانە**" گەشەی کرد کە لە سایەی بە کۆمەڵ ژن و مێردایەتیدا دروست دەبوو. *[١٠٨]"لە کاتی زەواجی بەکۆمەلیشدا و پێش لەمەش، پیاو ژنێکی سەرەکی هەبو لە نێو ژنە زۆرەکانیدا، وە ژنیش بەهەمان شێوە مێردێکی سەرەکی هەبو لە نێو ژمارەی زۆری مێردەکانیدا"*[١٠٩]. **گۆرانی زەواجی بەکۆمەڵ بۆ جوتە ژن و مێردایەتی بەهۆی ژنانەوە هاتەدی**، لەبەر ئەوەی لەم دەورانەدا ئابوری کۆمۆنیستی بەرەو هەڵوەشانەوە دەچوو و چڕی دانیشتوانیش زیاتر بوو، هەربۆیە پەیوەندیە کۆنەکان زەمینەیان لەدەست دەدا و ئەمەش سزای لەسەر ژنان دروستکرد کاتێک مافی بەشداریکردنی لەگەڵ پیاوانی تردا پیادە دەکرد. "ژنە بابلیەکان دەبوایە ساڵی جارێک لای پەیکەری پەرستگای میلیتا بە تێکەڵبونیان لەگەڵ پیاوانی دیکە پاکانە

---

[106]ل٢٦(-<u>فریدریک انجلز - أصل العائلة والملكية الخاصة والدولة)</u>

[107]ل ٨٤- ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت

[108]ل ٨٤ ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت

[109]ل ٣١ (-<u>فریدریک انجلز - أصل العائلة والملكية الخاصة والدولة)</u>

بکەن"*[110]، وە" ئەو پاکانەیەی ساڵانە دەکرا، تەنها یەک خۆبەدەستەوەدان جێگای گرتەوە؛ هەروەها "هیتیرزم"ی ژنانی بەشوو بەر لە بەرەڵلایی کچان دەگرێتەوە: لەبری ئەوەی لە ماوەی شوکردندا جێبەجێبکرێت، ئەوا پێش شوکردن دەکرێت. هەروەها لەبری ئەوەی، بەبێ جیاوازی، خۆی بەدەست هەموو کەسێکەوە بدات، تەنها خۆی بەدەست چەند کەسێکی دیاریکراو دەدا. "*[111]. ئەم سزایەو شەکەتی ژنان لەو زەواجە بە کۆمەڵە وای لە ژنان کرد کە شوکردنێکی ساتەوەختی یان هەمیشەیی بەیەک پیاو بکەنە ڕێگا چارەیان.

لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر باسەکەمان

"لە کاتێکدا پیاوان لەسایەی شێوەکانی پێشوی خێزاندا هیچ هەستیان بە کەمی ژمارەی ژنان نەدەکرد، بەڵکو لە پێویست بەدەریان هەبوون، بەڵام لێرەدا ئافرەت بوو بەداوایەکی دەگمەن و دەبوایە پیاو بە شوێنیدا عەوداڵ بێت. تەنها لەبەر ئەم هۆیەش **هەڵگرتن و کڕینی ئافرەتان لەگەڵ سەرهەڵدانی بە جوتە ژن و مێردایەتیدا سەری هەڵدا.** "[112] لەم خێزانی دولانە دا "ئەو ژن و مێردایەتیە بۆی هەبو لەسەر داوای هەردولا هەڵبوەشێندرێتەوە. هەموو مناڵەکان بۆ ژنەکە دەبوون، هەردوو لایەنەکەش

---

[110] ل ٩١ ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت ودەوڵەت

[111] ل ١٩ (باهۆڤن، مافی دایک)

[112] ل ٨٦(ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت ودەوڵەت)

بۆیـان هەبـوو زەواج بکەنەوە. "[١١٣] بەڵام "خێزانـی دووڵانە لە خۆیـــدا تـــا ڕادەیەکـــی زۆر بێهێـــز و نـــاجێگیرە کە دروسـتکردنی ئـابوری مـاڵی تـاک ناکـاتە پێویـست و بگـرە جێگای ڕەزامەندی ، ئـابوری کۆمۆنیستی میراتـی قۆنـاغی پێشووش لەناو نابات" [١١٤]هەربـۆیە ئەم خێزانـی دولایەنەیە دەورانێکی گوزارە لە نێوان زەواجی بە کۆمەڵ و زەواجـی یەکلایەنەدا.

بەڵام گـۆڕان لە خێزانـی جـوتە ژن و پیـاوەوە بەرەو تاکە ژن و مێردایەتی شۆڕشـێک بـوو بەسـەر دامەزراوەی پێـشووی خێزانـدا و ئەم شۆڕشــە "**شکـستێکی مێژوویـی جیهـانی بـوو بۆ ڕەگەزی مێینە**. "[١١٥]. چونکە سیـستەمی مــافی دایکــایەتی گـۆڕی بـۆ باوکـسالاری و پاتریـارکی. ڕیـشەی ئەم شۆڕشــەش گـۆڕانە لە ئـابوری نێچیرەوانــی بەرەو ئـــابوری ئاژەڵـــداری و کـــشتوکاڵی و گـــۆڕانی سیـستەمی میراتگـری خـێڵە بـۆ ســەرۆکی خێـزان، واتە دروســتبونی موڵکــایەتی تــایبەت و کـۆیلایەتیە. لێــرەدا پیویـستە کەمێـک لەسـەر ئەم خـاڵی شۆڕشـە بوەسـتین و بزانین چۆن ڕویداوە؟

هەموو ئەو گۆڕانکاریـانەی بەسـەر خێزانـدا هـات کە لە ماڵنـــشینی دولایەنەدا کــۆمەڵە ژن و مێــرد بەرتەســک

---

[113]ل٨٧ -(ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت)

[114]ل ٣٢(-فريدريك انجلز - أصل العائلة والملكية الخاصة والدولة)

[115]ل ١٠١ - ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت

کرایەوە بۆ ئاخر یەکەی ، ئاخر ئەتۆمی، تا یەک پیاو و یەک ژن. پالاوتنی سروشتی ئەم ئەڵقەیەی تا ئاخر حەد بەرتەسک کردەوە. ئیتر شتێک نەمایەوە بەم ئاراستەدا ئەنجامی بدا. "ئەگەر لەم مەیدانەدا هێزێکی بزوێنەری نوێ نەهاتایەتە کایەوە، ئەوا هیچ بنەمایەک نەدەبوو بۆ گەشەی شێوازێکی نوێی خێزان لە خێزانی دولایەنەوە."[116]. ئەم هێزە نوێیە بەهۆی "ماڵیکردنی ئاژەڵ و بەخێوکردنی ڕان بوە دروستکەری سەرچاوەیەکی سامان کە هیچ کات لەوەوپێش ڕێگاپێدراو نەبوو، پەیوەندیەکی نوێی کۆمەلایەتی سەریهەڵدا"[117]. بەلام کێ خاوەنی ئەم سامانە نوێیە یە؟ بێگومان لە سەرەتادا خێڵ بوو. بەلام لەبەرئەوەی "پەیداکردنی دەستکەوت و داهات هەمیشە پیشەی پیاوان بووە، هەرئەویش کەرەستە پێویستەکانی پەیداکردن و بەرهەمهێنانی داهات و سامانی تایبەتی خۆی دروستکردوە. " هەربۆیە کە بە گواستنەوەی خاوەنداریتی هۆز و خێڵ بۆ سەرۆکی خێزان" جەڵەب بوو بە شێوازێکی نوێی داهات و وەگیرهێنانی هۆیەکانی بژێوی، ماڵیکردنیان ،بەخێوکردن و پەروەردەیان پیشەی پیاوان بوو. نەک مەڕومالات مولکی ئەو بوون ،بەڵکو هەمو ئەو کالا و کۆیلانەی کە بەو مالاتە دەیگۆڕینەوە.

---

[116] ل ٣٥(-فریدریک انجلز - أصل العائلة والملکیة الخاصة والدولة)

[117] ل٣٥- هەمان سەرچاوە)

سـەرجەمی ئەو زێـدە بەرهەمەی بەدەسـتدەهاتن دەبـوون بەموڵکی پیاوەکە"[١١٨]. بەم پێیەئەم"**خاوەندارێتی مەڕوماڵات و جەڵەب لەگەڵ سـامانە نوێیەکـان شۆڕشـێکیان بەسـەر خێزاندا بەرپاکرد**". [١١٩]

بەڵام سیستەمی میراتگری مافی دایکایەتی هێشتا ڕێگر بـــوو لەبەردەم ئەم شۆڕشـــەدا، "لەبەرئەوەی ڕەچەڵەک تەنهـا بە ڕێگـای بەرەی ژنـانەوە ڕەچـاو دەکرا، هەروەهـا بەپێـی سـسیەمی سـەرەتایی میراتگـری لە ناوخێڵـدا، ئەو ئەنـدامەی دەمـرد شـتەکانی بـۆ خزمەکـانی نـاو خـێڵەکەی دەمایەوە. موڵکی پیاوی خـاوەن ڕانەکە پـاش مردنـی دەبـو "لەپـــێش هەمـــوان بـــدرایە بە براکـــانی، خوشـــکەکانی و برازاکانی یاخود بۆ وەچەی خوشکەزاکانی دایکی. بەڵام منداڵەکـانی خـۆی ،لەو میـراتە بێـبەش دەبـوون. "چـونکە وەچەی خـۆی سـەربەخێڵەکەی دایکـی بـوو". [١٢٠] هەربـۆیە گـۆڕینی سیـستەمی میراتـی پیویـستی بە گواسـتنەوەی ڕەچەڵەک بەنـــاوی بـــاوکەوە بـــوو و ئەم کێـــشەیە بە گوێزانەوە بۆ باوکسالاری چارەسەرکرا،"ئەم گـوێزانەوەش وەک پێ دەچێت بەگشتی ئاساییترین ڕێگاچارە بوبێت"[١٢١]. دوای ئەمە "دەسـەڵاتی تـاکڕەوی پیـاو جێگیرکـرا و مـافی

---

[118] ل ٢٧١ ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت ودەوڵەت)

[119] ل ٢٧٠- هەمان سەرچاوە

[120] ل٩٨-٩٩(ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت ودەوڵەت)

[121] (مارکس، کورتەی کتێبەکەی لویس مۆرگان)

باوکـــسالاری پەیڕەوکـــرا،واتە جـــوتە ژن و میردایەتـــی بەتەواوی جێلەقکــراو و پلەبەپــلە تــاکە ژن و مێردایەتــی جێگــای گــرتەوە. بەوەش پێکهــاتەی خێڵەکــان درزیــان تــێکەوت :خێزانــی تــاکە ژن و مێــرد بــوو بە خــاوەنی دەسەڵات و هێزی هەڕەشـە بە ڕووی خێڵدا. "[122] هاوکات پەیوەندی نێوان ژن و پیاوی گۆڕی. "پیاوان لە ماڵەوەش جڵەوی سەرکردایەتیان گرتە دەست، ژنان شکۆمەندیان شـکێنرا ،کـران بە کەنیـزەک ،بـون بە کـۆیلەی ئـارەزوی پیاوان وکران بەئامڕازێکی سادە بۆ دروستکردنی منالان. [123]"

کەواتە ســەرهەڵدان و ڕیـشەداکوتانی باوکـسالاری بە پـیچەوانەی تێـزەکەی ئـۆجەلانەوە بەهـۆی تونـد و تیـژی پیـاوی نێچیـرەوانەوە ڕوی نەداوە بەڵکـو بە هـۆی نەرم و نیـانی پیـاوی شـوانکار و وەرزێـرەوە ڕویـداوە کە میراتـی لە خێڵەوە بۆ سەرۆکی خێزان گواستۆتەوە ، واتە بەهـۆی گواستنەوەی موڵکایەتی هۆیەکـانی بەرهەمهێنـان و بژێویە لە موڵکی گشتی بۆ موڵکایەتی تایبەت.

ئـۆجەلان لە جێگـای ئەم هەمـوو زانـست و شــرۆڤە زانــستیانەی لەســەر پەیــدابونی خێــزان کــراوە لە ٢٠٠ لاپەڕەی "ژنۆلـۆژی"دا تەنها بە چەنددێڕیکی نازانستی، کە

---

[122] ل ٢٧٢(ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت)

[123] ل١٠١(هەمان سەرچاوە)

جــگە لەخــۆی کەس لێــی تێناگـــا، دەڵـــێ " ؛"یەکەمـــین **ڕێکخـستنی تونـدوتیژی "پیـاوی بەهێـز"** ،بـوە، " کەتەنیـا ئاژەڵەکانی نەخستە تەڵەزگەوە. هەمـان ڕێکخستن بـوو کە چـاوی خـۆی بـڕیە تواناکـانی خێـزان- کـلان کە بەرهەمـی رەنجی ژێری سۆزداری (ڕوونـاکی چاوی) ژن بوون. "

ئۆجەلان پێمان ناڵێ ئەم جۆرە "خێزان – کلان"ە چـی بوە کە پیاو تێکی داوە؟ ئایا مەبەستی زەواجی بە کۆمەڵە یان جوتە ژن و مێردایەتیە یـاخود زەواجـی تـاک لایەنەیە؟ نــازانین خێــزان و کــلان وەک سیــستەمێکی کــۆمەلایەتی چـۆن بەرهەمـی ڕونـاکی چـاوی ژنـن؟! ئەم "ژنۆلـۆژی"یە زمانەکەشی زانستی نیە تـاکو لە قاموسـدا بەدوای وشــەی "خێـزان – کـلان" دا بگەرێـین تـا بیـدۆزینەوە بـزانین ئەم جـــۆرە خێـــزانە لە کـــوێ هەبـــون و ئـــۆجەلان چـــۆن دۆزیـونیەتیەوە؟ ئەگەر ئـۆجەلان مەبەسـتی لە خێـزانە لە سەردەمی سیستەمی خێڵ(کلان)دا ئەوا نـاوەکەی **خێزانـی پۆنـــالوایی یە**. "**دامەزراوەی خێـــڵ**، پێـــدەچێت بەزۆری، **ڕاستەوخۆ لە خێزانی پۆنالوایی سەرچاوەی گرتبێت**. " ل ٧٥(ئەنگلـــس). ئەم جـــۆرە خێـــزانەش لەســـەر بنەمـــای زەواجـی بە کـۆمەڵ دامەزراوە. ئەم شـێوازە لە زەواجـی بە کــۆمەڵ پیــاو تێکــی نەداوە ، بەڵکــو وەک لەســـەرەوە شیمان کردەوە بەرهەمـی ئـاڵوگۆڕی ئـابوری و بەرتەسـک بونەوەی ئەڵقەی خێزانی بە کۆمەڵی خێڵایەتی و زەواجـی بە کــۆمەڵ بــوو. بەپــێچەوانەی تێــزەکەی ئــۆجەلانەوە، "

**ڕێکخستنی توندوتیژی "پیاوی بەهێز"** کە ئاژەڵەکانی ئەخستە تەڵەزگەوە" واتە **پیاوی نێچیرەوان کێشەی لەگەڵ ئەم زەواجە بە کۆمەڵەدا نەبوو** بەڵکو ژن ئەم زەواجە بە کۆمەڵەی گۆڕی بۆ زەواجی دوولایەنەی ژن و پیاو، کە هێشتا ژن و پیاو یەکسان بوون تیایدا. بۆیە هەرچۆن ئۆجەلان لە مەسەلەی ئابوری نێچیرەوانی کەوتە هەڵەی ئەوەی ئەم دەورانەی بە دەورانی سەرهەڵدانی باوکسالاری دانا، بە هۆی کاری توندوتیژی پیاوی ڕاوکەرەوە، ئاواش شێوەی خێزانی کشتوکاڵ – گوند بەدەورانی خێزانێک دادەنێ کە ژنان بە ژێری سۆزداری دروستیان کردوە، چونکە ئۆجەلان پێی وایە " شۆڕشی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە چوار دەوری ژن شکڵ دەگرێت، بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای دایکسالاری زاڵە"[١٢٤]. بەڵام بە پێی ڕونکردنەوە زانستیەکانی سەرەوە نیشانمان دا کە شۆڕشی ئاژەڵداری و کشتوکاڵی کە بونە هۆی دروست بونی جیاوازی لە نێو سیستەمی خێڵدا و موڵکایەتی لە خێڵەوە گۆڕی بۆ پیاوی سەرۆکی خێزان و ئەمەش سیستەمی میراتی مافی دایکی گۆڕی بۆ باوکسالاری، هەربۆیە خێزانی دوولایەنەی یەکسانی ژن و پیاویشی گۆڕی بۆ خێزانی تاک لایەنەی باوکسالاری. کەواتە ئەگەر ئەنجامی شۆڕشی کشتوکاڵی

---

[124] ل ١٣(ئۆجەلان -ژنۆلۆژی)

و ئاژەڵداری سەرکەوتنی باوکسالاری بێ دەبێ شێوەی خێزانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری پیاوان هێنابێتیانە ئاراوە. ئەو خێزانەی ئۆجەلان باسی دەکا کە ژن تیایدا باڵادەست بوە ناکرێ خێزانی دەورانی ئاژەڵداری و کشتوکاڵی بوبێت چونکە خێزان لەم دەورەیەدا خێزانی تاک لایەنەی پیاوسالاری بوە. ڕاستیەکەی وشەی "خێزان- فامولوس" لەگەڵ زەواجی تاکلایەنەدا دروست دەبێ ، کە لاتینیە و مانای "کۆیلەی نێوماڵ"ە.

"کەواتە ئەم وشەیە لە سیستەمی زریێپۆشکراوی خێزان کۆنترنییە،کەلە لای ئەو هۆزە لاتینیانەدا،پاش هێنانەکایەوەی کشتوکاڵ و کۆیلەداری یاسایی، سەریهەڵدا. "[١٢٥]

وە وەک مارکس دەڵێ " خێزانی مۆدێرن لە تۆوەکەیدا تەنیا کۆیلایەتی هەڵنەگرتوە بەڵکو مسکێنیشی هەڵگرتوە، هەر لەسەرەتاوە پەیوەست بوە بە خزمەتی کشتوکاڵیەوە. بە بچوکراوەیی هەمو ئەو ناکۆکیانەی تێدایە کە دوایی درێژدەبێتەوە بۆناو کۆمەڵگە و دەوڵەتەکەی. "[١٢٦] لەم دەورەیەدا بە پێچەوانەی تێزەکەی ئۆجەلانەوە خێزان بەدەوری پیاودا سەرهەڵدەدا. پیاو کاتێک لە شۆڕشی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری پێشەنگ دەبێت، هاوکاتیش

[125] P465-466,L. H. Morgan. ”Ancient Society”

[126] https://www. marxists. org/archive/marx/works/download/pdf/origin_family. pdf

شـۆڕش بەسـەر مـافی دایـک و بەسـەر شـێوەی پێـشوی خێزانی بە کۆمەڵ و دوولایەنەی خێڵایەتیدا.

هەربۆیە شیرازەی خێزان بە باوکسالاری تێک نەچوو بەڵکـو خێزانـی یەکـلایەنە پتەوکردنـی دامەزراوەی خێـزانە کە لەسەر بنەمـای بەرژەوەنـدی ئـابوری و میراتـی مـوڵکی باوک بۆ نەوەکانی دەڕواتە پیش. هەربۆیە لەم شۆڕشـەدا "ژنیش بـۆی نەبـوو سـکاڵا بکـا، چـونکە دابەشـبونی کـار لە نێو خێزاندا ، تانوپۆی دابەشکردنی خاوەنداریێتی لە نێـوان پیاوان و ژنـان شیرازەکرد،شـتەکان وەک خـۆیـان مـانەوە، بەڵام پەیوەنـدیەکانیان لە نێومالـّـدا ســـەرەوژێرکرانەوە، لەبەرئەوەی دابەشـــکردنی کـــار لە دەرەوەی خێزانـــدا بە جۆرێکی ترە. هەمان ئەو هۆکارەی پێشتر دەسـەڵاتی ژنـی لە نێومالّ دەستەبەرکرد:واتە سـنوربەندی لە بەڕێوەبردنی کاروباری نێومالّ،ئێستاش هەمـان هۆکـار دەسـەڵاتی پیـاو لە نێومالّدا دەسەپێنێت:کارەکانی نێومـالّ کە ژن دەیکەن،لە چاو کاری بەرهەمهێنەری پیاودا، کەم بایەخ بوون ؛ کـاری پیاوان لە هەموو شتێک بایەخدارتر بوو، بەڵام کاری ژنـان تەنیا وەکو پاشکۆیەکی پوچەڵ ڕەچاوکرا". [١٢٧]

لێرەدا "دابەشکردنی کار، بۆ یەکەمین جار لە نێوان ژن و پیاودا دروستبوو، ئەوەش لە پێنـاو بەرهەمهێنـانی منـاڵ، ڕویـــدا. "[١٢٨] ئەمەش دیـــسان نەک وەک "ژنۆلـــۆژی" بە ســـەنتەری دەوری ژن لە ئابوریـــدا دایـــدەنێ بەڵکـــو لە

[127] ل ٢٧١(ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت)

[128] ل١١٥- هەمان سەرچاوە

ڕاســتیدا دەرکردنــی ژنە لە بەرهەمهێنــانی کــۆمەڵایەتی. ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ یەکەمین چەوسانەوەی چینایەتی کۆیلایەتی کە خێزان پاتریارکی بریتی نیە تەنیا لە ژن و منداڵەکان بەڵکو لە کۆیلەکانیش. "ئۆرگانیزەکردنی ژمارە کەسێکی دیاریکراو، ئازاد و نائازاد، لە خیزانێکدا لە ژێر ڕکێفی دەســەڵاتی بـاوک، وەک ســەرۆک خێزان. لەنێو خێــزانە ســامییەکاندا، ئەم ســەرۆک خێــزانە لەســایەی فرەژنیدا دەگوزەرێت، کۆیلەش ژن و منداڵی خۆی هەیە، مەبەستی لە تێکڕای ئەم ڕیکخراوە بریتیە لە ئاژەڵداری لە ناوچەیەکی دیاریکراودا". [١٢٩].

مرۆڤ لەگەڵ گۆڕانی شێوەی بەرهەمهێنانی بژێوی شــێوەی بەرهەمهێنــانی جــۆری خــۆی و سیــستەمە کۆمەڵایەتیەکەشــی دەگۆڕێ. دامەزراندنی خێزانــی تــاک لایەنەی باوکسالاری بەمانای هەڵوەشانەوەی سیستەمی کـلان بـوو کە پێشتر لە ئـابوری کۆمۆنیستیدا زاڵ بـوو. "جیـاوازی لەســەروەت و ســامانی هەریەک لە ســەرۆکی خێزانەکـــان، ئـــابوریە کۆمۆنیـــستیەکانی ســـــەرجەم بنەماڵەکــانی هەڵوەشــاندەوە. . کردنــی ئەو زەویــانە بە مـــوڵکی تەواوی خێزانەکـــان گرێـــدراوی پلەبەپـــلە و شانبەشانی گواستنەوە بوو لە دۆخی زەواجی دولایەنە بە زەواجی یەک لایەنە. لێرەدا هەریەک لەو خێزانـانە بەرەو

---

[129] ل٤٦٥-٤٦٦(مۆرگان، کۆمەڵگای دێرین)

ئەوە هەنگاویـــان دەنـــا بـــبن بە یەکەیەکـــی ئـــابوری لە کۆمەڵگەدا"[١٣٠] ئەم ڕاستیە ئەوەمان پێ دەڵێ کە؛" **لەسایەی سیـستەمی خێڵایەتیـدا هەرگیـز نەدەشـێت و نەدەبێـت گونجاو بێت خێزان ببێتە خانەیەکی ئۆرگانیزەکراو**، چونکە ژن یا مێرد، هەر یەکەیان سەر بەدوو خێڵی جیاواز بوون. "[١٣١] کەواتە خێزانـــی ئۆرگـــانیزەکراو بەرهەمـــی دروســـت بـوونی بەرژەوەنـدیەکی ئـابوریە کە تیایـدا گواسـتنەوە و پاراستنی موڵکایەتی و میراتی کاری سەرەکیەتی. خێزانی پۆنالوایی کە خێڵیان پێک دەهێنا خێزانی بە کۆمەڵ بوون نەک خێزانی تاک لایەنەبن.

پێکهـاتەی کـلان بریتـی بـوو لە هـۆز، فراتـری، خێـڵ و کۆنفدراســـــیۆنی خێڵەکـــــان. ئەوەی لەم ســـــەردەمەدا ئینـــسانەکانی لەدەوری یەکتـــر کـــۆدەکردەوە نەک، وەک ئـۆجەلان دەڵـێ " **تواناکـانی خێـزان- کـلان کە بەرهەمـی رەنجـی ژێـری سـۆزداری (روونـاکی چـاوی) ژن بـوون**"، **بەڵکـو** ڕێـک پـێچەوانەی خێـزان بـوو،ئەویش پەیوەنـدی **خـوێن خزمـایەتی بـوو** وە **کاتێـک خێـزان دەرکەوت ئەو پەیوەندیەی نێو کلان هەڵوەشایەوە**. " سیستەمی بە خوین خزمایەتی، کە گونجـاوە لەگەڵ شـیوەی سـەرەتایی خێڵدا- ئەم شـیوەیە پاشـان لە نێو یۆنانیەکـان و هەروەهـا لە نیـو سـەرجەم مرۆڤایەتیدا هەبوە، ئاشـنایەتی بە پەیوەنـدیەکانی

---

130 ل٢٧٤ ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت

131 ل ١٧٢(هەمان سەرچاوە)

خزمـــایەتی لە نێــو هەمــو ئەنــدامانی خــێڵەکەدا فەراهەم کـردوە. بەڵام لەگەڵ پەیـدابونی خێزانـی تـاکە ژن و مێـرد ئەو پەیوەندیانە تۆزی لە بیرچونەوەیان لێ نیشت. "[132]

کەواتە خێـزان هەمیشە دژەکەی کـلان بـوە، نەک وەک ئــۆجەلان لە پــاڵ یەکــدا وەک یەک سیــستەم بەنــاوی خێزان- کـلان دایـدەنێ. کـاتێ زەواجـی یەکلایەنە جێگـای زەواجـــــی دولایەنەی گــــــرتەوە و مـــــافی بــــــاوک پەیڕەوکـرا"پێکهـاتە خێڵەکیەکـان درزیـان تـێکەوت؛**خێزانـی تــاکە ژن و مێـرد بـوو بە خـاوەنی دەســەڵات و هێـزی هەڕەشــــە لە ڕووی خێڵـــدا**. "[133] وهاوکـــات (جیـــاوازی ســەروەت و ســامان لە نێـو خـودی خـێڵەکەدا یەکـانگیری بەرژەوەنـدیەکانی نێـو ئەنـدامانی خـێڵەکەی هەڵگەڕانـد و کردنی بەدوژمن)"مارکس، کورتەی کتێبی مۆرگان"[134]

بەکـورتی لەم بەشــەدا بۆمــان دەرکەوت کە تێزەکـانی ئۆجەلان لەســەر ناسـاندنی "**دایکسالاری**" **و ســەرهەڵدانی باوکسالاری و خێزان- کلان** پێچەوانەی زانستی مێژووی خێـزان و کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتین و بۆچونەکـانی هەمـان بۆچــــوونی ســـــادە و دووبــــــارەکراوی ئەو کەســــــە نەشـارەزایانەیە کە خێـزان بەو گەردیلە بنەڕەتیە دادەنـێن کە لە ئەزەلەوە هەبــوە و زانیاریـــان نـــیە ســــەبارەت بە گەشەی پەیوەندیە سێکسیەکان و هاوژینیەکانی نێوان ژن و پیاو کە لەبەشی داهاتودا دەچینە سەری.

---

[132] ل ١٧٥- ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت

[133] ل٢٧٢- (ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت)

[134] ل٢٧٦- هەمان سەرچاوە

## بەشی شەشەم

## ژیانی سێکسی و عەشق

لەبەشـــی یەکەم و دوەمــدا باســـی نازانــستی بــونی تێزەکانی "ژنۆلۆژی"مان کرد سەبارەت بە ڕەگەزی ژن و پیاو و پەیدابونی خێزان و مافی دایکایەتی و باوکسالاری. لەم بەشــەدا دەچیــنە ســەر تێزەکــانی ئــۆجەلان لەســەر سێکس و عەشق. بەڕای من ناوەرۆکی "ژنۆلۆژی" یەکەی ئــۆجەلان بــۆ پاســاوی قەدەغەکردنــی ســێکس لە نــاو ڕیزەکــانی پەکەکە دایە، لەم پێنــاوەدا تێــزی جۆراوجــۆری بەنــاوی زانــستی ژنناســیەوە دروســتکردوە کە لەڕاســتیدا وەک خــۆی دەڵــێ بــۆ ڕزگــاربون بــو لەو ؛"**بەڵایە** کە لە ڕێگای ژنەوە بەسەر من و بزوتنەوەکەماندا کەڵەکە ببوو. . زیـــادبونی ژمـــارەی کـــچە لاوەکـــان لە ڕیزەکـــانی بزوتنەوەکەمان دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی ڕیشەیی بۆ **کێشەی ئازادی ژن** دەبوو بە ناچاریەک"[١٣٥]

ئۆجەلان سـەرەتا دەیەوێ بە دڕنـدەبونی پیـاو بەهـۆی ڕەگەزیـانەوە ژن بەوە ڕازی بکـا کە بـونی لەگەڵ پیـاو بە زیــانی گیــانی و ئــازادیەتی" **پیــاو زۆر لە خۆشەویــستی**

[135] ل ١٦٩-١٦٨(ئۆجەلان، ژنۆلۆژی)

**دورە، دڵـــڕەقە و بێڕەوشــــتە، لەهێــزی عەشــق بێبەشـــە.** "[١٣٦] **وە"وەک ئەوە وایە لەنـــــاو قەفەســـــدا لەگەڵ پڵنـــگ بخەویت**. بەتایبەتیش دۆخی برسێتی و دیلی پڵنگەکەی ناو قەفەس لەوانەیە ڕێگا خۆشکەربێت کە **پیاو بە شێوەیەکی کوشــــندە چڕنوکەکـــانی بەکاربێنێــت.** " [١٣٧]، هاوکـــات بە پیـاویش دەڵـێ بـون لەگەڵ ژنـدا سـوکایەتیە. "مـن خـۆم لە ژێـر ئەم ســتاتۆیەی لە ئـــارادایە ژیـــان لەگەڵ ژن. . **زۆر قێزەون، خراپ و هەڵەی دەبینم**"[١٣٨].

دواتـر ،بەبـێ هێنـانەوەی هـیچ بەڵـگە و زانسـتێک، ژن دەکاتە خاوەنی ڕابردویەکی هەموو شۆڕش و داهێنانەکان و دروستکەری خیزان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ،کە بەهـۆی پیـاوی چـاوچنۆکەوە ئەم دەسـتکەوتانەی لێـی دزراوە و هەربۆیە پێویستە ژن شۆڕش بکا و لە ئیستاشدا پەکەکە ئەو شۆڕشـــەیە و دەبـــێ بەشـــداری تێـــدا بکـــا. بەڵام لە ڕیزەکانی شۆڕشی پەکەکەدا دەبێ نەک بەتەنها بە جیا لە پیـاو کاربکـا، بەڵکـو "**پێویـستە ئەمە وەکـو ڕاوەسـتەیەکی ئەخلاقی پەسند بکات کە بەبێ ڕزگاری و ئازادی ناتوانن تەماشـــای یەکتـــریش بـــکەن.** "[١٣٩]. مــادام پەکەکەش ئەو شۆڕشــە دەکـا کە ژن ڕزگـــار دەکـا بـــۆیە دەبـــێ تـــا ئەو

---

[136] ل١١١- (ئۆجەلان، ژنۆلۆژی)

[137] ل ١٩٦- هەمان سەرچاوە

[138] ل ٩٤- هەمان سەرچاوە

[139] ل٦٩- هەمان سەرچاوە

شۆڕشـــە بە ئەنجـــام دەگـــا ژنـــان بـــبن بە ڕاهیـــب و لە پەرستگاکانی پەکەکەدا سێکس و پەیوەندی لەگەڵ پیاوان قەدەغەیەو "تەنـانەت سـەیرکردنیش"**خیـانەتکردن** لە ئەرکە شۆڕشـگێڕییەکان"ە*[١٤٠]. کاتێـک ژن"**دەڵـێ ئـارەزوم لە پەیوەنـدی بەسـتنە**!ئاشـکرایە کە ئەمە هەڵوێـستێکی **بـێ شـەرمانەیە**". "[١٤١] چـونکە دەبێـتە مـایەی سـەرنەکەوتن لە ئەرکە شۆڕشگێڕییەکاندا!

ئەگەر دوای ئەم هەمـــو ســـزای خیـــانەت و بـــێ شـەرمیەش هێـشتا ژن بیـری لەگەڵ ژیـان لەگەڵ پیـاودا کردەوە و لەسەر بەڵاوکێشەی ئازادی ژن بەردەوام بوو، ئەوا هەر نـــاتوانێ خێـــزان دروســـت بکـــا لەبەر ئەوەی کـۆیلایەتی ژنـــانە. بـۆیە ژن دەبـێ بەپرۆســـەی چـونە پەرستگای ژنانی پەکەکە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەست پێ بکات تا دەگاتە تەمەنێک لە عەقڵ و زانست و گەیشتن بە پلەی خواوەندی، "**پێویستە ئارەزووی سێکسی بکاتە دیلی "بلیمەتی سەردەم**". [١٤٢]. وە "ئەگەر ژن لەسەر ئازادی سـوور بێت، ئەوکـات پێویـستە بەرگەی ژیـانێکی تەنیـایی مەزن بگرێت"ئەم ژیانەش"پێویستی بە ژیانی مێخوداوەند هەیە کەلەگەڵ کلتـــوری کـــۆنی مێخوداوەنـــد هاوتابێـــت.

---

[140]ل ١٥٣- (ئۆجەلان، ژنۆلۆژی)

[141]ل ١٥٣- هەمان سەرچاوە

[142]ل٦٩- هەمان سەرچاوە

پێویستە ئەو خاڵە ڕەچاوبکات یەکێک **لە تایبەتمەندیەکانی مێخوداوەندێتی هاوسەرگیری لەگەڵ پیاو نەدەکرد.** "[١٤٣]
کەواتە کاتێک ژن ئازاد دەبێت کە ببێت بە خوا کە بوش بە خوا ئیتر نابێت لەگەڵ پیاودا بێت. بەم چەشنە قەدەغەکردنی سێکس لە ژنان لەناو پەکەکەدا پیرۆز دەکرێ و بۆ ئەو دنیایە هەڵدەگیرێ کە ژن دەبێ بە خواوەند. ئەم بۆچونە دینیە لەسەر گوناحی و پیسی سێکس لە "ژنۆلۆژیدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە و ئۆجەلان دەڵێ؛" **هەڵوێستی بەگومانی زۆربەی ئاینەکان بەرامبەر بەو پەیوەندیە (سێکسیە) مانادارە، پەیوەندی بەڕێخۆشکردن بۆ کەوتن، چەپەڵی و دەرکەوتن لە حەقیقەتەوە هەیە.** "[١٤٤] .

ئەم پەنابردنە بەر ئاینە ئۆجەلان دەگەیەنێتە ئەوەی ڕێگای ئازادی ژنان و نمونەی ژنی ئازاد لە کۆمەڵگە نمونەیەکەی"دیموکراتی شارستانی"یەکەیدا ببێ بەوە کەژنان "شوێنگەی پراکتیکی ڕاهیبە ژنەکان. . گوزارەی **ڕزگاربونە لە عەیبداری و چەمکی سێکسی**"*[١٤٥] بگرن. بەکورتی **سێکس ئەو عەیبداریە**یە کە ژن دەبێ لە خۆیانی قەدەغەبکەن ئەگینا بە ئازادی ناگەن.

---

[143] ل ١٩٨- (ئۆجەلان، ژنۆلۆژی)
[144] ل١٩٧- هەمان سەرچاوە
[145] ل ١٢٤- (ئۆجەلان، ژنۆلۆژی)

ئۆجەلان سەرئەنجام پێمان نالێ کەی سێکس وەک مافێکی سروشتی بۆ ژن و پیاو دەسەلمێنێ؟ ئایا کەی دەتوانێ ئەم ئازادیەی سێکس کردن دابین بکا؟ بێگومان وەڵامەکەی ئۆجەلان ڕۆشنە، ئەویش ئەوەیە دوای ئەوەی ژن گەیشتە پلەی مێخوداوەندی"**ئینانا-ئافرۆدیت**"[١٤٦] ، ئیتر ئەوکاتیش خۆی ئامادە نابێت لەگەڵ پیاوێک کە پلەیەک لە خوار ئەوەوەیە **هاوسەرگیری** بکا. ژن لەگەڵ پیاودا "هاوژیانی ئازاد" دروست دەکات بەڵام بەمەرجێک "**پیاوی** کۆمەڵگەی پیاوسالاری کردویەتی بە کۆیلە. پێویستە **پایەی عاریفی بەدەست بێنێت**."[١٤٧]. بۆچی وشەی عاریف واتە مەعریفەی ئیلاهی بەدەست بێنێت نەک زانست یان تەنانەت "ژنۆلۆژی"،زانستەکەی ئۆجەلان خۆی، ئەمە لەبەر ئەوەیە ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی بونە خوداوەندە کە پیاویش وەک ژن دەبێت بە پرۆسەی خواوەندێتیدا تێپەڕێت کە پلەی پیاو پلەیەک لە خوارترە. "پێویستە باش تێبگەین کە فاکتەرێکی بەم جۆرە(هاوژینی ئازاد) تەنیا دەشێت **پیاوێکی** پرۆمۆتۆسی **نیمچە-خوداوەند-مرۆڤ** بێت."[١٤٨]. سەیر لەوەدایە کە ئەم هاوژینە ئازادەی ژنی خوداوەند و پیاوی نیمچە خوداوەند بەناوی

---

[146] ل١٩٨- (ئۆجەلان، ژنۆلۆژی)

[147] ل ٢٠٠- هەمان سەرچاوە

[148] ل ١٩٩- هەمان سەرچاوە

سۆسیالیستەوە ناو دەنێ،و دەڵێ؛" سوسیالیست بوون تارادەیەک لە میانەی بەرجەستەکردنی خەیاڵی "**ئینانا-ئافرۆدیت**"و **پرۆمۆتۆس بەدیدێت**. "[149].

ئەمە کۆمەڵگە نمونەییەکەی **زانستی ژنناسیە** کە ئینسان تیایدا لە هەموو عەیبداری سێکسی ڕزگاری بوە و ئیتر پێویستی بە سێکسی ٢٤ سەعاتە نیە و ساڵی جارێک وەک سروشتی ئاژەڵەکان لەوانەیە پیویست بکا سێکس بکا ئەویش بێگومان دوای دەرچون لە پەیمانگای ڕاهیبی و عاریفی و ڕێگرتن لە هاوسەرگیری لەگەڵ پیاودا. ئەم خێزانە پیرۆزەی مێخوداوەند و نیمچە خوداوەندی نێر بەبی سێکس دەچێتە پێشەوە و تەنیا لەسەر بنەمای "ئەشقی ئەفلاتونی ئەشقی فیکر و کرداره. "[150] ئەم ئەشقە هەرچەند "ئەوکات بەدیدێت کە سەرکەوتنی مەزن لەکاروخەباتە قورسەکانی **بونیادنانی نەتەوەی دیموکرات** بەدەست بهێنرێت. **لەکوردستانی ئەمرۆماندا** دیالکتیکی **ئەشقێکی مانادار لەڕاستی کۆمەڵگەی کورد تاڕادەیەکی زۆر پیویستە پلاتۆنیک(ئەفلاتونی)بێت**. "[151] دیسان باسکردن لە هاوژینی ئازاد نەک عەشقی سێکس کردن بەڵکو عەشقی بونیادنانی نەتەوەی دیموکراتە. عەشقی

---

[149] ل١٩٩- (ئۆجەلان، ژنۆلۆژی)

[150] ل٢٠٨- هەمان سەرچاوە

[151] ل٢٠٨- هەمان سەرچاوە

پێکەوە بونی ژن و پیاو بۆ بونیادنانی نەتەوەی دیموکراتە نەک حەزی سێکسیان بۆ یەکتر هەبێ. ئەمە چ پەیوەندیەکی خۆشەوسیتی و عەشقە. بۆ دەبێ "**لەکوردستانی ئەمرۆماندا**" عەشق لە هەموو دنیای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی جیابێت؟!

ئەم ئەشقە پلاتۆنیەی کورد جیاوازە لەو عەشقە سێکسیەی لە دنیای مۆدێرنی ئەمڕۆدا ڕۆژبەڕۆژ بوەتە بنەمای پێکەوە بونی ژن و پیاو. جیاوازەکەی عەشقە ئەفلاتونیەکەی ئۆجەلان لەوەدایە کە؛"**ژیانێکی بەردەوام لەگەڵ ژنێکی** شاجوانی جیهان **ئەشق نیە**. هەڵبەتە لەبەرئەوەی ئەشق نیە، ماوەیەکی کورت دوای بەیەکەوە بوون دووڕویی دەردەکەوێت. **چونکە** سەرچاوەی خۆی لەپەیوەندیەک وەردەگرێت کە بێ مانا ئاواکراوە یاخود **بنەماکەی جەستەیە**. لەبەرامبەر ئەوەشدا **لە** پراکتیکی **پەکەکە و کەجەکەدا** چەندین کوڕ و کچی لاوی کۆیلەی دوێنێ بوون، **بەبێ ئەوەی بەیەکەوە بن و جوتبن**، لە میانەی ئەشقێکی پلاتۆنیەوە کاری گەورەیان لە بونیادنانی نەتەوەی دیموکرات ئەنجامداوە و هێزی کەسایەتی خۆشیان سەلماندوە. لەوبارەیەوە بەسەدان **شەهیدی هێژاو قارەمانمان هەیە**. ئەوانە ئەو گەورە لەهەنگانەن کە **بونەتە مەم وزین**. "[١٥٢]. **ئەشق لەسەر بنەمای جەستە**

---

[152] ل٢٠٨- (ئۆجەلان، ژنۆلۆژی)

**عەشق نیە. عەشق عەشقی پەکەکە و کەجەکەیە کە بێ ئەوەی جوتبن شەهید دەبن و مەم و زینن.** ! هەندێ جار ئینسان باوەڕ ناکا کەسێک ئەمانە بەناوی زانستی ژنناسیەوە بنوسێ و بیەوێ ئینسانەکانی سەدەی بیست ویەک باوەڕ بەم ئاینەی چاخە سەرەتاییەکانی شارستانیەت بهێنن ! عەشق و خۆشەوسیتی لە جەستە و جوتبن جیابکرێتەوە و چالاکی گەریلایی و پێشمەرگە لەگەڵ شەڕدا بە عەشقی نێوان ژن و پیاو دابنرێ و ئەو پێشمەرگە و چەکدارانەی خەریکی شەڕن نەک سێکس و دڵداری و جوتبون ناویان بنێی مەم و زین و شیرین و فەرهاد و لەیلا و مەجنون و ڕۆمیۆ و جولێت! ئەم دینەی "ژنۆلۆژی" لەمەسەلەی سێکس و عەشقدا لە ئاست ئیسلامیشدا ناواقعی تر و خۆلادەرترە لەوەی لە ڕاستیدا چی دەڵێ لەسەر سێکس و خۆشەویستی سێکسی نێوان ژن و پیاو. ئیسلام هەمان خێزانی تاکلایەنەی ژن و پیاو لە سەر زەوی و لە بەهەشتدا بە فرەژنیەکەیەوە بەڕۆشنی پارێزگاری لێدەکا، کە نمونەی سەرتاپا کۆیلایەتی ژنە. بەڵام "**ژنۆلۆژی" ئینکاری عەشقی جەستەیی دەکا و دەیگۆڕێت بە عەشقی نەتەوەی دیموکرات.** مەم و زینی کورد نەک لەگەڵ یەکتردا جوت نابن و عەشقی جەستەی یەکتر نابن، بەڵکو لە پێناو نەتەوەی دیموکراتی کوردا شەهید دەبن و ئەمە ژیانی سێکسی و عەشقیان پێک دەهێنێ.

ئۆجەلان بە پرۆسەیەک بەم تیۆری گۆڕینی سێکسی جەستەیی بە عەشقی ئیلاهی دەگات لەناو پەکەکەدا و ئەمەش دەوری بزوتنەوەی ناسیونالیستیمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە لە چارەسەری کێشەی سێکسی ژنان. ئەو دەڵێ" پەسەندکردنی (ڕێگای گیڤارا کە تێرکردنی سێکسی لە ڕیزەکانیدا ڕەت نەکردۆتەوە). . مانای لەناوبردنی خۆمان بوو. هەڤاڵێک یان گروپێک لەئارادانەبوو کە بەسەر ڕەمەکی سێکسیدا زاڵ بێت. . بەتەواوی بەدەرنانی ژن،. . ڕاست نەبو.

**ڕێگەیەکی دیکەی چارەسەری هەبوو: بە گوتەی عامیانە ئەویش "بەستنەوە"بوو**، هەروەها "**هاوسەرگیری شۆڕشگێڕیش**" ڕێگەچارەیەک بوو کە ڕێکخراوە چەپڕەوە شۆڕشگێڕەکان کردبویان بە مۆدێلێک. بەڵام ئەم ڕیبازانەم بەراست نەدەزانی. جگە لە مایەپوچکردنی وزەی شۆڕشگێڕانە، هەلومەرجە مادی و جەستەییەکانیش ڕێگەی نەدەدا. جگەلەوەی گرتنە بەری ڕیگای پەنابەری ئەوروپا یاخود تێکەڵ بون بە خەڵک و ژیانێکی پارازێتی بەناوی ڕێکخستن هیچ ئەنجامێکی دیکەی لەگەڵ خۆی نەدەهێنا. ئەوەش شیوەیەکی دیکەی تەسفیەکاری بوو.

ئەو ڕیگایەی تاقیم کردەوە، بڕیاردان بوو لەسەر شیوازێکی پەیوەندی کە لە کولتوری خۆرهەڵاتی ناوین بیری لێنەکراوەتەوە و بەخەیاڵیشدا نەهاتوە، ئەویش ڕەچاوکردنی ژیان و شەڕکردنێکی تادوایی بوو لە ناو **پەیوەندی** و ناکۆکیەکی دیالەکتیکی **دەرەوەی**

**هاوســـەرگیری** کە پێویـــستیەکی ناچـــاری دادەنرێـــت. قۆسترایەوە، خراپ بەکارهێنراو بوو بە ئامڕازی سەدان تەڵەکە و فریودان. "[153] .

کەواتە ئــۆجەلان لە تاقیکردنەوەکــانی نــاو پەکەکەوە بەوە گەیـشتوە کە تیـۆر و تێـزی قەدەغەکردنـی سـێکس **تایبەتمەنـــدی کـــوردە** کە "**لەکوردســـتانی ئەمڕۆمانـــدا ئەشقێکی مانادار لەڕاستی کۆمەڵگەی کورد تاڕادەیەکی زۆر پیویـستە پلاتۆنیـک بێـت.** "[154]. بەڵام بـۆچی کـورد نـاتوانێ وەک گیڤـارا، یـاخود "چەپە شۆڕشـگێڕەکان" یـان کلتوری جیاواز لە "کولتوری خۆرهەڵاتی ناوین" کێشەی سێکسی ژنان چارەسەر بکا؟ بۆ ڕیگای ژیانی هاوسەری یان ژیانی پیکەوەیی لەدەرەوەی هاوسەرگیری شکستی خوارد؟

لای ئۆجەلان ژن بونەوەرێکە تا ئەوکاتەی لە ئاسمانە و پاکیزە و دورە لە سێکسکردن و ئازادیە ئەوا پیرۆزە و خواوەندەو فریشتەیە، بەڵام کاتێک لەسەر زەویە و لە نێو پەکەکە و لە کـــۆمەڵگەی کوردســـتاندایە ، ئەوا ژنـــی سیستەمە و جێگـای ترس و نەفرەت و ڕیسواییە ئەگەر پیـاو لەگەڵیـدا بێـت، چـونکە پیـاو و گەریـلا لە ئەرکە شۆڕشگێڕیەکانی لادەدا.

---

[153] (ئۆجەلان، ژنۆلۆژی) ل ١٧٠-١٧١

[154] ل ٢٠٨- هەمان سەرچاوە

ئەمە هەمـــان بۆچـــونی **ئیمـــام غەزالـــی ئیـــسلامە** کە " **شارستانی ململانێیەکە بۆ زاڵبون بەسەر هێزی تێکدەری ژناندا (سێکسی ژنـان)کە دەست بەسـەر هەموو شتێکدا دەگرێت. بۆیە هەر دەبێت ژنـان کۆنترۆڵ بکرێن تـاکو پیـاوان بچـن بەلای ئەرکە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکانیـانەوە.** ١٥٥*"

ئەمە هەمـــان باکگراونـــدی ژنۆفۆبیـــای ئیـــسلامیە کە ئـــــۆجەلان بـــــۆی گەڕاوەتەوە لەدوای تـــــاقیکردنەوەی "پەیوەندیە سێکسیەی دەرەوەی هاوسـەرگیری" کە لەگەڵ فەرهەنـگ و کەلتـوری خێڵەکـی و "پەیوەنـدیەکانی گونـد"ی ئۆجەلاندا نەهاتۆتەوە.

ئۆجەلان بەشێکی لە پێنـاو مـانەوەی هێزی شـەڕکەری پەکەکەدا دژی هاوسەرگیریە، چونکە "سکپڕبونی ژنـان" و چـون بـۆ ئەوروپـا و تێکەڵبـون بەخەڵکـی لێـدەکەوێتەوە، ئەوەی ئەو دەیەوێ ئەو ســـەربازانەیە کە شـــەڕ دەکەن و شەهید دەبن .

بەڵام بەشــــەکەی تـــری ئەم هەڵوێـــست گـــۆڕینە ئەو وەرچەرخانە ئیدیۆلۆژیەی ئۆجەلانە کە بەرامبەر بە ئـاین و ئیـسلام وەریـدەگرێ و ئەو "ڕاسـتیە" دەدەۆزێـتەوە کە "**هەڵوێـستی بەگومـانی زۆربەی ئاینەکـان بەرامـبەر بەو پەیوەندیە (سێکسیە) مانادارە، پەیوەنـدی بەڕێخۆشـکردن**

---

[155] ل ١٠٥ فاطمة المرنيسي- ماوراء الحجاب

**بۆ کەوتن، چەپەڵی و دەرکەوتن لە حەقیقەتەوە هەیە**. "[156]
و ئەم ئایدیۆلۆژیە تازەیە وا لە ئۆجەلان دەکا کە مۆدێلی جوتبوون و سێکسی دەرەوەی هاوسەرگیری "**تەڵەکە و فریودان**"ی **نێوان ژن و پیاوی گەریلا** یە و دەبێ قەدەغە بکرێ؟

ئیتر لێرە بەدواوە ئەم پەیوەندی و عەشقە سێکسیە جەستەییە دەکرێتە عەشقی ئەفلاتونی ناجەستەیی، و **پێویستی ناچاری سێکس دەبێت "بە خیانەتکردن لە ئەرکە شۆڕشگێڕییەکان**"ە*[157]!. ئیتر هاوژیانی ئازادی ژن و پیاو ئەوەیە کە "**بەبێ ڕزگاری و ئازادی ناتوانن تەماشای یەکتریش بکەن.** "[158]. ئەمە ئەو وەرچەرخانێکی ئایدیۆلۆژی یان گەڕانەوە دواوەیە کە لە پەیوەندی دەرەوەی هاوسەرگیریەوە دۆخەکە دەگات بەوەی کە ئەگەر ژن یان پیاو "**دەڵێ ئارەزوم لە پەیوەندی بەستنە**!ئاشکرایە کە ئەمە هەڵوێستێکی **بێ شەرمانەیە**. "[159] . سەرچاوەی ئەم **سرینەوەیەی عەشقی جەستەیی و عەیبداریە سێکسیە** لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟

دیارە ئۆجەلان ئەم جۆری پەیوەندیە سێکسیەی دەرەوەی هاوسەرگیری، کە بە ڕێگایەک دادەنێ کە لەناو کورد و خۆرهەڵاتی ناوین بیری لێنەکراوەتەوە، بە

---

[156] ل١٩٧- (ئۆجەلان، ژنۆلۆژی)

[157] ل ١٥٣- هەمان سەرچاوە

[158] ل٦٩- هەمان سەرچاوە

[159] ل ١٥٣- هەمان سەرچاوە

مـۆدێرنیتە دەزانـێ و کەدواتـر لەگەڵ فەرهەنگـی خۆشـیدا نـــــاگونجێ و بە "**تەڵەکە و فریـــــودان**" **بە** "**نەخۆشـــــی مۆدێرنیتە**"ناو دەبا و لەدژی دەوەستێ و ڕایدەگەیەنێ کە ئەو "**شــــەیدای چیـــا**" [160]، وفەرهەنگـــی "**پەیوەنـــدیەکانی گونـد**"[161]و "**بەسـتنەوەی بە ناسـنامە و کێشـەی کـورد و چارەسەرکردنیەوە**"[162]گەیشتوە بەم تێزانەی ژنۆلـۆژی کە قەدەغەکردنی سێکس و عەشق و هاوسەرگیریە.

بەڵام لە ڕاســتیدا ئەمە هەمــوو ترســـە لە ســێکس و ئـــــازادی ژن لە پەیوەنــــدی لەگەڵ پیـــــاودا لە دەرەوەی هاوســــەرگیریدا هەمـــان کلتــوری ژنۆفۆبیـــای ئـــاینی و ئیــسلامیە کە لە کـــۆمەڵگەی کوردســـتان و ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـــتدا زاڵە و ئـــــۆجەلان بەنــــاوی فەرهەنگـــــی "**پەیوەندیەکانی گونـد**" **و ناسـنامەی کـورد و زاگرۆسـەوە** گەڕاوەتەوە بۆی و پەیڕەوی دەکا.

بەکـــورتی ئـــۆجەلان مـــۆدێرنێتەی ســــەرمایەداری و سێکس و عەشقی دەرەوەی هاوسـەرگیری قەدەغەدەکا تـا بەرەودواوە بگەڕێتەوە بـۆ فەرهەنگـی خێڵ و گونـد و ئەو ئـاینەی ژن وەک ڕاهیـب بە پـاکیزەیی دەهێڵێـتەوە و ئەم جۆرە لە پەیوەنـدی نێوان ژن و پیـاو لە پێنـاو خزمەت بە

---

[160]ل١٧٢- (ئۆجەلان، ژنۆلۆژی)

[161]ل١٧٣- هەمان سەرچاوە

[162]ل١٨١- هەمان سەرچاوە

کوردایەتی و سەرکەوتنی کێشەی کوردەوە، واتە پەکەکە، گرنگە.

ئەمە هەڵبژاردەی سیاسی ئۆجەلانە کە کێشەی بونی ژنـان لە پەکەکەدا بە گەڕانەوە بـۆ فەرهەنگـی دێهاتیـانەی کـۆنی کـورد بە ڕێگـا چـارە دادەنـێ و ئەم دواکەتـویەش بەنـاوی زانـستی ژنناسـیەوە دەڕازێنێـتەوە. ئەو دەڵـێ" **کوردەکان وەک کۆمەڵگە پێشکەوتنێکی وایان بەخۆیانەوە نەبینیـــــوە. . فارســــــەکان، یۆنانیەکــــــان، ڕۆم و ساسانیەکان،موسوڵمان و تورک و عوسمانیەکان هاتن و ئێـستا سـەرەی ئەمریکـایە. لەهەمـو ئەم قۆناغـانەدا کوردەکـان وەک کـورد بەشـیوەی سـەرەتایی مـانەوە و ژیانیانکرد. کۆمەڵگەی کورد بە سەردەمی کۆیلایەتی یا سـەرمایەداریدا تێنەپەڕیـوە. بەلکـو لە کۆمـۆنیزمی سەرەتاییەوە بەرەو فیۆدالی هەنگاوی ناوە و هەر لەویدا ماوەتەوە. ئەم تایبەتمەندیە لە هەندێ لایەنەوە ئەرێنیە، کۆمەڵگەیەک بەم شیوەیە سادە و سەرەتایی بێت لە چاو کـۆمەڵگەیەک کە لە کـۆیلایەتی و سـەرمایەداریدا نقـوم بوبێـت، بەتوانـاتر و بەهێزتـرە. بەهەمـان هـۆوە مـن بەئاسانی دەتوانم خەڵک بۆ ڕاپەڕین هەڵخڕێنم.** "[١٦٣].

**ئەمە کلیلـی تێگەیـشتنە لە مێنتـاڵیتی ئـۆجەلان و سـەرکردەی بـزوتنەوە چەکـداریە کوردیەکـان و**

[163]ل ١٤٨ ئۆجەلان - کتێبی(خەڵک و ڕێبەری)"

**میلیـشیاکانیان** ، ئەمـانە خەڵکـی کوردسـتان بە سـادە و سەرەتایی و نەخوێندەوار و گوند نشین و خێڵەکی دەزانن هەربـۆیە تیـژی قەدەغەکردنـی سـێکس و خۆشەویـستی و خەساندنی ژنان ،کە هەمان ژنۆفۆبیـای ئیسلامی و دینیە، ناودەنێن زانستی "ژنۆلۆژی".

تێزەکـانی ژنۆلـۆژی سـەبارەت بە سـێکس و عەشـق و خیـزان و ئـازادی پـشتی بەم لێکـدانەوەیە بەسـتوە کە کوردسـتان کـۆمەڵگەیەکی دەرەبەگـایەتی و دواکەوتـوە و سەرمایەداری نیە بۆیە نەتیوانیوە لەگەڵ تێزی مۆدێرنەی " زەواجـی شۆڕشـگێڕانە یـاخود پەیوەنـدی سێکـسی دەرەوەی هاوسـەرگیری" دا بێـتەوە . ئـۆجەلان لێـرەوە تێزی "عەشقی ئەفلاتونی و خیانەتی سێکسکردن" دەکاتە تیـۆری بـۆ خەڵکێکـی سـادەی کوردسـتان کە هێـشتا بە مـۆدێرنیتەی سـەرمایەداری نەگەیـشتون و لە ژیـان و فەرهەنگی کوێرە دێهاتی دەرەبەگایەتیدا دەژین. بێگومـان ئەم تێوریەی ئۆجەلان بۆ لادێکانی کوردستانی تورکیا کە لەلایەن دەوڵەتـی فاشـستی ڕەگەزپەرسـتی تورکیـاوە لە دواکەوتویی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا هێڵراوەتەوە دەتوانێ "بەئاسانی خەڵکی سادە" لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، بەڵام نـاکۆکە بە ژیـانی شارنـشینی کـۆمەڵگەی کوردسـتان. ڕۆچـونی پەیوەنـدیە سـەرمایەداریەکان بـۆ هەمـوو شارەکانی کوردستان چ لە تورکیا و چ لەعێراق و ئیران و سـوریا پـێچەوانەی ئەم تێـزەی ئـۆجەلان لەسـەر دەرەبەگـایەتی مـانەوەی پەیوەنـدیەکانی کـۆمەڵگەی کوردستان دەخاتەڕوو.

گۆڕینی ڕەیلی پەیوەندی سێکس و عەشقی ژن و پیاو لەپەکەکەدا، لە "**هاوسەرگیری شۆڕشگێڕیش**" و "**پەیوەندی دەرەوەی هاوسەرگیری**"یەوە بۆ **ڕاهیب بونی ژنان و قەدەغەکردنی سێکس**، هەڵبژاردەیەکی سیاسی ئۆجەلانە. ئاپۆ لەڕێگەی "ژنۆلۆژی" کە قەدەغەی سێکس و خۆشەویستی سێکسیە لە ناو پەکەکەدا دەیەوێ کۆمەڵگەی کورد ڕێگە بە کچ و ژنەکان بدەن بێنە ڕیزی پەکەکەوە و دڵنیابن لەوەی سێکس ناکەن و نابنە مایەی "عەیبداری چێژی سێکسی" و خەتەر بۆ سەر ئابڕو شەرەفی خێزانەکانیان. تیۆریزەکردنی ئەم مەبەستە سیاسیە پێویستی بە تۆخکردنەوەی کەلتوری دواکەوتوانەی خێڵ- گوند و ئاین و ئیسلام دژایەتی مۆدێرنیتە بونی کۆمەڵگەی کوردستانی تورکیایە.

ئەم تێزی فەرهەنگی گوند- خێڵەی ئۆجەلان نوێنەرایەتی کردنی کەلتوری عەشیرەتی و خێلایەتی و دێهاتیانە و ئیسلامیانەی کوردستانە کە تایبەتمەندیەکانی بزوتنەوەی چەکداری ناسیونالیستی کورد پێک دەهێنێ، نەک تایبەتمەندی دەرەبەگایەتی بونی سیستەمی ئابوری کوردستان. ئەمە وەڵامێکی فکری و سیاسی ناسیونالیزمی کوردە بە کێشەی بونی ژنان لە پەکەکەدا بە گەڕانەوە بۆ تۆخکردنەوەی فەرهەنگی دێهاتیانەی کۆن کە لەناو کوێرە دێهاتەکانی کوردستاندا ماوە و هیچ پەیوەندیەکی بەسەر ژیانی شارنشینی مۆدێرنی کوردستانەوە نیە.

ئێمە لە چارەکە سەدەی ڕابردوودا نمونەی یەکێتی و پارتیمان بینیوە لە گێڕانەوەی فەرهەنگی دواکەوتوانەی گوند- خێڵدا بەسەر شارەکانی کوردستان و پاشەکشە پێکردنی فەرهەنگی مۆدێرنی خەڵکی شارەکانی کوردستان. سولّحی عەشایری لەڕێگەی مەکتەبە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم حزبانەوە و کوشتنی هەزاران ژن لەسەر "ناموسی پیاو" و سەپاندنی یاسای فرەژنی، بەشێک لە جێبەجێکردنی ئەم فەرهەنگە دواکەوتوی خێڵ و گوندیانەی دەسەڵاتی میلیشیایی ناسیونالیزمی کوردە. **جیاوازی "ژنۆلۆژی" لەوەدایە گەڕانەوە بۆ ئەم فەرهەنگە دواکەتویەی گوند- خێڵ بەناوی زانستی ژنناسیەوە ،** بەناوی گەڕانەوە بۆ فەرهەنگی چەرخی بەردینی نوێ و فەرهەنگی ڕەسەنی کوردی چیایی و دایکسالاریەوە، **دەڕازێنێتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا** ئەم **ژنۆلۆژیە** هەمان تێڕوانینی ژنۆفۆبیای بزوتنەوەی چەکداری ناسیونالیستی کوردە سەبارەت بە ژن و کۆمەڵگەی کوردستان کە لەلای ئۆجەلان بە شێوەی "**بەڵای کێشەی ژن و ڕێگاچارەی قەدەغەکردنی سێکس**" کراوەتە تێز و تیۆری و لای تاڵەبانی و بارزانیش بەشێوەی ژیاندنەوەی "یاسای فرەژنی" لەپەرلەمانی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێ.

ئەم ئینکارکردنەی مافی ژنان لە ئازادی سێکس و عەشق و پیکەوە بوون لەگەڵ پیاودا نیشانی دەدا کە قاڵبی فکری و سیاسی ئەم بزوتنەوە چەکداریە ناکۆک و دژ بە ئازادی ژنان و مافی سێکس و عەشقی ئەوانە و هەربۆیە

"ژنـــان وەک بەڵای بـــزوتنەوەکە "ســـەیر دەکـــرێن و قوربانیەکـانی دەکـرێنە"ڕاهیـبە کریـستیانەکان" کە تـاکو گەیشتن بە "ئـازادی" کوردسـتان نابێـت"سـەیری پیـاویش بـــکەن" ، وە دوای ڕزگـــاری کـــوردیش وەک هەرێمـــی کوردستان هەزارانیان دەبنە قوربانی ناموس پەرستی و ڕەشـــەکوژیان دەســـت پـێ دەکـا. هاوکـات "ژنۆلـۆژی" بەرهەمـــــی گـــــۆڕانی پەکەکە یە لە بزوتنەوەیەکـــــی ناسیونالیـــستی چەپ بەرەو ناسیونالیـــستی ڕاســـت کە لەدوای ڕوخـــــانی ســـــۆڤیەت زۆربەی ئەم بـــــزوتنەوە ناسیونالیست چەپانە گۆڕانکاریان لە فەرهەنگ و بەرنامە و ئیدیۆلۆژیای خۆیاندا بەوەرچەرخان بەرەو ڕاست کرد. ئەمە لە گۆڕینی ئەم ڕەیلی پەیوەندی نێوان ژن و پیاوەی ڕیزەکانی پەکەکەدا و لە فکر و پراتیکی ئاپۆدا سەبارەت بە ژنان دەبینین.

بەڵام بـۆ شـیکردنەوەی بنەماکـانی ئەم هەڵوێستگیریە دوالیـــــستیەدواکەوتوانە دینـــــی و ناسیونالیـــــستیانەی "ژنۆلۆژی" لەسەر مەسەلەی ژن پیویستە لەسەر مێژووی ئەم پەیوەنـدیە سێکـسیانە لە کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی و پەیوەندی بە کۆمەڵگەی کوردستانەوە قسەبکەین. چونکە بنەمـای فکـر و نەریتـی ناسـیونالیزمی کـورد بـریتیە لەو زەمیـــنە ئـــابوری و کۆمەڵایەتیـــانەی کە کـــۆمەڵگەی کوردستانی تێدایە و ئەمەش شێوازی خێزان و پەیوەندی نێـوان ژن و پیـاوی پێکهێنـاوە و لێرەشـەوە دابونەریـت وفەرهەنگـی دواکەتـوانە سـەبارەت بە ئـازادی سـێکس و عەشق و ئازادی ژن سـەرچاوەی گرتـوە. هەربـۆیەگرنگی

دانمان بە باسی سێکس و عەشق و خێزان و ئازادی بۆ ڕۆشـــنکردنەوەی دیـــدی زانـــستی و پێـــشکەوتوانەی هـــاوچەرخە لەســـەر ئەم چەمـــک و دیـــاردانە و بەراوردکردنیـــانە لەگەڵ دواکەوتـــویی و کۆنەپـــارێزی و خورافەیی تێزەکانی ئۆجەلان لە ژنۆلۆژیدا کە لەدەرەوەی هەمـــوو زانـــستێکە و دژ بە تەواوی دەســـتکەوتە زانستیەکانی تا ئیستایە.

ئێمە لەبەشەکانی پێشودا لەسەر قۆناغەکانی گۆڕانی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو لە شیوەی پێکەوە بونی بەکۆمەڵ و دواتر دوولایەنە و تاک لایەنە قسەمان کرد.

مێژووی سێکس و عەشقیش پێ بەپێی ئەم قۆناغانەی شێوازە کۆمەڵایەتیەکانی پێکەوە بونی ژن و پیاو گۆڕاوە و بەرەو پێش چوە. سێکس لە چاخی دڕندایەتی و تا ناوەڕاستی بەربەریەتی پێش شارستانیدا هەرچەند وەک کـالا مـامەڵە نەکـراوە بەڵام وەک بـاقی هوشـیاری کۆمەڵایەتی مرۆڤ و بەشێک لەو تێگەیشتنە سەرەتاییەی مرۆڤ بۆ پەیوەندی و ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی هەیبوە زۆر غەریزەیی و ساکار و نائاگایانە و وەڵامدەرەوەی پێویستیە جەستەیی و مانەوەی بوە. سێکس و عەشق کاتێک شێوازی تاکە ژنومێردایەتی ،واتە خێزانی ئێستا، دروست دەبێت تێکەڵاو بە هیتریزم و لە شفرۆشی دەبێ. *١٦٤ لەبەرئەوەی پیاو وەک سەرۆکی خێزان خاوەنی

---

[164] ل٢٨٠(ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریتی تایبەت ودەوڵەت)

هەموو ئەندامانی خێزانە، ژن و منداڵەکان، و کۆیلەکانیش. ئەم جێگاو ڕیگا بالاَدەستیەی پیاو پەیوەندی سێکس و عەشقیش لەگەڵ ژندا دەگۆڕیَ. ژنان دەبنە کۆیلەی ناومـــاڵ کە هەم پیویـــستی سێکـــسی پیـــاو و هەم دروستکردنی منداڵ وەک میراتگری پیاو جێبەجیَ دەکەن. هاوکات پیاو ڕیگە پێدراوە کە ژنی تر بهێنیَ یاخود پەیوەندی لەگەڵ ژنانی تر هەبیَ کە شویان نەکردوە یان لەشفرۆشن. لێرەدا سێکس دەبێتە وەسیلەی کڕین و فرۆشتن و وەک کالاَ لەبازاڕی پیاواندا مامەڵەی پیوە دەکریَ.

"فرەژنی یەک پیاو لە ئەنجامی کۆیلایەتیەوە دروست دەبوو و تەنیا بۆ ئەو کەسانە دەلوا کە پلە پایەیەکی نائاساییان داگیرکردبوو"و"لەبنەڕەتدا بە کڕینی کەنیزەک (ژنانی کۆیلە)دەهاتە دی"[165]

بەم جۆرە کۆیلایەتی تێگەیشتنێکی نویَ و جێگایەکی نـوێی بـۆ سـێکس دروسـتکرد، کە لە شـیوەی یاسـا و کەلتوری خێزان و خێڵ و دەوڵەتدا خۆی نیشان دەدا و چیتر پەیوەندی خۆڕسک ئازادانە و خۆشەویستی نێوان ئینسانەکان یان نێوان ژن و پیاوێک نیە بەڵکو بەشێک لە سیستەم و بازاڕی خاوەنداریێتیە کە وەک هەر کالاَیەکی تر حساب و کتابی هەیە و لێپرسینەوە و سزای لەسەرە

[165] ل ١٠٧-١٠٨ ئەنگلس،بـنچەی خێـزان و خاوەنـداریێتی تـایبەت ودەوڵەت

و کڕیار و فرۆشیاری هەیە. بێگومان لەهەموو یاساکاندا مافی پیاوان بۆ ئازادی سێکس و ناپاکیکردن، و بێ مافی ژنان بۆ دەرنەچون لە دەسەڵاتی پیاو پەیڕەو کراوە. بۆنمونە( یاسای ناپلیۆن بێ پەردە ئەم مافە،ناپاکیکردن، بە میرد دەسپێرێت،بەومەرجەی پیاوەکە دۆستەکەی نەهێنێتە ماڵەکەیەوە)[١٦٦] ، فرەژنیش " تا ئەمڕۆ لەسەر پاکی ڕۆژهەڵاتدا لەئارادایە"[١٦٧].

دینی ئیسلامیش وەک درێژەپێدەری ئەم کۆیلایەتیەی ژنان "چوار ژنی" ڕەسمی و شەرعی و "کەنیزەک یا کۆیلە"ی بێ سنوری بۆ پیاو پیرۆزکردوە. ئۆجەلان ئەم کۆیلایەتیەی ژنان لە ئیسلامدا بە شۆڕش ناودەبا و دەڵێ"(محمد)لە میانەی پەیوەندی لەگەڵ خەدیجە شۆڕشی ژن. . ئەنجام دەدرێت. "[١٦٨]. "چەمکی حەزرەتی محەمەد سەبارەت بە **ئەشقیش سەرسوڕهێنەرە.** لە پەنجاساڵیدا **ئەڤینداریەکەی لەگەڵ عائیشەی نۆساڵی، ئاستی بەرزی پەیوەنداربونی حەزرەتی محەمەد بەژن نیشان دەدات.** "[١٦٩]. لە ئوجەلان پرسیار دەکرێت ، ڕای تۆ چیە؟، "**محمد پێغەمبەری ئیسلام ١٣ ژنی بەعقد (مارەبڕی) هەبووە.** ڕابەر ئاپۆ: ئەزانم هەیبووە، **من ئەم کارەی محمد بە**

---

[166]ل ١٠٩ ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت

[167]ل١٠٨- هەمان سەرچاوە

[168]ل٤٥- هەمان سەرچاوە

[169]ل ١٢٥- ئۆجەلان -کتێبی(خەڵک و ڕێبەری).

**دروست ئەزانم و بە کارێکی گرنک لێکی ئەدەمەوە.** هەن کەسانێک کە ئەڵێن: بۆچی محمد ئەم هەموو ژنەی مارە کردوە؟ من ئەڵێم کە کارێکی باشی کردوە. تەنانەت ئەگەر چەند ژنێکی دیکەشی مارە کردبا، **کارێکی هەڵە نەبوو.** چون دەتوانین بە یەکێک لە **عاشقانی گەورە** لە قەڵەمی بدەین. محمد لەگەڵ ژنان هەر وەک منالان ڕەفیق و یار بوو، کەسایەتیەکی دیموکرات بوو. **من ئەم کارەی محمد بە بەزر دەنرخێنم.** "[170]"**محمد۱۳ژنی مارەکردوە.** هەروەک ئاشکرایە **بەخواست و هەڵبژاردەی خۆیان زەواجیان کردوە**،نەک بەزۆر و بەفشار و بەبێ ئارەزوی خۆیان. ئەمە خاڵێکی گرنگە. "[171]

لێرەدا بە ئاشکرا و بێ پەردە فرەژنی و زەواجی منالی نۆسالان پیرۆزکراوە و بە عەشقی سەرسوڕهێنەر و عاشقانی گەورە ناوبراوە. ناوەرۆکی عەشقی "ئەفلاتونی" ئۆجەلان لێرەدا دەرکەوتوە. عەشقی ۱۳ ژن و عەشقی منالی ۹ سالانی کچ. ئایا ژنۆلۆژی ئەگەر پێوەری بەرز و گەورەی عەشقی پێ سێکسکردن لەگەڵ ۱۳ ژن و منالی ۹ سالان بێت چۆن باسی ئازادی و ڕزگاری ژن دەکا؟

ئەمە چ دەبڵ مۆرالیەکە دژی مۆدێرنیتە بیت لەبەرئەوەی **"گەورەترین سەرکەوتنی مۆدێرنیتە**

---

[170] ل ١٤٤ ئۆجەلان -کتێبی(خەڵک و ڕێبەری).

[171] ل١٤٧-https://azizi61. files. wordpress. com/2012/06/rahbariyat-va xalq. pdf ئۆجەلان -کتێبی(خەڵک و ڕێبەری).

**لەوەدایە:تێڕوانینی کولتوریمانی ڕوخاندوە کە لەمیانەی پانزدە هەزار ساڵ ئاواکراوە"**[172] و بەڵام مۆرالی سەدەکانی پێش سەرمایەداریت بەلاوە پیرۆز و سەرسوڕهێنەربێ و وە پاساوی بکەی وبڵێیت کە لەو کاتانەدا هیچ فشار و زۆرێک لەسەر ١٣ ژن بۆ پیاوێک و زەواجی مناڵێکی ٩ ساڵان وجودی نەبوە؟

لێرەوە دەردەکەوێ کە ژنۆلۆژی مامەڵەیەکی سیاسی لەگەڵ ئیسلام و محمدا دەکا و پشتیوانی لە ڕەوشتی دینی ئیسلام سەبارەت بە سێکس و عەشق و ژن دەکات. بەڵام کاتێک ئەم بزوتنەوەیە لەبەرانبەر داعشدا لە سوریادا شەڕ دەکا بەشێک لە پرەنسیپەکانی ئەم شەریعەتە لادەبا لە یاسای باری کەسێتیدا، لەوانە چەند ژنە و دابەشکردنی میرات . ئەم بزوتنەوەیە لێرەدا ناچارە ڕووی مۆراله ئینسانیەکە بخاتەڕوو و بەبێ ئەوەی ڕەخنە لەو وتانەی سەرەوەی ئاپۆ بگرێ. ئەمەش خەسڵەتی بزوتنەوەیەکی پۆپۆلیستیە کە پرەنسیپەکانی بەپێی بەرژەوەندیە سیاسیەکانی دەگۆڕێ تا هێزی جەماوەری لەدەست نەچێ.

کاتێک تێزی ژنۆلۆژی دەڵێ؛ **"گەورەترین سەرکەوتنی مۆدێرنیتە لەوەدایە:تێڕوانینی کولتوریمانی ڕوخاندوە"، دەبێ بپرسین مۆدێرنێتە چ کلتورێکی ڕوخاندوە؟**

---

[172] ل١٧٣(ئۆجەلان ،ژنۆلۆژی)

**ئۆجەلان** دەڵێ"**پێشنیاری من بۆ هەرکەسێک ئەوەیە دوای نەهێشتنی قاڵبەکانی مۆدێرنیتە، سەرلەنوێ تەماشای پەیوەندیەکانیان لەگەڵ دایک و باوکیان بکەنەوە. خوازیارم بەهەمان ڕوانگە تەماشای تەواوی "پەیوەندییەکانی گوند"یش بکەن، کە لە چاخی بەردینی نوێوە(نیولتیکەوە)ماونەتەوە.** "[١٧٣]

ئەگەر باسی کلتوری "گوند -خێڵ"ی فرەژنی و زەواجی منالانە ئەوە ڕوخاندنی ئەم کلتورە گەورەترین پێشکەوتن بوە. کلتوری مۆدیرنێتەی سەرمایەداری ئەم کلتورە دواکەوتوانەیەی لە ڕۆژئاوادا ڕوخاندوە و ئێستا جگە لە دەوڵەتانی ئیسلامی و لای ناسیونالیزمی کورد لە هیچ شوێنێک ئەم کەلتورە کۆنەپەستانە نەماوە.

ئەگەر باسی مۆدیرنێتە باسی قۆناغەکانی شارستانیەتی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریە، ئەوا دەبێ بزانرێ کلتوری خۆشەویستی تاکەکەسی و خۆشەویستی سێکسی کە بنەمای پێکەوە بونی ژن و پیاوە لەگەڵ شێوازی تاکە ژنومێردایەتیدا تۆوی ئەم کلتورە دێتەئاراوە و لە شێوازەکانی پێشووی گەلە ژنومێردایەتیدا و خێزانی گەورەی خێڵەکیدا ئەم توخمە نەبوە یان کارا نەبوە. کلتوری یەکسانی نێوان ژن و پیاو پەیوەندی بەم کلتورەی سێکس و عەشقە سێکسیە

---

[173]ل١٧٣- (ئۆجەلان ،ژنۆلۆژی)

تاکەکەسیەوە نیە بەڵکو زیاتر کەلتوری یەکسانی ئابوری نێوان ژن و پیاو و نەبونی بەرژەوەندی مادیە لە پشت سێکس و خۆشەوسیتی کردنەوە.

"**هەڵبەتە پێش سەدەکانی ناوەڕاست، ناکرێت باس لە خۆشەویستی سێکسی تاکەکەسی بکرێت.** "و"لەتێکڕای سەردەمە دێرینەکاندا، تەنها باوک و دایک بڕیاریان لەسەر سەراپای پرۆسەی هاوسەرگیری دەدا، وەچەکانیشیان زۆر بەئارامی ملیان بەو بڕیارەیان دەدا. ئەو بڕە خۆشەویستیەی لەنێوان ژن و مێردی ئەو سەردەمەدا هەبوو، هەرگیز وەک ئارەزویەکی خۆیی هەردوولایەنەکە ڕۆڵی بۆ ئەو هاوسەرگیریە نەگێڕاوە"[١٧٤].

ئەمە" جگە لە ناو کۆیلەکان، پەیوەندی لەوجۆرە بەدی ناکرێت تەنیا مەگەر وەک زێدەبەروبومێکی تێکشکانی جیهانی کۆن، ئەوەش لەگەڵ ژنگەلیک لەدەرەوەی سنورە رەسمیەکانی کۆمەڵگەدا،زیاتر لەگەڵ ژنانی لەشفرۆش و بێگانە یا بێوەژنان. . لەکاتێکدا ئەگەر **پەیوەندی دڵداری سێکسی نێوان ژن و پیاوانی ئازاددا دروست دەبوو، ئەوە تەنها لە شێوەی داوێنپیسی ڕووی دەدا.** "[١٧٥]

هەربۆیە"سەرەنجام پێوەرێکی تازەی ڕەوشتگەری هاتەکایەوە بۆ تانۆت کردن یا بۆ پاکانەکردنی پەیوەندی

---

[174] ل ١٣٣-ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت ودەوڵەت

[175] ل١٣٤-- هەمان سەرچاوە

سێکسی؛ ئێستا مرۆڤ بەوەوە ناوەستێت پرسیاری ئەوە بکات:ئاخۆ پەیوەندیەکە لەنێو یا لەدەرەوەی سنوری هاوسەرگیری دروست بوە، بەڵکو لەوەش دەپرسن:**ئاخۆ هەردوو لایەنەکە یەکتریان خۆشویستوە یان نا؟**"[١٧٦].

ئەم تێکەڵاوبونەی خۆشەویستی و سێکس کردن بەیەکەوە نیشانەی گەشەکردنی پەیوەندیە ئینسانیەکانی نێوان ژن و پیاوە. خۆشەوسیتی چیتر خۆشویستنێکی شاراوە و بەدزی و نائومیدانەی ئەفلاتونی و شیرین و فەرهادی یان مەم و زینی نیە، بەڵکو خۆشەویستی سێکسی بەرامبەرە کە مومکینە و ئاسان و ئاشکرایە و هیچ " عەیبداری" یەکی دینیانە کۆنترۆڵی ناکا. بەهەمان شێوە سێکسیش کردارێکی فزیکی بێ پەیوەند بە هەست و دەرون و جوانی و داهێنانەوە نیە، بەڵکو دەربڕین و پراکتیکی خۆشەویستیەکی ڕاستەوخۆ و لەزەت بەخش و هاو هەستی و یەکسانی هەردوولایە.

هەربۆیە ئێستا سێکس وەک زانست دەخوێندرێ و منالانی لەسەر پەروەردە دەکرێ تا ژیانێکی تەندروست و پڕ لە ڕێزی ئینسانی لە پەیوەندی نێوان نێر و مێدا و لە نێو پەیوەندی سێکسی ئینسانەکاندا دروست ببێ و ئیتر دەرسە دینیەکانی وەک "ژنۆلۆژی" لە کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا و تەنانەت لە ئەکادیمیەکانی پەکەکەشدا ڕوی دەرکەوتنیان

---

[176] ل ١٣٥-- (ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت)

نەمێنێت، کە سێکس و عەشقیان کردۆتە "شەرم و خیانەت و پاکیزەیی و ڕاهیب بون" .

ئەو دیـدە دینـیـەی "ژنۆلـۆژی" لە ڕەخـنـە ونەفرەتـی لەسـەرمایەداریدا خـۆی نیـشان دەدا ،نەک لە ڕوانگەیەکـی شۆڕشـگێڕانەوە نـیە، بەڵکـو لەدیـدێکی کۆنەپەرسـتانەوە سـەرمایەداری ڕەت دەکـاتەوە. خوازیـاری گەڕانەوە بـۆ پـێش شارسـتانی و گەڕانەوە بـۆ گونـد و خـێڵە، نەک تێپەڕانـدنی سـەرمایەداری بەرەو ئـازادکردنی سـێکس و عەشـق و پەیوەنـدی نێـوان ژن و پیـاو و دەربـازکردنی لەدەستی هەموو دەسەڵاتێک.

ئۆجەلان دەڵێ" **لەهیچ سـەردەم و قۆنـاخێکی مێژوودا وەک سـەردەمی مـۆدێرنێتەی سـەرمایەداری ژن نەقۆزراوەتەوە وخراپ بەکارنەهێنراوە.** "،" **لێرەدا ئەوەی وەک یەکپـارچە فرۆشـراوە ژنە.** " [١٧٧]بەڵام هەرچـۆن لە بـواری ئابوریـدا نازانـستی بـونی تێـزی "**لە مـۆدێرنیتەی سـەرمایەداری ژن لە ئـابوری بەدەرنـرا**"مـان سـەلماند، لێرەشـدا ئەوە دەسـەلمێنین کە بە پـێچەوانەوە ژنـان لە سەرمایەداریدا لە هەموو سەردەم و قۆناغەکانی پێشتری شارستانی واتە کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتیدا "ئازاد"ترن.

سـەرمایەداری بە هێنـانە دەرەوەی ژنـان لەنـاو کـاری کۆیلایەتی ناکۆمەڵایەتی ناوماڵ جێگای ژنانی لەسیستەمی کۆمەڵایەتیشدا گۆڕیوە و کاری نێو ماڵی لەڕێگەی دایەنکە

---

[177] ل٥١(ئۆجەلان ،ژنۆلۆژی)

و جلـــشۆرگە و چێـــشتخانەوە تـــاڕادەیەک کـــۆمەڵایەتی کردۆتەوە. ژن بە بونی بە خـاوەنی ئـابوری سـەربەخۆ لە کـۆیلایەتی خێـزان توانیـویەتی بێتەدەرەوە و بەتـایبەت لە خیزانـی کرێکاریـدا کە ژن و پیـاو تەنیـا خـاوەنی هێـزی کاریانن و هیچ موڵکایەتیەکی تری تایبەتیان نیە، پەیوەندی خۆشەویستی سێکسی بۆ یەکەمجار لە نێوان ژن و پیاودا کـردۆتە زەمینـەی هاوسـەرگیری یـان ژیـانی پیکەوەیـی و هاوبەش. ڕاستە لە خێزانی سەرمایەداراندا هێشتا بنەمای موڵکـایەتی و گواسـتنەوەی میـرات حـوکم دەکـا بەسـەر پەیوەندی ژن و پیاودا و هەربۆیە ئەزمەی خۆشەویستی و پێکەوە ژیـان و هیتریـزم و لەشفرۆشـی و فرەژنـی هەر ڕەواجـی هەیە. هەربـۆیە سـەرەڕای ئەوەی بنەماکـانی خێزانـی تـاک لایەنە لەسـەرمایەداریدا وەک یەکەیەکـی ئـابوری کاردەکـا، بەڵام زەمینەکـانی هەڵوەشـانەوەی ئەم شـــێوە خێـــزانەی لەلای خەڵکـــی کرێکـــار و هەژار دروستکردوە.

سـەرمایەداری بە ڕزگـارکردنی ژنـان لە چاولەدەسـتی ئـابوری پیـاوی مـاڵ و کردنـی ژن بە نـان پەیـداکەری هاوشـانی پیـاو ، زەمیـنەی کـۆیلایەتی ژنـی لە خێزانـی کرێکاریـدا هەڵتەکانـدوە. گـۆڕانی ڕەوشـت و مـامەڵەی پیـاوانی کرێکـار لەگەڵ ژنـانی کرێکـاردا خـۆی بەرهەمـی خەبـاتێکی چینـایەتی هاوبەشـە کە ئەم چیـنە بـۆ گـۆڕینی هەلومەرجی ژیانی خۆی هەمیشە پێویستیەتی. خەسڵەتی

کـــۆمەڵایەتی بـــونی کـــاری ژنـــان لە بەرهەمهێنـــانی سەرمایەداریدا تێڕوانینی کۆمەڵگە و پیاو سـەبارەت بە ژن دەگۆڕێ، بەڵام لای کرێکاران کە لە یەکگرتویدا وەک چین مانـا و هێـز پەیـدا دەکەن بـۆ گـۆڕینی دۆخـی کۆیلایەتیـان، گـۆڕینی ڕەفتـار و مامەڵەیـان لەگەڵ ژناندا دەبێتە بەشێک لە پێویـــستیەکانی ســـەرکەوتنی خەبـــاتی چینایەتیـــان. هەربـۆیە پێبەپێـی وشـیاری چینـایەتی ژنـان و پیـاوانی کرێکـــار بە دەرکـــی پێویـــستیان بە هاوخەبـــاتی و هاوچارەنوســـی، ژیـــانی پیکەوەییـــان لەســـەر بنەمـــای هـاوڕێیەتی نەک کـۆیلایەتی یـاخود فەردگەرایـی دەچێـتە پێش. ئەم پەیوەندیە نوێیەی نێوان ئینسانەکان، عەشـق و خۆشەویـــستی سێکـــسی لە بەرژەوەنـــدیە مادیەکـــان جیادەکـاتەوە. "ئـازادی لە هاوسـەرگیریدا ئەوکـاتەیە کە هـیچ مۆتیڤێک جگە لە ئـارەزووی هـاوبەش ڕۆڵ نەگێڕێ. ١٧٨"

هاوکـات ئەم فـاکتەرەی ئـارەزوی سێکـسی هـاوبەش شکڵی پێکەوە بوونی تاک ژن و مێردی یان دوو کەس(ژن یان پیاو) دروست دەکا و نەمانی بەرژەوەندیە مادیەکانی پـشتی ئەم پەیوەنـدی پیکەوەبونـانە و نەمـانی باڵادەسـتی پیاوە لەم پەیوەندیانەدا.

"دەسەڵاتداریێتی پیاوان لەماڵەوە تەنیا بەهۆی دەسەڵاتە ئـابوریەکەتی، جـا لەگەڵ لە نـاوچونی دەسـەڵاتی ئـابوری،

---

[178] ل ١٤١ (ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەولەت)

دەســـەڵاتەکانی دیـــکەش لەدەســـت دەدات. "[١٧٩]. وەلەگەڵ نەمـــانی موڵکـــایەتی تـــایبەت کە ســـەرچاوەی دەســـەڵاتی پیاوســـــالاریە لەخێزانـــــدا ، زەمینەکـــــانی فرەژنـــــی و لەشفرۆشـــیش نامێنێـــت، کە لەســـەرمایەداریدا بەشـــی جیـانەکراوەی دامەزراوەی خێـزان و شـێوازی کـۆیلایەتی ژنـانە. نەمـانی ئەم پاشـکۆیانەی خێزانـی تـاک لایەنەی ســـەرمایەداری، شۆڕشـێکە بەســـەر خـودی خێزانیـشدا. لەبەرئەوەی "سروشتی دڵداری سێکسی بە خۆشەویستی تاکەکەسـیەوە بەسـتراوە"[١٨٠]. کەواتە خێـزان نەک لەسـەر بنەمـــای عەقـــدی موڵکـــایەتی و نەک لەســـەر بنەمـــای دروستکردنی وەچەی میراتگر، بەڵکو تەنیا لەسەر بنەمـای دڵداری سێکسی دروست دەبێ و هیچ کات و زەمەنێکی دیـــاریکراوی نـــیە و بەپێـــی ئـــارەزوو و خۆشەوســـیتی سێکسی و پێکەوە ژیانی ئینسانەکان بۆ یەکتر دروست دەبێ و هەڵدەوەشێتەوە.

"لەم حـاڵەتەدا تـاکە ژنـو مێردایەتـی بەتەواوەتـی ئەو خەسـڵەتانە لەدەسـتدەدات، کە پەیوەنـدیەکانی موڵکدارێتی پێـــوەی لکانـــدون، ئەوانەش بـــریتین لە یەکەم، زاڵبـــونی دەســــــــەڵاتی پیـــــــــاوان ؛ دوەم، دژواری لەبەریەک هەڵوەشانەوەی گرێی هاوسەرگیری. "[١٨١].

---

[179] ل١٤٢ - (ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت)

[180] ل ١٤٢- هەمان سەرچاوە

[181] ل ١٤٢- هەمان سەرچاوە

لە دنیای ئەمڕۆدا ئەم شێوازە لە پێکەوە بوون جێگای خۆی کردۆتەوە و لە ڕۆژئاوادا خێزانی کاسولیکی و جولەکەیی هەتاهەتایی بەرەو پوکانەوە دەچێ و دۆستایەتی و (Boyfriend and Girlfriend)،زەواجی کورت خایەن و هاوسەرگیری ئازاد بوەتە شکڵی باو و مۆدێرن. لە ڕۆژهەڵات هەرچەند ئەم شێوازە مۆدێرنانە لەناو گەنجاندا لەبەرەودان بەڵام دین و دەوڵەت و خزمایەتی و دابونەریتە دواکەوتوەکان قورسایی لەسەر شێوازی خێزان و پەیوەندی نێوان ژن و پیاو داناوە. لە کوردستانیش، بەهۆی گەشەنەکردنی سەرمایەداری و مانەوەی ژنان وەک کۆیلەی مەتبەخ و دەسەڵاتداریێتی فکر و دەسەلاتی دین و ناسیونالیزمی کوردەوە هێشتا مەسەلەی سێکس و خۆشەویستی و ئازادی ژن گرێیەکی کۆمەڵگە و کێشەیەکی سەرەکیە و هێشتا خۆشەوسیتی سێکسی نەبوەتە مافێکی سادە و ڕەوای هەموو کوڕوکچێکی سەروو ١٦ ساڵ. کۆمەڵێک یاسا و نەریت و خێزان و خزم و پۆلیس و دادگا و زیندان و مەکتەبی کۆمەڵایەتی و دیوانی عەشیرەت و میدیای کۆنەپەرست و مزگەوت وحزب، ڕۆژانە لەم پەیوەندیەی نێوان ژن و پیاو و مرۆڤەکاندا دەکەن کە چۆن دەیانەوێ پێکەوە بن. لەکاتێکدا خۆشەویستی و سێکس لە نێوان ژن و پیاودا پێویستی بەهیچ کام لەم ناوەندانە نیە و پیویستی بە دورکەوتنەوەیە لە بنەماکانی دەستێوەردانی دامودەزگا فەرمی و نافەرمیەکان لەم پەیوەندیە تایبەتی و شەخسیەی نێوان ئینسانەکاندا.

بێگومــان سیــستەمی بەرهەمهێنــان و دابەشــکردن لە سەرمایەداریدا ســەرەڕای کاریگەریە ئەرێنیەکانی لەســەر گــۆڕینی جێگــای ژن لە خێزانــدا، بەڵام خێــزان لەســـەر بنەمای پاراستنی موڵکایەتی تایبەتی دەهێڵێتەوە و میراتی ســـەرمایەدارانی پـــێ دەگـــوێزێتەوە لە نەوەیەکەوە بـــۆ نەوەیەکــی تــر، بەم پێــیەش کــاریگەرەیە کلتوریەکانیــشی لەسەر شێوازی خێزان و پیکەوە بوونی ژن و پیاو پیادە دەکـا و هەمـوو ڕۆژێـک ســەرلەنوێ ناکۆکیەکـانی نێـوان خێزان بەرهەمی دێنێتەوە. فەردگەرایی وەک خەسڵەت و ئیــدیۆلۆژیای چینــی دەســەلاتدار و موڵکــایەتی تــایبەتی سەرمایەدار کاریگەری گەورە لەسەر پەیوەندی نێوان ژن و پیـاو و پـیکەوە بونیـان و خۆشەویـستی سێکسیان بـۆ یەکتر دادەنێ و هەمیشە ئەزمە بۆ ئەم خۆشەویستیە پێک دەهێنـــێ و دەیخـــاتە گێــژاوی پێــشبڕکێی بەرژەوەنــدیە مادیەکـانەوە. هاوکات کێشەی ســەیرکردنی کۆمەڵگە بـۆ دەور و نەخــــشی ژن چ لە ئاســـــتی بەرهەمهێنـــــان و کۆمەڵایەتی و چ لە مەسەلەی هاوشان بونی لەگەڵ پیـاوان لە ئارەزوی سێکس و توانا و ئـازادی دەربڕینـی سێکسیدا و کـــــۆنترۆڵ کردنـــــی ژنـــــان لەلایەن پیـــــاوانەوە هەر لەبەرئەوەی لە پەیوەنـدی یـان هاوســەرگیریدان لەگەڵیانـدا هەیە ، ســەرچاوەی ئەم گێژاوەی نێو خێزان و پەیوەندیە سێکسیەکانن. [١٨٢]

---

[182] ل ٤ *(کۆلۆنتـای، پەیوەنـدیە سێکـسیەکان و خەبـاتی چینـایەتی)
https://www. marxists. org/archive/kollonta/1921/sex-class-struggle. htm

هەربــۆیە مەســـەلەی ســـەرەکی لە ئـــازادی ژنـــان لە پەیوەندیان لەگەڵ پیاواندا و ئازادی لە سێکس و عەشق دا بە دابڕانی ژن لەپیاو چارەسەر نابێ بەڵکو بە دابڕانی ئەم پەیوەندیە لە فشارە مادی و سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتیەکان چارەسەر دەبێ.

کەواتە بەپێچەوانەی تێزەکانی "**ژنۆلۆژی**"، کۆمەڵگای نوێ لەسەر بنەمای دەستێوەردانی سەرۆک و حزب و بزوتنەوەی چەکداری کورد دانامەزرێ، بەڵکو لەلابردنی ئەم "**سزای خیانەتکردن لە ئەرکە شۆڕشگێڕیەکان**" و "**کۆنترۆڵی توانای سێکسی**" و "**عەیبداری چەمکی سێکسی**" دادەمەزرێ کە "ژنۆلۆژی" کردویەتی بە تێز و یاسای پەکەکە بۆ ژنانی کۆمەڵگەی کوردستان و بە ئازادکردنی بێ قەیدوشەرتی ژنان لە پەیوەندی خۆشەویستی سێکسیان لەگەڵ پیاواندا دروست دەبێ. "یەکسانی ژنان لەگەڵ پیاوان، پیاوان بەشێوەیەکی ڕاستەقینە پابەندی یەک ژنی دەبن، نەک بەوەی ئەو یەکسانیە ڕێگاخۆشکەر بێت لەبەردەم فرەمێردی ژنان.[١٨٣]"

ئێمە بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوەی ئەو دوالیزمەی لە پەیوەندی خۆشەویستی و توندوتیژی ئێستای نێوان ژن و پیاو لە کوردستاندا هەیە ئەم چەند پەرەگرافە دەهێنمەوە کە هەرچەند لەوانەیە دورودرێژیش بێت بەڵام مەبەستمە کە وێنەیەکی نزیک لەو واقعیەتە بدەم

[183] ل ١٤٢(ئەنگلس،بنچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت ودەوڵەت)

بەدەستەوە کە ئێستا لەئارادایە. نوسەری ئەم کتێبە لە وتاری "**دوالیزمی خۆشەویستیی و توندوتیژیی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا**"دەڵێ ؛"پێوەرێکی گرنگی گۆڕانی مرۆڤ پەیوەندیی پیاو بە ژنەوەیە. ئەم دوالیزمەی خۆشەویستیی و توندوتیژییە نیشانمان دەدا کە چ گۆڕانێک لە دەرون و نەریت و هزر و کردەوەی پیاواندا بەرامبەر ژنان پێوسیتە تاکو هەست بەنزیکایەتی لە فەرهەنگێکی مرۆیی بکەین. **مارکس لە "دەستنوسە ئابووریی و فەلسەفیەکان ١٨٤٤"دا دەڵێ"پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و سروشتی و پێویستی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤدا پەیوەندیی پیاوە لەگەڵ ژندا. پەیوەندیی پیاو لەگەڵ ژندا ڕاستەقینەترین پەیوەندیی مرۆڤە لەگەڵ مرۆڤدا. هەربۆیە ڕادەی ئەوە دەردەخا کە چەند ڕەفتاری سروشتی پیاو بووەتە مرۆیی،یاخود ڕادەی ئەوەی جەوهەری مرۆیی لە پیاودا بووەتە جەوهەری سروشتی ئەو. هەروەها ئەم پەیوەندییە ئەوە دەردەخا کە ڕادەی گۆڕانی نیازی پیاو بووەتە نیازێکی مرۆڤ: ڕادەی ئەوەی کە ئەو کەسەی تر وەکو کەسێک بوەتە نیاز". هەروەها لە کتێبی "خێزانی پیرۆز"دا دەڵێ: "خۆشەویستیی بۆ یەکەم جار بەڕاستی مرۆڤ فێری ئەوە دەکا کە باوەڕ بە دنیایەکی ئۆبژەکتیڤ لە دەرەوەی خۆی بهێنێ. " خۆشەویستیی ئەو شتەی خۆشت ئەوێت دەکاتە ئوبژێکتێکی دەرەکی، ئۆبژێکتێکی هەستی کە چیتر لەناخدا نامێنێتەوە، لە مێشکدا شاراوە بێت. ".**

بەم پێیە خۆشەویستیی و عەشق وەک دیاردەیەکی دەرەکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ خۆی نمایش

دەکا و دەبێتە پێوەری مرۆیی ئەم پەیوەندییەی نێوان ژن و پیاو یان دوو مرۆڤ. ئەم پەیوەندییە مرۆییە ئەسڵ و بنەمای هەر پێکهاتە و شێوازێکی کۆمەڵایەتی ژیانە کە بەدرێژایی مێژوو گۆڕانی بەسەردا هاتوە. لە فرەخێزانی سەرەتایی و زەواجی دووانە و تا شیوازی خێزانی تاکی (ناوکی- ژنێک و پیاوێک) ئێستا و شێوازەکانی ژیانی پێکەوەیی دەبینین. ئەم شێوازانەی پێکەوە بونی کۆمەلایەتی ژن و پیاو لە هەر دەمێکدا بەپێی گۆڕانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و شۆڕشە فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتییەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوە. "[١٨٤]

"خێزانی تاکی ئێستا لەسەر بنەمای دەسەڵات و بەرژەوەندی پیاو بۆ پاراستنی سەروەت و سامانی کەسی بورژوازی و پاراستن و گواستنەوەی میراتی بۆ منداڵەکانی دامەزراوە و هەربۆیە لە هونەر و ئەدەب و شانۆ و فیلم و شیعر و هزر و ئاداب و ڕەوشتدا خیانەتی فرەژنیی پیاوان بەئاشکرا و خیانەتی فرە پیاوی ژنانیش بە نهێنیی لەپاڵ خێزانی تاکدا دەبینین. کڕین و فرۆشتنی سێکس و خستنە چوارچێوەی بازاڕو یاساکانەوە دەبینین. ناچاریی ژنان بە مانەوە لە سایەی ژیانی خێزانیدا لەبەر هۆی بژێوی یاخود لە ترسی لەدەست نەدانی منداڵەکانی دەبێتە دیاردە و یەکسانیی قانونیی و ئازادیی تەڵاقیش

---

[184] ئاسۆکمال- دوالیزمی خۆشەویستی http://www. asokamal. com/index/?p=1518

ناتوانێ بە یەکجاریی ئەم ژێردەستەییە ناچارییە کۆتایی پێ بێنێ. لێرەوە توندوتیژیی دەبێتە بەشی جیانەکراوەی ژیانی خێزانی و کە دیارە لە کوردستاندا لە سایەی سیستەمی خێڵەکیی دەسەڵات و نەبوونی ئابووریی سەربەخۆی ژنان و لەئەستۆنەگرتنی دابینکردن و سەرپەرشتی کردنی منداڵ لەلایەن دەسەڵات و کۆمەڵگەوە و یاسای فرەژنیی و زاڵ بونی شەریعەتی ئیسلامی بەسەر یاسای باری کەسێتیدا خێزان کۆتێکی گەورەتری کردۆتە ملی ژنان و هەر هەوڵێک بۆ دەربازبوون لێی رووبەڕووی سزای کوشتن و سوتاندن دەبێتەوە. بەردەوامی و هەڵکشانی ئامارە هەزاریەکانی کوشتن و توندوتیژیی ژنان نیشانەی ئەم پەیوەندییە نامرۆییەیە کە بەسەر ژیانی پێکەوەیی ژن و پیاودا زاڵە و خۆشەویستیی لە باشترین حاڵەتدا دەگمەن و خۆزگەیەکی شاعیرانەیە.

لە کاتێکدا پێوسیتە پیاو یان ژن ژیانی پێکەوەیی تەنیا لەسەر بنەمای خۆشەویست و حەزی سێکسیی بەرامبەر بە یەکتر دامەزرێنن و هەر کاتێک ئەم بنەمایە نەما ئەوا ئەو پێکەوەبوونە هەڵوەشێتەوە و پێکەوە بوونێکی تر لەسەر بنەمای دڵداریی – سێکس جێگای بگرێتەوە. ئیتر ناچارییەک بۆ درۆ و خیانەت لە یەکتر نەمێنێ لە نێوان دوو مرۆڤدا کە ڕاستگۆیی و وەلامدانەوە بە خۆشەویستیی یەکتر پێوەری ژیانێکی بەختیاریی پێکەوەییان بێت.

ناکۆکییەکانی نێوان خۆشەویستیی و مرۆڤایەتی ناخی مرۆڤ لەگەڵ گوشارە مادی و کۆمەڵایەتییەکانی

کۆمەڵگەی سەرمایەداری و ئایدیۆلۆژی دینی و کەلتوری پیاوسالاریی کێشەی خێزانی کردۆتە یەکێک لە نامۆبونە سایکۆلۆژیەکانی مرۆڤی ئەمڕۆ ، و لەژێر ئەم گوشارەدا ڕێگاکانی شل کردنەوەی سنوورەکانی شیوازی خێزانی تاکی بەشێوەی پەیدابونی ژیانی پێکەوەی کەپڵ و ژیان لە ماڵی جیا و شێوازی جۆراوجۆری فەردی تردا دەچێتە پێش. زیادبونی ڕێژەی تەڵاق و لەباربردنی منداڵ و خستنەوەی منداڵ لەدەرەوەی پەیوەندیی خێزانی و پەیوەندیی سێکسیی نێوان لاوان ،ئەمانە نیشانەکانی هەرەسی پیرۆزییەکانی شێوازی خێزانی پیاوسالارییە و پێویستیەکانی ئازادیی عەشق و سێکس و ژیانی تاکەکەسی نیشان دەدا. ئەمانە بەشێکن لەو شۆڕشە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەی کە کۆمەڵگەی کوردستان لەم ژانەی دوالیزمەی خۆشەویستیی و توندوتیژییەوە بەرەو کۆمەڵگەیەکی مرۆیی تر دەگوێزێتەوە. مرۆڤەکان لەم شۆڕشەدا نەک هەر یاسا ودەسەڵات بەڵکو لەوانە گرنگتر ناخ و ڕەوشت و هزر و کردەوەی خۆیان دەگۆڕن و مرۆڤایەتیی خۆیان دەسەلمێنن ، ئەمە کارێکە کە هەموو تاکێک لەپیناو مرۆڤایەتیی خۆیدا گرنگە بە گەرموگوڕیی بەشداریی تێدا بکا و بناغەی شیعر و هونەر و کار و خێزان و پێکەوە بوون تەنیا بە خۆشەویستیی و عەشق ڕەنگرێژ دەکا. "١٨٥

ئاسۆکمال- دوالیزمی خۆشەویستی[185] http://www. asokamal. com/index/?p=1518

هەربــۆیە ئەگەر ئەو دەرســـە دینیـــانەی "ژنۆلــۆژی" سەبارەت بە ناسینی ژن لە دیدگای ئۆجەلانەوە ئەگەر لە ئەکادیمیای پەکەکە بۆ کچانی سەروو ١٨ ساڵ کارێکی ناڕەوا بێت لە ڕوی پارێزگاری لە مافی ژنانەوە، ئەوا لە ڕۆژئـــاوا کە کــراوەتە پرۆگرامـــی خوێنــدن و تەڤــگەری پەکەکەش لە هەرێمـــی کوردســـتان پێـــشنیازی دەکـا بــۆ خویندنی لە قوتابخانەکاندا بەتەواوەتی دژی ئازادی ژن وکۆمەڵگەیە و نابێت بەهیچ شێوەیەک ڕێگای پێ بدرێ کە مناڵ و گەنجی کوردستان بەم تێز و پرۆگرامە نازانستیە نادروست و ناتەندروست پەروەردە بکرێن.[١٨٦]

---

[186] http://www. asokamal. com/index/?p=591 ئاسـۆکمال-پەکەکە و مەنهەجی خوێندن

# بەشی حەوتەم

## ئازادی ژن

ئـۆجەلان ئیـدعای ئەوە دەکـا کە"کـارەکتەری پیـاوی بالادەسـتی کۆمەلگا،تـاوەکو ڕۆژگـاری ئەمڕۆمـان تەنـانەت دەرفەتـــی ئەوەی نەداوە هەلـــسەنگاندنێکی زانـــستیانە ســـەبارەت بە دیـــاردەی ژن بکرێـــت"[187]. وەدەڵـــێ؛ "**باوەڕنـاکەم یەکێکـی دیـکە وەکـو مـن هەبـێ پەیوەنـدی سـەربازی، سیاسـی و کۆمەڵایەتیەکـانی لەتەوەری ژنـدا شیکردبێتەوە**. "[188].

لەوەڵامی ئەم قسەیەی ئۆجەلاندا **پۆلەین دی لا بار**، کە لە سـەدەی هەڤدەدا لەیەکەمین ژنەکانی نوسـەری بـواری یەکسانی ژن و پیاو و فیمینیزم بوە، دەڵێ؛" **هەموو شـتێک کە پیـاوان نوسـیویانە دەربـارەی ژنـان دەبـێ بەچـاوی گومانەوە سـەیر بکرێ، لەبەرئەوەی پیـاوان بۆجـارێکیش بوبێت دادوەر و لایەنێک بوون لەم کێشەیەدا**. "[189]

---

[187] ل٩٨(ئۆجەلان ،ژنۆلۆژی)

[188] ل١٦٤- هەمان سەرچاوە

[189] http://uberty. org/wp-content/uploads/2015/09/1949_simone-de-beauvoir-the-second-sex. pdf٣١-٣٠ ل -

ســــــەبارەت بە ئـــــۆجەلانیش ئەم دەوری دادوەر و لایەنگـریەی پیـاوانەی زۆر ڕوونە لە کاتێکـدا هـاوار دەکـا کە؛ "**بـابەتی ژن** دەسـتی پێکـرد. تـامۆخی ئێسقان هەسـتم بەو **بەڵایە** کردبـوو کە لە ڕێگـای ژنەوە **بەســەر مــن و بزوتنەوەکەماندا** کەڵەکە ببـوو. . زیـادبونی ژمـارەی کـچە لاوەکـان لە ڕیزەکـانی بزوتنەوەکەمـان دۆزیـنەوەی ڕێـگە چـارەیەکی ڕیـشەیی بـۆ **کێـشەی ئـازادی ژن** دەبـوو بە ناچاریەک"[190].

لێرەدا ئاشـکرایە کە ئۆجەلان لەبەرەی ژن نـیە، بەڵکـو لەو بەرەیەی پیاوانە کە، "**خۆی و بزوتنەوەکەی**" بەدەسـت "**بەڵا**" و "**کێشەی ئـازادی ژن**" گیـری خـواردوە. بێگومـان پیاوێک لەم جێگایەدا بێت ئەوا دەبێت لە قـازانجی خـۆی و بـزوتنەوەکەی پێناســەی ئـازادی بەشـێوەیەک بکـات کە " **پەیوەنــدی ســـەربازی، سیاســـی و کۆمەڵایەتیەکـــانی لەتەوەری ژنـدا شـیکردبێتەوە.** " کەواتە ئەوەی پێناســەی ئـازادی ژن دەکـات لای ئـۆجەلان بەرژەوەنـدی بـزوتنەوە چەکـــــداریەکەی پەکەکە یە نەک کێـــــشەی ژن خــــۆی. بەواتـایەک ئەگەر کێشەی ژن بۆ پەکەکە نەبوایەتە **بەڵا و کێشەی ئازادی ژن** هەڕەشەی شکست پێهێنـانی پەکەکەی دروســـــتنەکردایە، ئـــۆجەلانیش وەک ســــەرانی تـــری

---

سیمۆن دی بۆڤار-ڕەگەزی دووەم

[190] ل ١٦٩-١٦٨(ئۆجەلان ،ژنۆلۆژی)

بـزوتنەوەی ناسیونالیـستی چەکـداری کـورد باسـی لە ئازادی ژن نەدەکرد. ئێستا بزانین ئەم ئازادیەی ئۆجەلان بەژنی ڕەوا دەبینێ لە "**ژنۆلۆژی**"دا چیە؟

سەیر نیە ئەگەر بڵێین لەم ٢٠٠ لاپەڕە ڕەشکردنەوەدا لەسەر زانستی ژن چوار دێڕی ماناداری تێدانیە کە پێمـان بڵـێ ئازادیەکـانی ژن کامـانەیە؟ چ سیـستەمێکی ئـابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەتوانێ ئازادی بۆ ژنان دابین بکا؟ لە ئێستادا ژنان لەسایەی پەکەکەدا چ ئازادیەکی شەخسی و فەردیان هەیە؟

ئۆجەلان دەڵێ؛ژن و پیاو "**پێویستە وەکو ڕاوەستەیەکی ئەخلاقی پەسند بکات کە بەبێ ڕزگاری و ئازادی ناتوانن تەماشـای یەکتـر بـکەن.** "[١٩١] وە ژن "**پێویـستە ئـارەزووی سێکـسی بکـاتە دیلـی**" **بلیمەتـی سـەردەم**، ڕاوەسـتان بەرامبەر بە سیستەم و تێکۆشانی سیاسی و سەربازی. "[١٩٢]، هەروەهـا "**کاتێـک بـاس لە ئەشـق و پەیوەنـدی و هاوسـەرێتی دەکەن،** واتە بەهـای ڕەسـەنێتی تێکۆشـانی ئـازادی نـازانن و **تەسـلیم بە کـۆیلایەتی سیـستەمی کۆمەڵایەتی دەبن.** "[١٩٣] ڕاستیەکەی ئۆجەلانیش دەزانێ کە کەس سـەر لەم زمـانە پڕگـرێ و گـۆڵە دەرناکـا و تەنیـا خۆی لێی تێدەگا.

---

[191] ل ٦٨- (ئۆجەلان ،ژنۆلۆژی

[192] ل ٦٩- هەمان سەرچاوە

[193] ل ٦٩- هەمان سەرچاوە

ئەگەر بەزمـــانێکی ڕۆشـــن ئەم تێـــزانەی ژنۆلـــۆژی سەبارەت بە ئازادی ژن بنوسینەوە دەردەکەوێ کە ؛

یەکەم؛ ژن ئازاد نیە تەماشای پیاو بکا تاکو پەکەکە بە ئامانجی ئازادی نەگات.

دووەم؛ دەبـێ ژن ئـارەزووی خـۆی سـەرکوت بکـا تـا دەبێتە بلیمەتی سەردەم.

سێهەم؛ نابێ باسی عەشق بکا چونکە دەبێتە کۆیلەی سیستەم.

باشە ئەگەر ژنێک تەماشاکردنی پیاوی لێ قەدەغە بێ و ئـارەزووی سێکسی خـۆی سـەرکوت بکـا و باسکردنی عەشـقی لـێ حەرام کرابـێ، ئەم ژن چـۆن ئـازادە؟ کاتێـک باشـــترین و پیرۆزتـــرین شـــوێنی ئەم ژنە پەرســـتگای ڕاهیبەکـان بێـت مانـای ئـازادی لەکوێـدایە؟ ئەم جـۆرە ئـازادیەی ژن کە ژنۆلـۆژی بە زانسـت نـاوی بـردوە نـاوە "عامیە"کەی بەستنەوەیە.

**بێگومان باشتر بوو ئۆجەلانیش بەزمانی زمانی سادە و عامیـــانەی خەڵــک پێمـــان بڵـــێ"ڕێگەیەکـــی دیـــکەی چارەسـەری هەبـوو،(بـۆئەوەی ژنـان ئـارەزوی سێکسی بکاتە دیل): بە گوتەی عامیانە ئەویش "بەستنەوە"بوو.** "[١٩٤] واتە خەســـــاندنی ژنـــــان! لەڕاســـــتیدا ئەمە هەمـــــوو ڕێگاچـارەکەی ژنۆلـۆژی و زانسـتەکەی ئـۆجەلانە کە پێـی گەیشتوە.

---

[194] ل ١٧٠-١٧١-(ئۆجەلان، ژنۆلۆژی)

ئەمە ئازادی شەخسی ژنە کە نابێت سەیری پیاو بکا تا ڕزگاری دەبێ. دەبێ ئارەزووی سێکسی خۆی سەرکوت بکا تا دەبێتە بلیمەتی سەردەم. ئەبێ باس لە عەشق نەکا تا لە ڕیزەکانی پەکەکەدا خەباتی سیاسی و سەربازی دژی کۆیلایەتی بکا. وە بەکوردی و بەکورتی ژن دەبێ بخەسێنرێ، چونکە ئەمە تایبەتمەندی ژنی کوردی زاگرۆسە کە دەتوانێ بەرگەی ئەم تەنیایە بگرێت بەمە پێشەنگی ژنانی جیهانە!

ئایا ئەم قسانەی ئۆجەلان سڕینەوەی تەواوی مافی ژن نیە لە بڕیاردان لەسەر ژیانی خۆی؟ ئایا ئەم باوکە حزبیە تەنانەت لە باوکی پیاوسالار سەرکوتگەرتر نیە بەرامبەر بە مافی ژن لە پەیوەندی سێکسی و عەشق لەگەڵ پیاودا؟

ئۆجەلان، بەناوی ڕزگاری ژنانەوە لە ئێستادا، سەرەتاییترین مافی ژن لە بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی ژیانیان پێشێل دەکا، و وەک سەربازێکی بێ ئیرادە و کۆیلە مامەڵە لەگەڵ ژناندا دەکا، کە بۆیان نیە سەیری پیاویش بکەن. وەک باوکسالارێک بڕیاردەدا کە ژن **"ئەگەر باس لە ڕاستینەی عەشقی ئەم ڕۆژگارەمان بکرێت بەهەرحاڵ ئەمە پێویستی بە کەسایەتیەکە کە لەیلاومەجنون و هاوڕێکانیان دەرباز دەکات، چەندین سۆفی تێپەڕ دەکات، پێویستی بەپاکی و وردکاری زاناکانە، لەگێژاوی ئێستا ڕێگا لە پێش ئازادی کۆمەڵایەتی بکاتەوە، ئازایەتی و فیداکاری و سەرکەوتنی بەدەستهێنابێ و خۆی سەلماندبێت."**[١٩٥]. بۆچی ژن بۆ

[195] ل٦٩ ئۆجەلان ،ژنۆلۆژی

عەشق پێویستی بەم هەموو شەهادەیەی لای ئۆجەلان هەیە؟ ئایا ئەمە هەمان دەسەڵاتداریێتی باوک و برا و یاسا و عەشیرەت و دەوڵەت نیە بەسەر ژنەوە کە چ کاتێک دەتوانێ و بۆی هەیە لەگەڵ پیاوێکدا عەشق و سێکس بکا؟

ئۆجەلان تەنیایی ژنان دەکاتە یاسایەک، کە گوایە بەبێ ئەو تەنیاییە ئازادی بەدی نایەت. هەربۆیە دەڵێ؛"دەزانم **ژنانم خستۆتە ڕەوشێکی سەختەوە**. . ئەوەش دەزانم کە بەتەنیام هێشتونەتەوە. . ئەگەر ئەمە نەبێت هیچ ئومید و هیوایەک بەدینایەت. تەنیایی و جودایی ئەو بەدەل و ڕێگایەیە پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئەم مەزنایەتیە و زاڵبونی بگیردرێتەبەر. "[196]

بزانن ئەمە چ یاسا و سێکتێکی مەزهەبی و دژی ژنە ،کە ئەم بڕیاری تەنیایی کردنەی ژنان لەلایەن حزب و ڕابەرێکی حزبی یەوە دۆخێکی نائینسانی بۆ ژن دروست دەکا . ئەم نوسەرە وەک خۆی دانی پێدادەنێ، ژیانی ئاسایی ژنان" **دەخاتە ڕەوشێکی سەختەوە"؟** ڕەوشێک کە؛" **هەندێکیان هەروەکو بڵێی شێت و هاربونە. هەندێکیان کاتێک وەک ژن و پیاو دێنە لای یەکتر تێر دەبن. هەندێکیان لە خەودا. . . ، هەندێکیشیان هاوسەریێتی وەک بابەتێکی سیاسی دەسەپێنن. هەندێکیشیان لەبەرئەوەی ڕێگری لە ئارەزوەکانیان دا کرا، ناڕەزاییبونێکی بابەتیان**

[196] ل ١٤٣- (ئۆجەلان، ژنۆلۆژی)

**بەرامــبەر تەواوی ئەرکە شۆڕشــگێڕیەکانیان نیــشاندا. بەکورتی چاوەڕوانیەکانی سیستەمی زاڵیان سەپاند.** "[197]

ئایا یاسا و ڕێکخراوەیەک ئەم دۆخە بۆ ژنان دروست بکـا دەتـوانێ باسـی ئـازادی ژن بکـا؟ بـۆچی مەسـەلەی ئازادی ژن و سێکس و عەشقکردنی لە پەکەکەدا بوە بەم کارەسات و تراژیدیایە؟ بۆچی وەک ژنانی شۆڕشی کوبا ئەم کێـشەی ئـازادی ژنـانی کوردسـتان بە ئاسـانی چارەسەرناکرێ؟ بۆ وەک " **گیڤارا کاتێک ژنان بەشداری ڕیزەکانیـان دەکەن تێرکردنـی سێکـسی ڕەت نەکردۆتەوە،وەک پێویستیەکی ناچاری پەسەندی کردوە.** "[198]؟

**ئـۆجەلان** ڕێگـای کردنـی ژنـان بە ڕاهیبـی مەسـیحی دەگـرێتە بەر تـا چیتـر باسـی سـێکس نەکەن. ئەو بانگەوازیان دەکا "شوێنگەی پراکتیکی ڕاهیبە ژنەکان. . " بگرن کە "گوزارەی **ڕزگـاربونە لە عەیبـداری و چەمکـی سێکـسی**"[199]. بـۆچی ئەم ڕابەرە لە دەسـت وەردەداتە ژیـانی شەخـسی ژنـانەوە و ڕوبەڕوو سەرزەنـشتی پیاوسـالارانەیان دەکـا؟کەس باوەڕناکـا کەسـێک ئیـدعای ئـازادی ژن بکـا و هـاواری وا بەسـەر ژنانـدا بکـا؛ "**دەڵێی**

---

197ل ١٥٠- ئۆجەلان ،ژنۆلۆژی
198ل ١٧٠- هەمان سەرچاوە
199ل ١٢٤- هەمان سەرچاوە

**ئـــارەزوم لە پەیوەنـــدی بەســـتنە**!ئاشـــکرایە کە ئەمە هەڵوێستێکی **بێ شـەرمانەیە.** "[200] ، "**بەبێ خیـانەتکردن** لە ئەرکە شۆڕشـگێڕییەکان، ئاسـتەمە بتـوانی لەگەڵ ژنێکـی سیستەمدا بژیـت"[201]. ئایـا ئەم هەمـوو سـزا و سـەرکوتە سێکسیە لەپێنـاو ئـازادی ژن دایە؟ ئەمە بەڕاسـتی ئـازادیە یـــان تونـــدکردنەوەی هەمـــان ژێردەســـتەیی ژنە کە لە کـۆمەڵگەی خێـڵ- گونـدی دێهـاتی کوردسـتانی تورکیـادا هەیە؟

ئەگەر ژنۆلـۆژی ئـۆجەلان کێـشەی بەسـتنەوەی ژنـی نـــیە، بـــۆچی ئـــازادی پەیوەنـــدی نێـــوان ژن و پیـــاو دەبەســـترێتەوە بە سیاســـەت و بەرژەوەنـــدی حـــزب و بزوتنەوەیەکـــی چەکـــدارەوە؟ ئایـــا ئەگەر ژنێـــک لەگەڵ پیاوێکـدا سـێکس و خۆشەوسـیتی و هاوسـەرگیری بکـا بۆچی دەبێ ببێ بەمەسەلەی ئۆجەلان و پەکەکە و شـەڕی دژی سوپای تورکیا؟ دیارە ژن سەبجێکت و بـابەتی کەس و لایەنـی تـرە و خـاوەنی خـۆی نـیە! دیـارە پەیوەنـدی سێکـسی ژن وەک پەیوەنـدی سێکـسی پیـاو بە کـاری شەخسی خۆی نازانرێ و تیایدا ئازاد نیە، هەربۆیە دەبێت لە چوارچیوەی بەرژەوەندی پەکەکە و شـەڕی سیاسـی و ســـەربازی ســـەیربکرێ! بەڵام پرســـیار ئەوەیە بـــۆچی

---

200ل ١٥٣- ئۆجەلان ،ژنۆلۆژی

201ل١٥٣- هەمان سەرچاوە

ئـۆجەلان و پەکەکە بەم شـێوەیە خۆیـان بە خـاوەنی ژن دەزانــن و بــۆ ئـازادی ژن لە قەدەغەکردنــی سـێکس و عەشقکردنی لەگەڵ پیاودا دەبینن؟

ئەم خاوەنداریێتیەی ئۆجەلان و پەکەکە لە ژن هەمـان خاوەنـــــداریێتی کـــــۆمەڵگەی دواکەوتـــــوە لەژن. لەم کۆمەڵگەیـانەدا ئەوە تەنیـا ژنە خـاوەنی خـۆی نـیە، بەڵکـو باوک،برا،خزم،بنەماڵە،عەشیرەت، گوند و کۆمەڵگە خـاوەنی ئەسلی ژنـن و ئەوان دیـاری دەکەن کە، ژن کەی و لەگەڵ کــێ و بە پێــی چ پیوەرێــک دەتــوانی ســێکس بکـــا، خۆشەویستی بکا، هاوسـەرگیری بکا؟ لە ژنۆلۆژیشدا ئەم خاوەنەی ژن دەبێتە ئۆجەلان و پەکەکە.

تێــزی پەیوەنــدی ئــازادی ژن بە قەدەغەکردنـــی لە سـێکس کـردن و عەشـق و هاوسـەرگیری کـردن، تێزێکـی سیاســـی و "**داهێنـــانێکی زانـــستی**" تـــازەیە کە نـــاوی "ژنۆلۆژی"یە. ئەم ئازادیەی ژن لە ژنۆلۆژیدا وەک ئازادی کرێکار لە سەرمایەداریدایە.

ژن لە ژنۆلۆژیــدا وەک کرێکــار لە هەمــوو موڵــک و مافێک دادەماڵرێ و وەک کۆیلەیەکی کاری بەکرێ تەنیا لەوەدا ئازادە کە سـەربازێکی پەکەکە بێ، و لەوکاتەوە کە پێ دەخاتە سـەربازگەی ڕاهیبەکانەوە ئیتر دەبێ یاسـای کۆیلایەتی کویرانەی سـەربازی پەیڕەو بکا، ئەگەر دژ بە هەمـوو مـافێکی ســەرەتایی ژنـیش بێـت وەک سـێکس و عەشق و هاوسەرگیری و هەست و سۆزیش.

ئۆجەلان دەڵێ؛"**ئازادییەکی ڕاستەقینەی ژن بەلابردنی هەست و سۆز** و ئیرادەی مێرد، باوک ، برا ، **دۆست** ،هتد بەدیدێت. "[٢٠٢] بۆچی هەست و سۆزی دۆستی ژن بۆ پیاو ڕێگرە لە ئازادییەکی ڕاستەقینەی ژن؟ ئایا ئەگەر ژن ئەم هەست و سۆزەی بۆ پیاوێک هەبێ و حەز بکا سێکسی لەگەڵدا بکا یان عاشقی بێ و یا هاوسەرگیری لەگەڵدا بکا مانای وایە ئیتر ئازادی لەدەستداوە؟ کەواتە ڕێگای ئازادی جیابونەوە لە پیاوە لە ئێستادا؟

ئەمە داوایەکی سیاسیە کە ئۆجەلان و پەکەکە لە ژنانی دەکەن کە لەگەڵ پیاوان جوت مەبن تاکو لە ئەرکە شۆڕشگێڕەکانتان دوانەکەون و شۆڕش دوانەکەوێ. بەڵام بۆچی شۆڕش بە سێکس کردنی ژنان دوادەکەوێ، بۆچی ناتوانن ڕیگەی ڕێگری کردن لە منداڵ بون بەکاربێنن بۆ ئەوانەی لە پێشی شەڕدان؟ بۆچی هەروەک نمونەی پارتیزانەکانی کوبا و چین و ڤیتنام وشوینەکانی تر ، مەسەلەی سێکس کردن و عەشقی ئازادی ژنان لە کوردستان ئاوا ئاسان نیە؟ بۆ لەکوردستان دەبێ داهێنانی تازەی زانستی بکرێ کە عەشق دەبێ ئیلاهی بێ و ژن دەبێ ڕاهیبە بێ تا پارتیزانەکان بتوانن شەڕ بکەن و بگەن بە ئازادی؟!

---

[202] ل ١٢٢(ئۆجەلان، ژنۆلۆژی)

ئاشـکرایە لەبەرئەوەی لە کوردسـتان و لە ژنۆلۆژیـدا **سـێکس و عەشـقی ژن وەک "بەڵا" و "تـرس"** بۆسـەر کـۆمەڵگە و بـزوتنەوە سیاسـی و چەکـداریەکانی ناسـیونالیزمی کـورد سـەیر دەکـرێ. ئەو هەمـوو کـچە گەنـجە ئەگەر لەپەکەکەدا ئـازادانە سـێکس وعەشـق بـکەن ئەوا ئەم بزوتنەوەیە شکست دەخوا!

ئەمە دێڕی هۆنراوەکەیە! تێڕوانین بۆ سێکس و عەشق و هاوسـەرگیری ژن لە کـۆمەڵگەی کوردسـتاندا هێـشتا تـابۆیە. لای ئـۆجەلان کوردسـتان کـۆمەڵگەیەکە هێـشتا "**پیـاوان بەگـشتی گومـان لەوەدەکەن کاتێـک ژن بەسـەربەخۆ بەجێبمێنـێ هەبـونێکن بـۆ هەمـوو جـۆرە خراپەیەک کراوەن**."[٢٠٣]. بەڵام ئایا ئەمە هەمان کەلتوری تـرس لە ئـازادی ژن و سێکسی ژن نـیە کە ژنۆلـۆژیش هەیەتـی و هەربـۆیە ژن بە بەڵا دادەنـێ و لێرەدا بەنـاوی پیاوانی کوردستانەوە زەق دەکرێتەوە؟ ئایا ملیۆنەها ژنی کرێکـار و کارمەنـد و بەڕیـوەبەر و سیاسـەتمەدار و خاوەنکار و هەموو ئەوژنانەی لەدەرەوەی ماڵ کاردەکەن پێیـان وایە هێـشتا پیـاوی کوردسـتان لەم دەورە دواکەوتـوانەی خۆیـدایە؟ ئەگەر گریمـان هێـشتا پیـاوانی کوردستان دواکەوتوترین پیاوی سەر ڕوی زەویش بن لە مامەڵە و تێگەیشتن لە ژندا، ئایا ئەم یاسای جیاکردنەوەی

---

[203] ل ١٥٠- (ئۆجەلان، ژنۆلۆژی)

ژنـانەی پەکەکەش جگە لە داننـان بەدواکەوتـویی پیـاوانی ئەم پەکەکە چـی تـر دەسـەلمێنێ و فەلـسەفە و هـونەری بـونی ژنـان لە ڕیکخراوێکـدا چـیە کە هەمـوو پیاوەکـانی پێیـان وابـێ "**ژن بەسـەربەخۆ بەجێبمێنـێ هەبـونێکن بـۆ هەموو جۆرە خراپەیەک کراوەن.** "؟ ئەگەر پیاوانی پەکەکە و کەلتـوری نـاو پەکەکە بەم چەشـنە دواکەوتـوانە و ئیسلامی نیە و ئەگەر بڕیارە لەم ڕێکخـراوەدا ژن ئـازادە، کەوایە بـۆ ژن وەک سـەردەمی سـەدەکانی ناوەڕاسـت دەکـرێتە "ڕاهیـب" و لە پەرسـتگاکاندا لە دەسـت پیـاو دەپاریزرین؟ ئەی بڕیار بوو "ژنۆلـۆژی" زانستێک بێ ژن لەم دواکەوتـویە ڕزگـار بکـا بـۆ چـی دیـسانەوە ژن لە سێکس و خۆشەویستی و ژیانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پیـاودا و بەم پێیەش لەگەڵ کۆمەڵگەشـدا ژن دەکرێتە قوربـانی و وەک نەخۆشی و مەترسی دوردەخرێتەوە بۆ پەرستگای "ڕاهیبەکان"؟

"ژنۆلـۆژی" لەوەڵامـدا پاسـاوی ئەم یاسـای تـابۆ سێکسیانە بەوە دەزانێ کە **ژنـان خۆیـان ئێستا ئامـادەی ئازادی نین**! پاساوەکە لە کردەوەکە خراپترە! ئەم نوسەرە دەڵـێ؛"لە ڕەوشـێکی وەهـادا دەشـێ هەلومەرجەکـانی دیـاردەی ئەشـق دیـاریبکرێ. بەرلە هەمـوو شـتێک بـۆ ئەوەی ژن **مـافی هەڵبـژاردن** بەتەواوەتـی بەکـاربێنێ یەکەمەین مەرج ئەوەیە لە ئازادی و یەکسانیدا لەگەڵ پیـاو بە هێزێکـی هاوسـەنگ بگـات. لەم پێناوەشـدا **بەدیهـاتنی**

**دیموکراتیزەکردنی تەواوەتی کۆمەڵگا مەرجێکی دیکەی لە پیـــشینەیە.** "[٢٠٤] کەواتە بـۆ ئەوەی ژن مـــافی هەڵبژاردنـــی هەبیٚ واتە بتـوانیٚ سـێکس و عەشـق بکـا دەبیٚ کـۆمەڵگە دیمـوکراتیزەبکریٚ!!و ئەمە پیش مەرجە!!دیسانەوە ئەمەش تێزێکی تری قەدەغەکردنی سـێکس و عەشقی ژنـانە لەپاڵ تێزی "ئەگەر ئەرکە شۆڕشگێڕیەکانی بخـاتە خزمەتـی ئەم پەیوەندیانەی(سێکس و عەشق)، ئەوەی ڕودەدات خیـانەتە. [٢٠٥]"

تـــابۆی ســـێکس و عەشـــقی ئـــازادی ژن نیـــشانەی تێروانینـــی دینـــی و ئیـــسلامی و کەلتـــوری دواکەتـــوانەی خێڵەکـــی و عەشـــیرەتی و پیاوســـالاریە لە کـــۆمەڵگەدا. لە کوردســـــتان و بەتـــــایبەت لە بـــــزوتنەوەی چەکـــــداری ناسیونالیستی کـوردیدا کە زیـاتر لە بنەمـایەکی عەشـیرەتی و بنەمـــاڵەیی و کەلتـــوری پاشـــماوەی دەرەبەگـــایەتی و دێهـاتیەوە سـەرچاوەی گرتـوە، ژن بـونەوەرێکی جیـایە لە پیـاو. پـلەیەک نزمتـر ، سـێکس و عەشـقی ژن تـابۆیەکە و چەمکـی سێکسی عەیبداری و شـەرمە. ئەم بۆچونـانە لە "ژنۆلـــۆژی"یـــدا شـــەپۆل دەدا. ســـــەیرکەن ئـــۆجەلان دەڵیٚ"**کەواتە دەتوانین چ ناوێک لەو ڕاکردنانە بنێین کە ژن وپیـــــاو بەجـــــوتە ئەنجـــــامی دەدەن؟ دەتـــــوانین وەک**

---

[204] ل ١٥١- (ئۆجەلان، ژنۆلۆژی )

[205] ل١٥٣- هەمان سەرچاوە

**خۆسەلماندنی ئەو ناسنامەیەی کوردان هەڵیسەنگێنین کە کۆتایی پێهاتوە.** "[٢٠٦].

ئەم قسەیە واتە ناسنامەی کوردایەتی بریتیەلە ڕانەکردنی ژن و پیاوە لەدەست دوژمنانی خۆشەویستیان!وە هەر سێکس و عەشقێکی ڕیگەپێنەدراوی ژن لەدەرەوەی دەسەڵاتی بنەماڵە و عەشیرەت و کۆمەڵگە سڕینەوەی ناسنامەی کوردایەتیە. بەزمانێکی تر ناسنامەی پیاوسالاری کوردایەتی پەیوەستە بە سێکس و عەشقی ژنەوە. ئەمە ئەو ڕاستیەیە کە تێروانین و ناسنامە و سیاسەتی پەکەکەی سەبارەت بە ژن لەسەر بنیات نراوە. ئەمە هەمان ناسنامەی پیاوسالاری ناسیونالیزمی کوردە کە ژن بەشی سەرەکی پێناسەی پیاو و بنەماڵە و کۆمەڵگەی کوردستانە تیایدا. ژن شەرەفە. ژن تابۆیە. ژن بونەوەرێکی سەیرە کە هەموو شتێک لەدەوری ئەو مانا پەیدا دەکا و بەتایبەت لەدەوری سێکسوالیەتی ژن. ئەمە نیشانەی مانەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و شێوازی خێزانە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بەهۆی دواکەوتویی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە.

ئەم تێڕوانینەی "ژنۆلۆژی" بۆ ڕاکردنی دوو خۆشەویست بە نەمانی شەرەف و ناسنامەی کوردایەتی

---

[206] ل ١٥٠- ئۆجەلان ،ژنۆلۆژی

هەمان چیرۆکی کوشتنی دوو خۆشەویستەکەی گوندی قامیشەڵانی کوردستانی عێراقە کە چونە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان و یەکێتیش کەوەک پەکەکە خۆی بە ڕزگارکەری ژنان دادەنا، لەبەر نەچونی شەرەف و ناسنامەی کوردایەتیەکەی تەسلیمی خانەوادەکەی کچەکەی کردنەوە و کچەکەیان کوشت. دیارە کاتێک ژمارەی ئەم کچە ڕاکردوانە بۆ ناو پەکەکە زیاد دەکا و ژنان دەبنە گەریلا، پەکەکە بۆ دورخستنەوەی بەڵای ئازادی ئەم ژنانە لە سێکس کردن و عاشق بون بەڵێنی بە باوک و بنەماڵە و عەشیرەت و گوند و کۆمەڵگەی کوردستان داوە کە ئەم ژنانە بە "پاکیزەیی" و "فریشتەیی" و "ڕاهیبی" پاک ڕابگرێ. ژنۆلۆژی لەژێر ناوی پاراستنی ناموسی کوردا سێکس و عەشق لە ژنانی کورد قەدەغە دەکا تاکو بتوانێت "ئەم بەڵایەی ئازادی ژن" لەسەر بزوتنەوە چەکداریەکەی لابەرێ و لەهەمان کاتیشدا ئەم بزوتنەوەیە لەو هێزە زۆرەی دێنە ڕیزی پەکەکەوە مەحروم نەکا. ئەمە دوفاقی و دوڕوویی ژنۆلۆژی سەبارەت بە سێکس و عەشق و ئازادی دەخاتەڕوو.

بێگومان بۆ ئۆجەلان ئەمە پاساوێکی سیاسیە کە ژنان بکاتە قوربانی دواکەوتویی پیاوسالاری کۆمەڵگە و لەهەمان کاتیشدا ژنانی کوردستان بەوە فریوبدات ئەم قەدەغەکردنی سێکس و عەشقە لە پێناو ئازادی ئەوان لە پیاواندایە. ئەو پێی وایە کە تاسەر ئەم فریوکاریە بەناوی

زانستی ژنەوە دەچێتە سەر چونکە "**کۆمەڵگەیەک بەم شێوەیە سادە و سەرەتایی بێت. . بەهەمان هۆوە بەئاسانی دەتوانێ خەڵک بۆ ڕاپەڕین هەڵخڕێنێ.** "[٢٠٧] و هیچ کەسیش بە نازانستی بونی "**ژنۆلۆژی**" و **تێزە دژی ئازادیەکانی ژنی** ئەم ژنناسیەش نازانێ. !

ئەگەر تێزەکانی "**ژنۆلۆژی**" لەسەر ئازادیەکانی ئێستای ژن ڕۆشنە، کە بە هەموو شێوەیەک لە دژیان دەوەستێ بەبیانوی "ئەرکە شۆڕشگێڕەکان" تا سەرکەوتنی "دیموکراتی شارستانی"!،بەڵام پرسیاری سەرەکی لە ژنۆلۆژی ئەوەیە کە ئەم دیموکراتی شارستانیە چ شێوازێکی پەیوەندی نوێ لە جێگای خێزانی ئێستا دەهێنێتە ئاراوە و چ ئازادیەک بە ژن دەدات و ئایا سێکس وعەشق و هاوسەرگیری ئازاد و سەرجەم ئازادیەکان چۆن دابین دەکا؟ جێگای ژن لە کۆمەڵگەدا چی دەبێ و خودی شیوازی بەرهەمهێنان و گۆڕینەوە و دابەشکردن چۆنە لەو سیستەمە نوێیەدا؟

لەم ٢٠٠ لاپەڕە "زانستیە"دا هیچی لەسەر ئەمانە نەوتراوە، ئەوە نەبێ کە " **لە پرۆسەی نەتەوەبونی دیموکراتدا ئازادبونی ژن بایەخێکی زۆری هەیە. ژنی ئازاد کۆمەڵگای ئازادە. کۆمەڵگای ئازادیش نەتەوەی**

---

[207] ل ١٤٨ ئۆجەلان - کتێبی(خەڵک و ڕێبەری)

**دیمــوکراتە.** "٢٠٨ . وە "دیموکراتیزەبــونی ژنــان ڕۆڵێکــی دیـــاریکراوی دەبێـــت لە جێگیرکردنـــی عەلمـــانیەت و دیموکراسـیەت بە شـێوەیەکی هەمیـشەیی"٢٠٩. سـەیرکەن "پرۆســەی نەتەوەبـونی دیمـوکرات" و"دیموکراسـی بـونی ژنـان" یـانی چـی؟ چـۆن نەتەوە و ژن دیمـوکرات دەبـن ؟ ئایا نەتەوە و ژنـی نـادیموکرات هەن؟ ئایـا ئەوە سیستەمە دیمـوکراتی دەبـێ یـان نەتەوە و ڕەگەزە؟ ئەم هاوکیـشە فەلسەفیە چی دەگەیەنێ؛ نەتەوە دیموکرات دەبێ ژن ئازاد دەبێ= ژن ئازاد بێ کۆمەڵگە ئـازاد دەبێ=کۆمەڵگە ئـازاد بـــێ نەتەوە دیمـــوکرات دەبــــێ. !! ئەگەر هاوکێـــشە یەکسانەکان بکەیـن بە هاوکیـشەی لە جیـاتی دانـان ئەوا ئەنجامەکەی ئەوەیە کە؛ **نەتەوەبونی دیمـوکرات نەتەوەی دیموکراتە**!! ئەمە ئەو کۆمەڵگەیەیە کە کەس نـازانێ مانـای وشەکەشی چیە؟ جا چ بە نـاوەرۆکەکەی دەگـا؟ بەڵام داوا لە ژنـــان دەکـــرێ لەپینـــاو گەیـــشتن بەو کـــۆمەڵگەی "**نەتەوەبونی دیموکرات نەتەوەی دیموکراتە**!!" **سەیری پیاو نەکەن و خیانەتی سێکس کردن و عەشق و هاوسەرگیری نەکەن و خۆیـان بـخەنە سـەختی گرانـی تەنیـایی بـونی مەزنەوە**!! بەڵام **ئـۆجەلان** پێمـــان نـــاڵێ ئەگەر بـــاس لە دیموکراســـیە خـــۆ زۆربەی دنیـــا ئەمـــڕۆ سیـــستەمی

---

[208] ل ٢٠٦(ئۆجەلان، ژنۆلۆژی)

[209] ل٩٨- هەمان سەرچاوە

دیموکراسی پەرلەمانی یان فرەحزبی و جۆرەکانی تری دیموکراسیە و تەنانەت کوردستانیش دیموکراسی بنەماڵەیی هەیە، بۆچی دۆخی ژنان هێشتا لە ژێردەستەیی پیاوسالاریدایە؟ دیموکراتیەکەی پەکەکە چی جیاوازە لەو دیموکراتیانەی لە دنیای ئەمڕۆدا هەیە؟

"**ژنۆلۆژی**" لەوەڵامی ئەمەدا پێی وایە کە تایبەتمەندی کورد و ژنی کورد هۆی جیاوازی ئەم "**نەتەوەبونی دیموکرات نەتەوەی دیموکراتە**!!"پەکەکەیە و لەو باوەڕەشدایە کە **ژنانی پەکەکە کە سێکس و عەشقیان لێ حەرام کراوە نەک تەنیا ئەرکی ئازادی ژنانی کوردستانیان پێ سپێردراوە بەڵکو بەم "تایبەتمەندێتیانەیان زیندوترین و چالاکترین هێزی کۆمەڵگای دیموکراسیانەن.** "[210]**لە جیهانیشدا.**

ئەم تایبەتمەندیەش بەهۆی ئەوەی کورد" **تائێستا شوین پەنجەی هێزی کلتوری عەشیرەت و قەبیلە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەبینرێت، بەڵام کلتوری شار پەرەی نەسەندوە.** "[211]. وە لەبەرئەوەی "**ئەو کۆمەڵگایەی شارو دەولەت مۆری خۆی لیداوە دەولەتگەرا و دەسترۆیە، کۆمەڵگای لادێش هێندە کۆمەڵکار 'یەکسانیخواز" و"دیموکرات" و"ئازادە"**. "[212]. کەواتە

---

[210] ل ١١٢- (ئۆجەلان، ژنۆلۆژی)

[211] ل١٦٧- هەمان سەرچاوە

[212] ل ١٦٣- هەمان سەرچاوە

تایبەتمەندی کوردیش ئەوەیە "دیموکرات و یەکسانیخواز و ئـازادە". ژنـانی کـوردیش بەهەمـان شـێوە "**تـاوەکو ئیستاش کاریگەری سەردەمی بەردینی نوێ لەسەر ژنانی کۆمەڵگـای کـوردەواری بەردەوامە.** "[٢١٣]. ژیـانی نـاو پەکەکەش وەک ژیانی نێو خێڵی کورد وایە لەبەرئەوەی "**لای کـوردان خێـڵ نیـو گەریـلایەکە. کاتێـک لەنـاو ڕێکخستنی خێڵدا لە نزیکەوە تەماشـای خێزان بکەیـن دەبینین کەمەبەستی سەرەکی ئازادی زەق دەبێتەوە. ژن زۆر کـارا و ئـازادە. ئەو ئەنجـامەی دەرکەوتـوە بـۆ شیوازی بەرخۆدانی نیو گەریلایی خێڵ دەگەڕێتەوە.** "[٢١٤]
هەربـــۆیە ئەم وەزعەی ژنـــانی پەکەکەش ئەنجـــامی بەرخـۆدانی خێڵەکیە. وەک ژنـانی نێوخێڵ زۆر کـارا و ئازادن بەڵام بەهەمان پێوەری خێڵ بۆ ژن ئازادن. واتە وەک ژن و دایکـــی نـــاو خێـــڵ پابەنـــد و ژێردەســـتەی سـەرۆکی خێڵ و سـەرۆکی خێزانن و سـەرەڕای ئەوەش ژیانی سێکسی و عەشق قەدەغەیە و کاتی هاوسـەرگیریان بە پێی پرۆسەیەکە لە پەرستگای حزبەوە بڕیاری لەسـەر دەدرێ . ئاشـــکرایە ئەم ژنە هـــیچ مـــافێکی وەک ژنێکـــی هـــاوچەرخی ســـەربەخۆ و بەشـــدار لە بەرهەمهێنـــان و بەڕیـــوەبردنی کـــۆمەڵگەدا نـــیە و لەباشـــترین حاڵەتـــدا ســـەربازێکی خێڵێکـــی گەریلایـــیە کە جـگە لە خـــۆکردنە قوربـانی " **لە پرۆســـەی نەتەوەبـونی دیموکراتـدا**" ژن بایەخێکی تری بۆخۆی و مافەکانی نیە.

---

[213] ل ١٤٤- هەمان سەرچاوە

[214] ل ١٣٧- ئۆجەلان ،ژنۆلۆژی

ئەم شانازیانەی "**ژنۆلۆژی**" بە دواکەوتویی کۆمەڵگەی کوردستانەوە دەیکا، بەوەی کە هێشتا لە ژێرکاریگەری چەرخی بەردی پێش شارستانی و نەریتی عەشیرەتی و خێڵەکیدایە، نیشانی دەدا کە نمونە و ڕۆڵ مۆدێلی پەکەکە بۆ کۆمەڵگەی کوردستان و ژنانی کوردستان چ دواکەوتویەکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیە. پەکەکە دژی سەرمایەداری و مۆدیرنیتەیە بەڵام نەک لە ڕوانگەیەکی پێشکەوتنخوازانەوە بەڵکو خوازیاری گەڕانەوەیە بۆ کۆمەڵگەی سەرەتایی پێش شارستانی و جێگرتنەوەی کشتوکاڵ و گوند بە پیشەسازی و شار و جێگرتنەوەی عەشقی ئەفلاتونی و دینی و حەرامکردنی سێکس و ڕێزگرتن لە خۆشەویستی گەورەی ١٣ ژنە و زەواجی منالانی ٩ ساڵە. دەبێ ئازادی ژنان لەسایەی کۆمەڵگەیەکی وادا کە هەموو کۆنەپارێزیەکی پیرۆزکردوە و هەموو پیشکەوتنێک هەراسانی دەکا چی بێ؟ ئایا لەم نەتەوەی دیموکراتیەدا هیچ پایەیەکی کۆتایی هێنانی ژێردەستەیی و پیاوسالاری بونی هەیە؟

بیهێننە پێش چاوی خۆتان لە سەرەتای سەدەی ٢١دا کوردستان بەرەو ژیانی ئەشکەوت و گوندەکانی ١٠هەزار ساڵ لەمەوپێش بچێتەوە و واز لەدنیای مۆدیرنی پیشەسازی و تەکنولۆژی و کۆمیونیکەیشنی ئەنتەرنێتی بهێنێ و خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵی بێ، دەبێ ژن چ چارەنوسێکی لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوی لەم شێوەیەدا هەبێ؟ چ ئازادیەک لە سایەی برسێتی و هەژاری و

نەخۆشـــی و کارەســـاتی سروشــتی و خەتەری کۆتـــایی هاتنی ژیان لەسەر گۆی زەوی وەک ئەستێرەیەکی تەمەن دیاریکراو هەبێ؟

گەڕانەوە بــۆ کۆمــۆنەی ســـەرەتایی بــۆ کــۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی مەحـاڵە چـونکە مـرۆڤ لە بەرهەمـی داهێنـانی خۆیدا و زاڵ بونی بەسەر یاسـا سروشـتیەکاندا توانی لەو قۆنـاغە دڕنـدەییە دەربچــێ و بتــوانێ بمێنێــتەوە و پــێش بکەوێ. وەک ئەنگلس دەڵێ؛"هەر هەنگاوێک بۆ پێشەوە لەســـەر ڕێگـــای شارســـتانی هەنگاوێــک بەرەو ئـــازادی بوە"[٢١٥]. ئینسان کاتێک بەرەو ئازادی هەنگاوی ناوە کە پیویستیەکانی باشترکردنی ژیان و مانەوەی لەڕێگای کار و بەرهەمهێنــانەوە بەرەو پــێش بــردوە. "ئـازادی زانینــی پێویستیە. پێویستی کوێرە ئەگەر لێی تێنەگەین. " (هیگل- ئینسکلۆپیدیای زانستە فەلسەفیەکان)[٢١٦]. ژنـانیش کاتێک پێویـــستی ژیـــانێکی باشـــتر و دەســـت ڕاگەیـــشتنیان بە مافەکانیـان وەک خۆئاگـاییەک پەیـدادەکەن هەنگـاو دەنـێن بەرەو ئازادی. ئازاد دەبن لەدەستی ئەو هێزانەی بڕیـاری سێکس و عەشق و کارکردن و شێوەی ژیانیان بۆ دەدات. ژن کاتێک لە کۆمۆنەی سـەرەتاییدا بەهـۆی دەوری لە نـاو کـاری کۆمەڵایەتیـدا و حـسابکردنی کـاری نێومـاڵ وەک کـارێکی کـۆمەڵایەتی گرنـگ بـۆ ئەو دەورانە سـەرەتاییە،

---

[215] ل١٣٤-انجلس - ضد دوهرینغ -

[216] ل١٣٣ هەمان سەرچاوە

ئازاد بوو. هەربۆیە ژن بە چونەوە ناو کاری کۆمەڵایەتی ئەو ئازادیە بۆ خۆی دەگەڕێنێتەوە نەک بە گەڕانەوەی بۆ ژیــانی خێڵەکــی و عەشــیرەتی. "پیــشەسازی گەورە دەورێکـی بـڕێنەرەوەی گێـڕا لە پرۆسـەی بەرهەمهێنـانی ڕیکخـراوی کۆمەڵایەتیـدا لەدەرەوەی مەیـدانی کاروبـاری مـاڵ بـۆ ژنـان و گەنجـان و منـاڵان لەهەر دوو ڕەگەزەکە، کەبەبنەمـایەکی ئـابوری نـوێی ئامـادەکرد بـۆ شـێوازی بەرزی خێزان و پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە. "[٢١٧]

ئەم شێوازی ژیان و پەیوەندیە خێڵەکی و عەشیرەتیە بەهــۆی پێــشکەوتنی کــۆمەڵگەی کوردســتان و بــونی بەبەشـێک لە دنیـای سـەرمایەداری ئەمڕۆ، تەنیـا لە کوێرە دێهاتەکـانی کوردسـتانی تورکیـا مـاوەتەوە و شـێوازی بەرهەمهێنـانی سـەرمایەداری شـێوازی سـەرەکی ژیـانە لە کوردسـتان و گونـدەکانیش وابەسـتەی بـازاڕی گەورەی سەرمایەداری شارەکانن.

ئەم گەڕانەوەیەی "ژنۆلـۆژی" بــۆ کــۆمەڵگەی پــێش سەرمایەداری و پێش شارستانی، تیژی هێزێکی چەکداری خێڵەکیە کە خـۆی بەبەرهەمـی پێکهـاتەی خێڵەکـی گونـدی کوردســـتان دەزانـــێ و ڕایـــدەگەیەنێ کە پەکەکە؛ "**ئەو ئەنجـامەی دەرکەوتـوە بـۆ شـیوازی بەرخـۆدانی نیـو گەریلایی خێڵ دەگەڕێتەوە.** "[٢١٨]

---

[217] ل ٢٤٢ بەرگــی یەک، بەشــی ٤، فەســڵی ١٣- کــارل مــارکس- سەرمایە.

[218] ل ١٣٧(ئۆجەلان، ژنۆلۆژی)

بەڵام ئەمە ناکۆکە بە واقعیەتی ژیانی زۆربەی خەڵکی کوردستان کە لەسایەی پەیوەندیەکی سەرمایەداریدا دەژی و چینەکانی سەرمایەداران و کرێکاران لە کوردستان وەک شوێنەکانی تری عێراق و تورکیا و ئێران و سوریا هەیە. حزبە ناسیونالیستە چەکدارەکانی کوردستانن، پەکەکە و پارتی و یەکێتی، کە بەرنامە و دەسەڵاتیان هەمان بەرنامە و پێکهاتەی خێڵەکی و گوند و میرنشین و فیدرالی و کۆنفیدرالی کانتۆنەکان و دەسەڵاتی میلیشیایی تاک حزبیە و نایانەوێ و ناتوانن مۆدێلی دەوڵەتی مۆدێرن دروست بکەن. بەم پێیەش وێڕای پەیوەندی زاڵی ئابوری سەرمایەداری بەڵام شێوازی سیاسی و کۆمەڵایەتی سیستەمی زاڵ تێکەڵاوێکی کۆنەپەرستانەیە لە دەسەڵاتداریتی بنەماڵەیی، میلیشیایی ، دینی و پیاوسالاری.

ئێمە لێرەدا ناچینە سەر جیاوازیەکانی نێوان پەکەکە و یەکێتی و پارتی چونکە ئەمە جێگای ئەم نوسینە نیە، بەڵام لەو خاڵەدا هاوبەشن کە ئەم هێزانە پشت بە پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی پێش سەرمایەداری دەبەستن و هەر کامەیان بەشێوازێک بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی حزبی خۆیان بەکاری دەهێنن و ئەمەش بەشێک لە خەسڵەتی دەسەڵاتی سیاسی حزب و بزوتنەوە ناسیونالیستی و دینیەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. نمونەیەک لەم شێوازەی بەکارهێنانی پاشماوەی خێڵایەتی لای پەکەکە لەم قاڵبە ڕوی فکریەی ژنۆلۆژیدا خۆی نیشاندا کە بەپێی قسەکانی ئۆجەلان بەرخۆدانی پەکەکە بۆ ئەو سونەتە خێڵایەتیە

دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەم بنەما خێڵایەتیە لای ئۆجەلان لە قـــالبێکی فکـــری و سیاســـــی نـــــوێ کە پەکەکە یە داڕێژراوەتەوە و شێوازی خێڵێکی سیاسی داوە بە پەکەکە کە ژنۆلۆژی تیایدا یاسا و دەستوری ماف و ئازادیەکانی ژن لەسایەی ئەم خێڵە سیاسیەدا دیاری دەکا. بێگومان ئەم خێڵە ئایدیولوژی و سیاسیە کاتێک لە نێوکۆمەڵگەی مـۆدێرنی کوردستانی تورکیـادا هەڵدەسـوڕێ دوچـاری ناکۆکی دەبێ و ئەمە لە جیاوازی بەرنامەی هەڵبژاردنی هەدەپە کە لایەنگری لە مافی زەواج و پێکەوەبونی گەی و لیزبیەن( هۆمۆسێکوال) دەکا لەگەڵ ژنۆلۆژیدا دەبینین کە سوکایەتی بەم مافە دەکا و دەڵێ؛" لەوە زیاتر کە نێربازی وەکو لادان و نەخۆشـیەکی زایەنـدی(سـێکس) تاکەکـان ببینرێت،. . لە کۆمەڵگاکانی شارستانیدا زایەند و دەسـەڵات نەخۆشی کۆمەڵایەتین، وەکو شێرپەنجە وان. "*[٢١٩] یاخود لەگەڵ یاساکانی یەکسانی ژن و پیاو لە میرات لە کانتۆنی جزیرە کە پێچەوانەی ژنۆلۆژیە کە ئیسلام پیرۆزدەکا.

ئەم نـاکۆکیە خـۆی دەرخەری نەگونجـانی ژنۆلـۆژی ئۆجەلانە لەگەڵ ئەو بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی لە هەنـاوی کـۆمەڵگەی کوردسـتانی تورکیـا و سـوریادا دەرگیری ململانێن لەگەڵ دەسەڵاتی ئیسلامی لەتورکیا و داعـش لە سـوریادا بەڵام لە ژێـر هەژمـونی پەکەکەدا مـاونەتەوە. بە تـایبەت کە سـەرمایەداری لە تورکیـادا هێشتا پێویستی بە هێزی کاری هەرزانی ژنانە و بەشێکە

---

[219] ل٣٨(ئۆجەلان - ژنۆلۆژی)

لەو هێــزەی پیــشەسازی ئاراســتەکراو بــۆ نــاردنە دەرەوەی(Industrialization export-orented)[٢٢٠] لەســەر ڕاوەســتاوە و جیــاوازی لەچــاو بــاقی ئــابوری ڕەیعــی نــاوچەکەدا هەیە. هەربــۆیە زەمیــنەی قوڵبــونەوە و بــێ ئیعتبــاری ژنۆلــۆژی پەکەکە زیــاتر دەبینــین و ئەوەی ئەم ئیدیولوژیە دواکەوتوانەیە ڕادەگرێ پێویستیە سیاسیەکانی بــزوتنەوەی چەکــداری پەکەکە یە بە بەرهەمهێنــانەوەی هێزە چەکدارەکەی و داخرانی دەرگای بەردەم گەیشتن بە دەسەڵاتی لە سایەی دەولەتی شۆڤینیستی تورکیادا.

بەڵام هەرێمــی کوردســتان لە عێــراق نمــونەی پیــادەکردنی تەواوی ئەو " **پرۆســەی نەتەوەبــونی دیموکراتــدا**" یە، کە پەکەکە وەک بەهەشــتی ڕزگــاری و ئــازادی ژنــان باســی دەکــا. لێــرە ژنۆلــۆژی وەک یاســای سڕینەوەی ئازادیەکانی ژن جێگیرکراوە و لەسـەر سـێکس و عەشـق و شـەرەفی پیاوسـالاری هەزاران ژن کـوژراوە. لێرە ئیتر دەوڵەتی شۆڤینیستی تورک یا فارس یا عەرەب دەسەڵاتدار نیە و کوردایەتی چارەکە سـەدەیەکە حوکمی خەڵکـی کوردسـتان دەکـا. لەم هەرێـمەدا ناسـیونالیزمی کوردی یەکێتی و پارتی شـێوازی دەسـەڵاتێکی میلیشیایی بنەمــاڵەیی و عەشــیرەتیان تێــدا هێــشتۆتەوە. هەرچەنــد لێرەش دیموکراسـی پەرلەمـانی ئەوەندەی بەرژەوەندی و

[220] ل ٢٧٣-الشعب یرید-جلبیر الاشقر-

هێز هاوسەنگی نێوانیان و نێوان حزبەکانی تر ڕێگە بدات هەیە. ژنـــان لە ســـایەی ئەم سیـــستەمە عەشـــیرەتی و خێڵەکـیەی حزبـی چەکـداری کوردیـدا بە هەزارانیـان لـێ کوژراوە و بێ مافی ژنان لەڕادەبەدەرە.

دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد لە عێراقدا وەک بەشێک لەو سیـــــستەمی دەوڵەتـــــی رەیعـــــی و عەشـــــیرەتی و ئیـسلامیەی نـاوچەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت خەسـڵەتی دیاری ڕادەی بێکاری ژنانە کە لە بەرزترین ئاستیدایە لە ئاســتی جیهانــدا جــگە لە ئەفریقــا(تەنیــا ١٨،١٪ ژنــانی ئامادەبەکـار لەسـەرکارن)[٢٢١]. لە کوردسـتان ئەم ڕێـژەیە کەمتریـــشە[٢٢٢] بەتـــایبەت لەســـایەی قەیرانـــی ئـــابوری ئێـستادا(ژنـانی تەمەن ١٥-٢٤ بەڕێـژەی ٥٥%، تەمەن ٢٥-٣٤ بەڕیژەی ١٧%، تەمەن ٣٥-٤٤ بەڕیژەی ١٧%، تەمەن ٤٥-٥٤ بەڕیـــــژەی ١٠% و تەمەن ٥٥-٦٥ بەڕیـــــژەی ٥%دایە)*[٢٢٣] ،وەئەم دەرکردنەی ژنان لە مەیدانی کار و بەرهەمهێنـــانی کـــۆمەڵایەتی ژنـــانی کـــردۆتەوە کـــۆیلەی ناومـــــاڵ و بێکـــاری لەڕادەبەدەری ژنـــــان زەمیـــــنەی خۆشـــکردوە کە چ یەکێتـــی و پـــارتی و چ ئیـــسلامیەکان

---

[221] ل ٤٤-٤٥-الشعب یرید-جلبیر الاشقر

[222] http://www.ekrg.org/files/pdf/KRG_2020_last_english.pdf A Vision for the Future-

[223] http://www.asokamal.com/index/?p=81 ئاسۆکمال-نەخشە ڕێگای بانکی جیهانی و ئەفسانەی گەشەی ئابوری کوردستان بۆ ٢٠٢٠

کۆنەپەرستی فکری و کۆمەڵایەتی دژ بە ژنان زاڵ بکەن و یاسا ئیسلامیەکانی فرەژنیان ژیاندۆتەوە. هەربۆیە ئەگەر کوردستان لەسایەی دەولەتانی شۆڤینیستدا وەک ناوچەیەکی دواکەوتوی ئابوری و کۆمەڵایەتی دەهێڵرایەوە و ستەمی لێدەکرا، ئەوا ئێستا لەسایەی چارەکە سەدەیەک سەربەخۆیی لە دەسەڵاتی غەیرە کورددا دواکەوتوترین سیستەمی خێڵایەتی تێدا بەڕیوەبرێ و خەڵکی کرێکار و ژنان و گەنجانی لێواولێو نارازین لەم بێ مافی و سەرکوت و نەبونی ئازادی و هەژاری و بێکاریە. لە کاتێکدایە لەم ساڵانەی دوایدا لە ڕێگای بەرهەمهێنانی نەوتەوە داهاتی کوردستان دەیان ملیار دۆلارە لەساڵێکدا.

هەرێمی کوردستان چونکە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەرمایەداریدایە و لە سەدەی ڕابردووەوە ژنان چونەتە ناو بازاڕی سەرمایە و بونەتە کرێکار و کارمەند و خاوەن کار و خوێندن و سیاسەت و نێو کاری کۆمەڵایەتیەوە، مۆری خەباتی ڕاستەوخۆی ژنان بۆ مافەکانیان بەم کۆمەڵگەیەوە دیارە. سەرەڕای دەسەڵاتی دواکەوتوانە و عەشیرەتی یەکێتی و پارتی و گۆڕان و ئیسلامیەکان بەڵام ئەم بزوتنەوەیەی ژنان چ بە ئاشکرا و چ بە ناڕاستەوخۆ چ بە هێز و چ بەشێوەی لاواز خۆی نیشانداوە و بەشێک لە خەباتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستانە دژ بەو هەلومەرجە سیاسی و

ئـابوریەی سـەرمایەداری کوردسـتان. ژنـان لەهەرێمـی کوردستان بە خەبات دژی یاسای باری کەسێتی توانیان کوشتنی ژنان لەو یاسایە لابەرن و ئێستا دژی فرەژنی و بەنـدەکانی تـری پیاوسـالاری ئەم خەبـاتە درێـژەی هەیە. ٢٢٤

ئـازادی ژنـان لە کوردسـتاندا پەیوەسـتە بەوەی چەنـدە ژنان دەتوانن لە کاری کۆیلایەتی ناومـاڵ ڕزگاریـان بێ و وەک ژنـانی وڵاتـانی ڕۆژئـاوا دابینکردنـی کـار و بـیمەی بێکـاری و بـیمەی سەرپەرشـتیکردنی منـاڵ و دایەنگـا و بـاخچەی منـاڵانی خـۆڕایی و بـیمەی دەورانـی سـکپڕی و هەمـوو مـافە ئـابوری و سیاسـی و کۆمەڵایەتیەکـان وەک پیـاوان لێـی بەهرەمەنـد بێ و هەر یاسـایەک جیاکـاری لە نێوان ژن و پیـاودا دەکـا و ژنـان دەچەوسـێنێتەوە لاببرێ بە یاسـاکانی شـەریعەتی ئیـسلامەوە. ئەم جێگـا و ڕێگـا ئابوری و یاسایانە بێگومان ڕێگا خۆش دەکا تاکو خەبـات دژی سـتەمە کۆمەڵایەتیەکـانی سـەر ژنـانیش زیـاتر گەشـەبکا. ئـازادی سـێکس و عەشـق و هاوسـەرگیری بەشێک لەم ئازادیانەیە کە ژنـان لە ئێستادا پێویستیانە و هەوڵـی بـۆ دەدەن. گەشـەکردنی پەیوەنـدیە سێکـسی و عاشـقانەکانی نێـوان کچـان و کوڕانی شـارە گەورەکـان و کاریگەری پێشکەوتنە زانستیە سێکسیەکان و ڕێزگرتن لە مـافە سـەرەتایی و بنەڕەتیەکـانی مـرۆڤ و تێکەڵاوبـون لەگەڵ کـار و ژیـانی کـۆمەڵایەتی کـراوە و کـاریگەری

---

224 http://www. asokamal. com/index/?p=604 ئاسۆکمال -

تەکنەلۆژیـــا و میـــدیا و تـــۆڕە کۆمەڵایەتیەکـــان لەســـەر نزیکخستنەوەی کەلتورەکان و یونیڤێرساڵ کردنی پیوەرە ڕەوشـــتی و ئینـــسانیەکان، ئەمـــانە هەمـــووی کـــاریگەری لەسـەر نەوەیەکـی نـوێی ژنـان لە کوردسـتان دادەنـێ کە زیاتر بکەونە دژایەتی پیوەرە خێڵەکی و پیاوسالاریەکان و خەبـات لە پینـاو ئـازادی و یەکسانی نێـوان ژن و پیـاو بکەن.

هەربـــۆیە ئەم واقعـــیەتە کـــۆمەڵایەتی و فەرهەنگیـــانە ئەمڕۆ "ژنۆلۆژی"یان کـردۆتە چیرۆکـی بەرئـاگردان مەگەر کەســـانێک هێـــشتا گـــوێی لێبگـــرن کە دەســـتیان بەدنیـــای تەکنەلوژی و ئەنتەرنێت و دنیای دەرەوە ڕاناگـات، ئەگینـا لەم سـەردەمەدا چۆن دەتوانرێ بە وەعدەدان بەوەی ژنـان دەبێ بکرێنە خواوەند و راهیب دەتوانرێ ژنان فریوبـدرێن کە دەست لە هەموو ماف و ئازادیەکانی سـەرزەوی بهێنن و لە پێنـــاو بەدیهێنـــانی ئەو مـــافە ڕاســـتەقینانەدا خەبـــات نەکەن. لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئەمڕۆی کوردسـتاندا بەهەر ڕادەیەک ژنان دەچنە مەیدانی کـاری کـۆمەڵایەتی و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنـان پەرەدەسـتێنێ بەهەمـان ڕادە ئەم تێـــزو یاســـا دواکەوتـــوانەیە ســـەبارەت بەژنـــان ئاشـکرا دەبـێ و پێویـستی خەبـات لە دژی ئەم تێـڕوانینە دواکەوتـوانە ناسیونالیـستیە زیـاتر هەسـت پـێ دەکـرێ و دەبێـتە مەســـەلەی جـدی ژنـــان و بـــزوتنەوەی ئـــازادی و یەکسانیخوازی لە کۆمەلگەدا.

# کۆتایی

لەم نوسینەدا ئێمە ئەو ڕاستیەمان سەلماند کە ژنۆلۆژی بە داوای قەدەغەکردنی سێکس و عەشقی ژنان جگە لە دوبارەکردنەوەی فکر و میتۆد و سیاسەتی پیاوسالاری نێو کۆمەڵگەی کوردستان و کلتوری خێلەکی پێش سەرمایەداری و کلتوری ژنۆفۆبیای ئیسلامی سەبارەت بە کێشەی ژن و ئازادی و سێکس و عەشق شتێکی تر نیە.

ژنۆلۆژی بەشێک لەو فکر و تێز و کلتورە زاڵەیە کە کێشەی ژن و ئازادیەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ سەرجەم بزوتنەوە سیاسیە بورژوازیەکان بە بەلایەک دەزانێ و ڕێگاچارەی تەنیا گێڕانەوەی ژنان و کۆمەڵگەیە بۆ دەورانی کلتوری خێڵەکی و سڕینەوەی مافە شەخسی و سەرەتاییەکانیان. ژنۆلۆژی زمانی پەکەکەیە بۆ دەربڕینی هەمان فکر و سیاسەت لەمەسەلەی ژنان لە کوردستاندا.

ئێمە سەرەتا لە بەشەکانی تایبەت بە تێز و بەڵگەکانی ژنۆلۆژی نیشانماندا چۆن ئەم بەڵگە و بۆچونانە نەک زانستی نین بەڵکو پێچەوانەی زانستێکن کە تا ئێستا لەسەر جێندەر و خێزان و مێژووی مافی دایکایەتی و پەیدابونی سیستەمی پاتریارکی و پیاوسالاری و ئابوری

بەدەست هاتوە و لێرەدا بەدرێژی باسی مێژووی خێڵ و خێزان و پەیوەندی شێوازی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ گۆڕانکاریەکان کە بەسەر پەیوەندیەکانی ژن و پیاودا هاتون خستەڕوو تاکو خوێنەر بتوانێ خۆی ئەو بەراوردە ببینێت لە نیوان زانستی کۆمەڵایەتی و "ژنۆلۆژی"دا و خۆی تێزە نازانستیەکانی "ژنۆلۆژی" بۆ دەرکەوێت.

دواتر لەسەر جیاکردنەوەی ژن و پیاو و سێکس و عەشق و ئازادی باسمان کرد کە چۆن هەموو بەپیرۆزدانانی ژن و سوکایەتی بە ڕەگەزی پیاو تەنیا پاساوێکن بۆ ئەوەی سەرەتاییترین مافەکانی ژنان بسڕێتەوە ،بەناوی زانستی ژنناسیەوە و لە ژێر ناوی بەرزکردنەوەی ژن بۆ پلەی خواوەند و کردنی بە ڕاهیب و دورخستنەوەی لە پیاو و کۆمەڵگە. هەروەها باسی ئەو قۆناغانەمان کرد کە گۆڕانکاری لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و کلتوری سێکس و خۆشەویستیدا تیایدا شکڵ و ناوەرۆکی جیاوازی بەخۆوە گرتوە. باسی ئەو قۆناغانەمان کرد کە ترس لە سێکسی ژن و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن سیستەمی باوکسالاریەوە سەریهەڵداوە و چۆن ئاین و ئیسلامیش کردویانەتە یاسای دەسەلات و دەوڵەت. هەروەها ئۆجەلانیش چۆن سەرسوڕمان و موعجیب بونی خۆی بەم دەورەی دین و ئیسلامدا دەربڕیوە لە پیرۆزکردنی بەستنەوەی ژنان و

کردنیـــان بە ڕاهیـــبەدا ، وە ژنۆلـــۆژی شـــەرعیەتی لێوەرگرتـوە تـا نمـونەی ئەم پەرستگای ڕاهیبـانە بەنـاوی ئەکادیمیای ژنانی پەکەکە دامەزرێنێ .

لە کۆتایـشدا لەسـەر ئـازادی ژن و گرفـت و دوالیزمـی فکـری ناسـیونالیزمی زاڵ لە کوردسـتاندا سـەبارەت بە دەور و ئـــازادی ژن ئەو ڕاســـتیانەمان خـــستەڕوو کە زەمیـــنەی مـــانەوەی ئەم کۆنەپەرســـتە کلتـــوریەی لە کوردستاندا هێشتۆتەوە و ژنۆلۆژی چۆن بە گێڕانەوە و پیرۆزکردنی کلتوری خێڵەکی و ئیسلام دەیەوێ ئامـانجە سیاســـی و کۆمەڵایەتیەکـــانی پەکەکە لە کوردســـتاندا بەدیبێنێ.

بەگـــشتی ئەم هەوڵەمـــان بە پـــشت بەســـتن بەو دەسـتکەوتە فکـری و زانـستیانە، کە چوارچیـوەی گـشتی زانـستی ناسـینی پرۆسـەی گۆڕانکـاریە کۆمەڵایەتیەکـان و پەیوەنـدی ژن و پیـاو و خێـزان و سـێکس و عەشـق و ئـازادی بـخەنە ڕوو وە ئیـستا ئـێمە وەک کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی لەم زانستە بەهرەمەندین، توانیومـانە وەڵام و بەرپەرچـی فکـر و تیـژە داوکەوتوەکـان بدەینەوە، کە دژی ژن و ئازادی و سێکس و عەشقی ژنن.

بێگومـــان کێـشەی ژن لە سیـستەمی سـەرمایەداری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە کوردستاندا مەسەلەی گرنگ و پایەییە بۆ خستنەڕووی هەر نەخشە و پرۆژەیەک بۆ ئـاڵوگۆڕی شۆڕشـگێڕانە و پێـشکەوتنخوازانە. هەربـۆیە

ئەم کێشەیە لایەنی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری جۆراوجۆری هەیە کە پیویستی بە لێکدانەوەی زیاترە و پیویستیمان بە گەشەپێدانی ئەم زانستەیە بۆ ناسینی ئەو زەمینانەی کە دەزگای خێزانی تاک ژنومێردایەتی ئەمڕۆ ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لەبەر یەک هەڵدەوەشێنێ و شێوازی نوێی پەیوەندیە کۆمەڵاتیەکانی نێوان ژن و پیاو و مرۆڤەکان پێک دێنێ. بەڵام بەداخەوە چوارچیوەی ئەم نوسینەی ئێمە لەوە بەرتەسکتر بوو کە بتوانێ هەموو ئەو مەسەلانە بگرێتەخۆ . لێرەدا لە وەڵامدانەوە بە تێز و فکر و میتۆدی نازانستی و دواکەوتوانەی ژنۆلۆژیەوە هەوڵماندا کە تێڕوانین و سەلمێنراوە زانستیەکان سەبارەت بە بەشێک لەو مەسەلانە باس بکەین و بچینە سەر ڕەخنەگرتن لە فکر و کلتوری ناسیونالیزمی کورد سەبارەت بە کێشەی ژن.

هیوادارم چ ئێمە و چ ئازادیخوازان و یەکسانی خوازانی تر مافی تەواو بدەن بەم کێشە گەورەیەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردستاندا و هێزێکی فکری و سیاسی بێنینە مەیدان تا ئەم بەستەڵەکی دواکەوتوییە لە سەر فکر و کەلتور و مەیدانی بەشداری ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا لابەرین.

لەکۆتاییدا سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێ و ئازیزانەم دەکەم کە هانیان دام تاکو دەست بکەم بە کاری کتێب نوسین . بەتایبەت نیمای کورم و دڵشادی برام ،وە

گۆنای خۆشەویست کە چاوخشاندنەوە و گفتوگۆمان کرد سـەبارەت بە بەشـەکانی کتێـبەکە. هیـوادارم خـوێنەریش وەک یەکەم کاری نوسینی کتێبم سودی لێ ببینێت.

ئەم کتێـبەم پێـشکەش بە دایکـم و خوشـکەکانم دەکەم کە ئیلهـــامی میهرەبـــانی و ئینـــسانی بـــونی مـــرۆڤم لە پەروەردە و ژیـــــان لەگەڵیانـــــدا وەرگرتـــــوە و دوری خستومەتەوە لە کەلتوری پیاوسالاری باو.

## سەرچاوەکان:

١-ژنۆلۆژی- ئۆجەلان - ساڵی ٢٠١٢ - چاپی "ئەکادیمیای ژن"ی پەکەکە

٢-ئەنگلس، بنچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت ودەوڵەت – چاپی کوردی

٣- ئۆجەلان - کتێبی(خەڵک و ڕێبەری)

٤- سیمۆن دی بۆڤار-ڕەگەزی دووەم

-http://uberty. org/wp-content/uploads/2015/09/1949_simone-de-beauvoir-the-second-sex. pdf

٥- انجلس، ضد دوهرینغ

٦- کارل مارکس- سەرمایە- بەرگی یەک، بەشی ٤، فەسڵی ١٣-

٧- کۆلۆنتای، پەیوەندیە سێکسیەکان و خەباتی چینایەتی https://www. marxists. org/archive/kollonta/1921/sex-class-struggle. htm

٨- الشعب یرید-جلبیر الاشقر

٩- فاطمة المرنیسی- ماوراء الحجاب

10- A Vision for the Future http://www. ekrg. org/files/pdf/KRG_2020_last_english. pdf

١١- ئاسۆکمال-نەخشە ڕێگای بانکی جیهانی و ئەفسانەی گەشەی ئابوری کوردستان بۆ ٢٠٢٠

http://www. asokamal. com/index/?p=81

١٢-ئاسۆکمال- دوالیزمی خۆشەویستی
http://www. asokamal. com/index/?p=1518
١٣- ئاسۆکمال-پەکەکە و مەنهەجی خوێندن
http://www. asokamal. com/index/?p=591
١٤-فريدريک انجلز - أصل العائلة والملكية الخاصة والدولة
١٥-باهۆڤن، مافی دایک
https://www. cambridge. org/core/journals/religious-studies/article/bachofen-j-j-myth-religion-and-mother-right-selected-writings-of-bachofen-j-j-pp-lvii-309-routledge-kegan-paul-1967-42s/44A97695003440C49F95297F2A177007
١٦- ژنۆلۆژی-لە-خوێندنگاکانی-عەفرین-دەخوێنرێت
http://jamekurdi. com//news/. html
١٧- مارکس، کورتەی کتێبەکەی لویس مۆرگان
https://www. marxists. org/archive/marx/works/1884/origin-family/marx-conspectus. htm
18- https://ghr. nlm. nih. gov/primer/basics/howmanychromosomes
-19- The Native Races of the Pacific States of North America. Hubert Howe Bancroft
20-https://www. theguardian. com/science/2015/may/14/early-men-women-equal-scientists

Öcalan’s Gynophobia

A critique of “Jinology themes”

"ژنۆلـــۆژی" ژن بە بەڵا و ترســـێک دەزانـــێ بـــۆ بــزوتنەوەی چەکـداری پەکەکە، و ە خـۆی بە"زانـستی" جڵەوکردنـی فـشاری سێکـسی سـەر زهنیەتـی ژنـان و پێڕەوکردنی ژیانی راهیبێتی ژنان دەزانێ. ئەمە کلتوری ژنۆفۆبیـــای ئیـــسلام و کـــۆمەڵگەی خێڵەکـــی پـــێش سـەرمایەداریە، کە تائێستاش لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا هەموو بزوتنەوە ناسیونالیستی و ئیسلامیەکان زیندوو ڕایدەگرن.

ئــۆجەلان لە "ژنۆلــۆژی"دا، ژن بەرزدەکــاتەوە بــۆ ئاسمان بۆ پلەی خواوەند تـاکو مافەکانی وەک مـرۆڤ لەســـەر زەوی لـــێ بـــسەنێتەوە و خـــۆی و بـــزوتنەوە چەکـدارەکەی لەدەسـت بەڵای کێـشەی ژن و سـێکس و ئازادی ژن ڕزگاری بێت!

بە پــێچەوانەی ئەم دیــدگا نازانــستی و دینــی یەوە، تێکەڵاوبـونەی خۆشەویـستی و سـێکس کـردن بەیەکەوە نیشانەی گەشەکردنی پەیوەندیە ئینسانیەکانی نێوان ژن و پیــاوە. مێــژووی سـێکس و عەشـقیش پـێ بەپێـی ئەم قۆناغانەی شێوازە کۆمەڵایەتیەکانی پێکەوە بـونی ژن و پیاو گۆڕاوە و بەرەو پێش چوە. دوالیزمی خۆشەویستیی و تونـدوتیژی کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی کوردسـتاندا هەیە نیـشانمان دەدا کە چ گۆڕانێـک لە فەرهەنـگ و کەلتـوری کــۆمەڵگەدا بەرامــبەر ژنـــان پێوســـیتە تـــاکو هەســـت بەنزیکایەتی لە فەرهەنگێکی مرۆیی بکەین.

بە پشت بەستن بەو دەستکەوتە فکری و زانستیانەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تا ئیستا خراوەتەڕوو، دەتوانین بەشـــێوەیەکی زانـــستی پرۆســـەی گۆڕانکـــاریە کۆمەڵایەتیەکان و ناسینی مێژووی خێزان و ڕاستیەکانی پەیوەندی ژن و پیاو و سێکس و عەشقیان بناسین، وە وەڵامی ئەو فکر و تێزە داوکەوتوە دینی و خێڵەکیانە بدەینەوە کە لە فەرهەنگ و کەلتوری زاڵی کوردستاندا هەیە و "ژنۆلۆژی" نمونەیەکیەتی.

هەر بـــزوتنەوەیەک بەو ڕادەیەی ئـــازادی ژن لە پەیوەنـدی لەگەڵ پیـاودا لە مەرجە مـادی و دینیەکـان ڕزگاردەکا و بنەمای خۆشەویستی سێکسی بەمافێکی بێ مەرجی پێکەوە بونی مرۆڤەکان و نێوان ژن و پیاو دەزانێ، بەو ڕادەیە شۆڕشگێڕبونێتی خۆی دەسەلمێنێ بەرامبەر بەو سیستەمەی ژن بەپێی گرێبەستی مادی و دینی کۆیلە و ژێردەستەی پیاو دەکا.

«ژنـــۆلـــۆژی» ژن بـه بــەڵا و ترسێک دەزانـــێ بۆ بزوتنەوەی چـەکداری پەکەکە، و ە خۆی بە»زانستی» جڵەوکردنی فشاری سێکسی سەر زهنیەتی ژنـان و پێڕەوکردنی ژیانی راهیبێتی ژنان دەزانــێ. ئەمە کلتوری ژنۆفۆبیای ئیسلام و کۆمەڵگەی خێڵەکی پێش سەرمایەداریە، کە تائێستاش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەموو بزوتنەوە ناسیونالیستی و ئیسلامیەکان زیندوو ڕایدەگرن.

ئۆجەلان لە «ژنۆلۆژی»دا، ژن بەرزدەکاتەوە بۆ ئاسمان بۆ پلەی خواوەند تاکو مافەکانی وەک مرۆڤ لەسەر زەوی لێ بسەنێتەوە و خۆی و بزوتنەوە چەکدارەکەی لەدەست بەڵای کێشەی ژن و سێکس و ئازادی ژن ڕزگاری بێت!

بە پێچەوانەی ئەم دیدگا نازانستی و دینی یەوە، تێکەڵاوبونی خۆشەویستی و سێکس کردن نیشانەی گەشەکردنی پەیوەندیە ئینسانیەکانی نێوان ژن و پیاوە.

مێژووی سێکس و عەشقیش پێ بەپێی ئەم قۆناغانەی شێوازە کۆمەڵایەتیەکانی پێکەوە بونی ژن و پیاو گۆڕاوە و بەرەو پێش چوە. دوالیزمی خۆشەویستیی و توندوتیژی کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیە نیشانمان دەدا کە چ گۆڕانێک لە فەرهەنگ و کەلتوری کۆمەڵگەدا بەرامبەر ژنان پێویستە تاکو هەست بەنزیکایەتی لە فەرهەنگێکی مرۆیی بکەین.



**Aso Kamal**

**Jnofobyaî Ocelan**

Rexne le «têzekanî jnolojî» sebaret be meseley jn û sêks û azadî

2018